# هەڤپەیڤین لەتەک

# (شێخ ڕەزای تاڵەبانیی) !

ئامادەکردنی: هاوڕێ گەلیی ٢٠١٤ م

گەدایی: جەنابت ساڵی چەند لەدایکبوویت؟ چوونکە بۆمان یەکلایی نەبووەتەوە، بۆ نموونە بەڕێز (مستەفا نەریمان) لە نووسینێکیدا ماوەی ژیانی ئێوەی بە دوو شێوە تۆمار کردووە: سەرەتا نووسیویەتی (١٨٣٥-١٩٠٩م) و دواتر هەر بەخۆی نووسیویەتی: ئەوی جێی مشتومڕ نییە؛ ئەوەیە کە شێخ ڕەزا (١٨٣٧-١٩١٠م) ژیاوە *١*یان (حەمەی حەمەباقی) ساڵی تەمەنی ئێوەی بە (١٨٣٥-١٩٠٩م) داناوە *٢* زۆر کەسی دیکەش ساڵی لەدایکبوونی ئێوەیان بە (١٨٣١م) داناوە، تەنانەت پەیکەرێکیان بۆ کردوویت و ساڵی لەدایکبوونتیان بە (١٨٣١م) لەسەری نووسیوە؟

شێخ ڕەزا: هەروەکوو لە شیعرێکدا پێم وتوون:

(( کە عەبدوڵڵا پاشا؛ لەشکری والی سنەی شڕ کرد
(ڕەزا) ئەو وەقتە؛ عومری پێنج، شەش طیفلی دەبستان بوو )) *٣*

(عەبدوڵڵا پاشای بابان) ساڵی (١٢٥٩)ی هیجریی چووە سەر تەختی دەسەڵاتی بەبان.
ساڵی(١٢٥٨)ی هیجرییش واتە ساڵێک پێش ئەوەی بە ڕەسمیی ببێت بە میری بابان لەگەڵ والی سنەدا لە شاری (مەریوان) بەشەڕ هاتووە *٤* . جا بەوەی ئێوە زۆر لە ساڵی هیجریی نازانن؛ پێت بڵێم؛ ئەم ساڵی(١٢٥٨)ی هیجرییە بەرانبەرە بە ساڵی(١٨٤٢)ی مەسیحیی. وەکوو وتوومە؛ لەو ساڵەدا تەمەنم (٥-٦) ساڵان بووە، واتە لە ناوان(١٨٣٦-١٨٣٧م) لەدایک بووم...
جا ڕەنگە نەزانیت، میری ئەردەڵان، پێیان ئەوترا والی سنە. والی ئەوکاتی سنەش (ڕەزا قولی خان)ی کوڕی (خوسرەوخانی ناکام)ی میری ئەردەڵان بوو، (خوسرەوخان) ساڵی (١٢٥٠)ی هیجریی بە نەخۆشینی جگەر، سەری نایەوە و کوڕەکەی جێی گرتەوە*٥*
..........................................................

گەدایی: لە هەندێک دیوانی ئامادەکراوی تۆدا، جەنابتان شیعرێکتان هەیە کە باسی کوڕێکی بوڵگاریی(بولغار) دەکات. پاشان لە کۆتایی شیعرەکەدا باسی (ئەحمەد پاشا)ی بابانە و ئامادەکارانی دیوانی بەڕێزتان دەڵێن؛ (شێخ ڕەزا) ئەم شیعرەی ئەوکات وتووە، کە لە ئەستەمبووڵ بووە و ویستوویەتی بەو شیعرە، (ئەحمەد پاشا) تووڕە بکات، کە گوایە داوای پارەتان لە (ئەحمەد پاشا) کردووە بۆ کاری نێربازیی؟ هەندێکی دیکەش پێیان وایە، ئەوانە دوو شتی جوداوازن و دوو شیعری جودان و پێوەندییان بەیەکەوە نییە و بەجیا دایان ناون. ئایا دوو شیعری جوێن یان هەر یەک شیعرە؟ چوونکە قافیەکانیان هەر یەک شتە و ناتوانین بەتەواویی بڕیاری لەسەر بدەین؟

شێخ ڕەزا: ئەوی بەسەریەکەوە نووسیبێتی؛ کەوتووەتە هەڵەوە . چونکە ئەوانە؛ دوو شیعری جیاواز و دوو بابەتی جیاوازن . یەکیان باسی فشقیات و ڕابواردنە و ئەوی دیکەیان باسی (ئەحمەد پاشا)ی پایەبەرز و سەردارە، چۆن ئەکرێت؛ ئەو دوو بابەتە تێکەڵ بکەن ؟! من کە ئەو هەموو پەسنەی (ئەحمەد پاشا)م دابێت و ڕێزم لێنابێت؛ چۆن ئەکرێت؛ پەسنی وەها پایەدارێک؛ تێکەڵ بەو وشە سووکانە بکەم ؟! من کە بەرانبەر (ئەحمەد پاشا) وتوومە:

(( یەعنی هەمنامی نەبی، حەزرەتی ئەحمەد پاشا

فەخری دین، بەحری کەرەم، کانی حەیا، کۆهی ویقار )) *٦*؟

..................................................

گەدایی: هەرچەندە شتێکی ئەوتۆ لە بابەتەکە ناگۆڕێت؛ بەڵام ئەو دێڕە؛ لە دیوانەکانتدا؛ بەم جۆرە هاتووە:

(( یەعنی هەمنـامـی نـەبی، حـەزرەتی ئـەحمـەد پـاشـا

فەخری دین، کانی حەیا، بەحری کەرەم، کۆهی ویقار )) *٧*

شێخ ڕەزا: پاشو پێشخستنی ئەو دوو کەلیمەیە؛ زۆر لە مەسەلەکە ئەگۆڕێت! چوونکە لەو نیوەدێڕەدا؛ شتێکم حەشارداوە؛ کە ئەگەر وشەکانی تێدا پاشو پێش بخرێن؛ ئەوا جەوهەری خۆی لەدەست ئەدات...لەو نیوەدێڕەدا؛ ناوی (ئەحمەد-احمد)م بە شێوەی موعەمما؛ جێ کردووەتەوە .

وشەکانی (دین و کەرەم و حەیا و ویقار)؛ وشەی (احمد) پێک ئەهێنن .

لە وشەی (دین)دا چیی پیتێک؛ فەخری پێ براوە و لە پێش هەمووانەوەیە ؟ (د)

لە (کەرەم)دا؛ چیی پیتێک کەوتووەتە قوڵایی دەریای وشەکەوە ؟ (م)

وشەی (حەیا)؛ لە چیی پیتێکەوە دەستی پێکردووە و چیی پیتێک لە سەرچاوگەکەیە ؟ (ح)

لە (ویقار)دا؛ چیی پیتێک لە هەموویان بەرزترە و وەک (کێو) دیارە؟ (ا)

ئەگەر واژووانە؛ بیاندەیتە پاڵ یەک؛ دەبێتە (احمد)! بە مانایەکی تر واتە، نێوی (احمد) لەو وشانەوە هاتووە و حەرفەکانی کورتکراوەی ئەو وشانەن.

..................................................

گەدایی: قسەکەی جەنابتان ڕاستە، بەوەیدا دەزانم کە ئەو دێرە لەلای (حوسێن حوزنی موکریانیی)؛ بەمجۆرە هاتووە:

(( یەعنی هەمنـامـی نـەبی، حـەزرەتی ئـەحمـەد پـاشـا

فەخری دین، کانی کەرەم ، بەحری حەیا، کۆهی ویقار )) **٨*

دێرە شیعرەکە لای ئەویش پاشوپێش خراوە و دیارە ئەوانی دیکەش وشەکانی شیعرەکەیان پاشوپێش خستووە.

باشە، با لەبارەی خوێندنتەوە بپرسم، ئایا ڕاستە (کەساس جەباریی) دەڵێت: لەلای (حاجی مەلا عەبدوڵڵای سەید حیلمی زادە ) خوێندووەتە *٩* ؟

شێخ ڕەزا: ناوی مامۆستاکەمی چاک شێواندووە! بزانە ناوی ( حاجی سەعید ئەفەندی حیلمی زادە)ی چیی لێ کردووە ؟!

.......................................................................

گەدایی: بەڕێز (هێمن ئیبراهیم ئەحمەد) نووسیویەتی: لە کۆیە؛ لەکن (مەلا محەمەدی بڵاخ) خوێندووتانە *١٠* ؟

شێخ رەزا: ئەو قسەیە؛ هێندە شەل و سەقەتە؛ کە ناتوانێت بە خۆی بەڕێدا بڕوات و بە کۆڵی کەر ئەگەڕێت! چوونکە یەکەم: ناوی مەلاکە؛ مەلاحەمیدە، نەک مەلا محەمەد...دووەم: لە کەرکووک لەلای خوێندوومە، نەک لە کۆیە، چونکە مەلاحەمید هەر بەخۆی خەڵکی کەرکووک بوو، سێیەم : (مەلاحەمیدی بڵاغ)ە، نەک (بڵاخ)...(بڵاغ) گەڕەکێکی شاری کەرکووکە و واتای (کارێز) ئەدات، چونکە چەند کارێزێک هەبوو لەو گەڕەکەدا... بەمجۆرە؛ ڕاستە، خۆم و (شێخ قادر)ی براشم؛ لای (مەلا حەمیدی بڵاغ) خوێندوومانە!

.......................................................................

گەدایی: بەڕێز (عەلادین سوجادیی)؛ نووسیویە: بۆ خوێندن چوونەتە لای حاجی عەبدوڵڵای جەلیزادە *١١* ؟

شێخ رەزا: نەخێر، وا نییە، چونکە لەگەڵ (حاجی عەبدوڵڵا)دا هاوکوف و هاوتەمەن بووین ئیدی چۆن ئەکرێ لەلای ئەو بخوێنم؟! ئەگەر ئەو نەوەی کەسێکی ناسراو بوو بێت؛ ئەوا منیش بە هەمان تەر؛ ئەگەر عیلمی من لەو زێتر نەبوو بێت؛ لەو کەمتر نەبووە . ئیدی چۆن من لە کن ئەو ئەخوێنم !؟

.......................................................................

گەدایی: ئەی دەوترێت؛ (حاجی قادری کۆیی)؛ لای (حاجی عەبدوڵڵا) خوێندوویە *١٢* ؟

شێخ رەزا: ئەوە هەڵەیەکی گەورەترە، چونکە (حاجی قادر)؛ لە (حاجی عەبدوڵڵا) گەلێک گەورەتر و بەتەمەنتر بووە !

.......................................................................

گەدایی: یا شێخ ، بەڕێز (مەسعوود محەمەد) شتێکی دی دەڵێت؛ کە (حاجی عەبدوڵڵای جەلیزادە) و جەنابت و (حاجی قادری کۆیی)؛ لەلای (مەلا ئەسعەدی جەلیی)؛ باوکی (حاجی عەبدوڵڵا) خوێندووتانە، بەڵام (کەیفیی)ی شاعیر؛ لای (حاجی عەبدوڵڵا) خوێندوویەتی و (حاجی مەلا عەبدوڵڵا) مامۆستای (کەیفیی) بووە...هەروەها دەڵێت: (( بە لامەوە ناشێت؛ (کەیفیی) لەو ساڵەدا هاتبێتە دنیاوە؛ کە بۆی دیارییکراوە، ئەگینا نەدەبووە فەقێ لای (حاجی عەبدوڵا) )) *١٣*

شێخ ڕەزا: ئەوە سەر لەخۆ تێکدانە! ڕاستە، ساڵی لەدایکبوونی (کەیفیی) بە تەواوی نازانن؛ بەڵام ئەوە ڕوونە؛ کە (کەیفیی)؛ زۆر لە (حاجی عەبدوڵلا) گەورەتر بووە، هەڵەکەش لە گەورەیی تەمەنی (کەیفیی)دا نییە؛ بەڵکوو هەڵەکە لەوەدایە کە وا ئەزانن؛ کە (کەیفیی) لای (حاجی عەبدوڵلا) خوێندوویە . چونکە (کەیفیی)؛ لە من و لە (حاجی عەبدوڵلا)ش گەورەتر بووە..ئیدی چۆن ئەکرێت لەلای ئەو خوێندبێتی؛ کە ئەو لە تەمەندا لەم بچوکتر بووە! ڕاستە (حاجی عەبدوڵلا)؛ بە فەقێیەتیی دەرسی ئەوتەوە، بەڵام دەرسی بە منداڵان ئەوتەوە، بەڵکوو هەر چوارمان (کەیفیی و حاجی قادر و حاجی عەبدوڵلا و من ) لای حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی شاگرد بووین، هەموومان لە یەک ژووردا بووین، هەموومان شیعرپەروەر بووین و سەرمان دابووە شیعر، بەتایبەت دەستمان دابووە شیعر وتن بەسەر یەکتردا... تا ئەوەی؛ بووین بە تاقم و فیرقە و بە من و (حاجی عەبدوڵلا)؛ سەرمان کردە سەر (کەیفیی) و تا ئەوەی سیواییمان لەیەک هاتەوە و پەلی کێشا بۆ ناخۆشیی و عاجزیی و دانوومان پێکەوە نەکوڵا

...........................................................

گەدایی: (د. مارف خەزنەدار)یش؛ نووسیویە: (( (کەیفیی)، لە دەورووبەری (١٨٦٣م) ڕووی کردووەتە کۆیە، لای (مەلا عەبدوڵلای جەلی) خوێندوویەتی *١٤* ؟

شێخ ڕەزا: نا... ئەوە قسەیەکی بێمانایە . چونکە ساڵی (١٨٦٣م)؛ کەیفیی، تەمەنی (٤٩) ساڵ بووە، چ کەسێک بە تەمەنێکی (٤٩) ساڵیی و نیوقەڕنییەوە؛ لای کوڕێک کە (٢٠)ساڵ؛ لە خۆی گچکەترە؛ تازە بە تازە؛ بەو تەمەنەوە ئەبێت بە فەقێ لەلای ؟!

...........................................................

گەدایی: ئەی لەو نێوانەدا؛ (حاجی قادر) چیی ؟

شێخ ڕەزا: (حاجی قادر) لەو بەینەدا؛ بێلایەن مایەوە، پشتگیریی کەسمانی نەکرد و دڵی هەموومانیشی ڕاگرت و تا کۆتایی تەمەنیش؛ وەک هاوڕیی دڵسۆز بۆ هەردوولامان مایەوە .

...........................................................

گەدایی: هەموو سەرچاوەکانمان؛ یەک شت دوویات دەکەنەوە؛ سەبارەت بە تەمەنی (٢٥) ساڵیی تۆ؛ بۆ وێنە؛ من نموونەیەکتان بۆ وەردەگرم:
بەڕێز(عەلی خورشید) دەڵێت: (( (شێخ ڕەزا)، ساڵی (١٨٣٥م) لەدایکبووە و لە تەمەنی (٢٥) ساڵییدا؛ خۆی بە خوێندنی عیلمی عەرەبیی و ئەدەبیاتی فارسییەوە خەریک کردووە و پاشان دەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی وڵاتانگەڕیی و لە ساڵی (١٨٦٠م)دا بە حەڵەبدا چووە بۆ ئەستەمبووڵ ))
*١٥*

شێخ ڕەزا: ئەو قسانە؛ هەموو هەڵەن و بێ بیرلێکردنەوە و تاووتوێی ئەقڵ؛ وتراون ! ئەصڵەن من لە دوای ساڵی (١٨٣٥م) لەدایکبووم، وەک لە پێشتردا پێموتیت...بەڵام گریمان با قسەی ئەو بەڕێزە بێت و من لە (١٨٣٥م) لەدایکبوو بێتم و لە (٢٥) ساڵییدا؛ دەستم دابێتە خوێندنەوەی چیی و چیی....

ئەی نازانن؛ تەمەنی (٢٥) ساڵیی من؛ بەپێی ئەو ساڵی لەدایکبوونە؛ ئەکاتە ساڵی (١٨٦٠) ؟! دەی هەر خۆیشی وتوویە؛ ساڵی (١٨٦٠م) بە حەڵەبدا چووە بۆ ئەستانە... ئەی مەگەر بەڕێگاوە؛ شتم خوێندبێتەوە! ئەوجار ئەوەت پێبڵێم، ئێمە هەر لە منداڵییەوە؛ بەشێکی خوێندنمان لەسەر ئەدەبیاتی فارسیی و عیلمی عەرەبیی بووە؛ نەک لە (٢٥) ساڵییدا... ئەوەشت پێ بڵێم؛ ئەهلی کەرکووک؛ ئەوانەشی کە سەوادیان نەبووە؛ لە سەردەمی ئێمەدا؛ تیای نەبووە کە لە دوو زمان کەمتر بزانێت، چ جای ئەوەی کە من کوڕی کەسایەتییەکی هەرە نێودار و پێشەنگی کەرکووک بووم ، کە هەر لە منداڵییەوە فێری زمانەکانی (تورکیی و عەرەبیی و فارسیی) بووم.

.................................................

گەدایی: جەنابت؛ ساڵی چەند لە تورکیا؛ کە (ئەحمەد پاشای بابان)ت بینی ؟

شێخ ڕەزا: ساڵی (١٨٦٦م) بوو، کە بۆ دووەمجار چوومە ئەستەمبووڵ....

.................................................

گەدایی: ئەدی پێش ئەوە؛ (ئەحمەد پاشا) هەر لە تورکیا بوو یان نا ؟

شێخ ڕەزا: (ئەحمەد پاشا) ساڵی (١٨٥٣م) لە (پاریس)ی پایەختی فەڕەنگستان بووە، هەر لەوێ یارمەتیی (خۆدزکۆ)ی داوە و پێکەوە کاریان لەسەرقەواعیدی کوردیی (ڕێزمانی کوردیی) کردووە، تا کۆتاییەکانی ساڵی(١٨٥٤م) پێکەوە کاریان کردووە، دواتر؛ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بانگکرایەوە بۆ ئەستەمبوڵ، ساڵی (١٨٥٥م) ئەگاتەوە وڵاتی ڕۆم (تورکیا) *١٦* لەوێوە فەرمانی پێدرا و کردیان بە بەگلەربەگی یەمەن، ساڵی (١٢٧٢-١٢٨٠)ی هیجریی بەرانبەر بە (١٨٥٥-١٨٦٣/١٨٦٤)ی مەسیحیی؛ لە یەمەن بووە، دوای ئەوە؛ ئەگەڕێتەوە ئەستانە، وەلحاصڵ کە من چوومە ئەستانە؛ هەمووی ساڵێک بوو؛ لە یەمەن گەڕابووەوە . *١٧*

.................................................

گەدایی: دەمەوێت بپرسم؛ ئایا بیروبۆچوونی تۆ و (حاجی قادری کۆیی)؛ یەکانگیر بووە یان دژیەک؟

شێخ ڕەزا: ڕاستە من و( حاجی قادری کۆ)؛ هەردوومان عاشقی دنیای شیعر بووین، لێ ئەو سەری دابووە شیعری کوردایەتیی ، جارجارە قسەی ڕووهەڵماڵراو لە شیعرەکانیدا بەدی ئەکرێت، لێ بەشێوەیەکی گشتیی؛ حەزی لە شیعری ڕووهەڵماڵراو نەبوو . لە سەردەمی تازە ئەزموون پەیداکردنی شیعردا؛ چەند شیعرێکی ڕووهەڵماڵراوی نووسی، بەڵام دوایی وازی لێهێنا . ئەو بە

منی ئەوت؛ بەسە واز لە شیعری ڕووهەڵماڵراو بێنە و ئیدی ئەو شیعرانە لە تام دەرچوون و پێویستە شیعر بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت و مەلا و وشکە سۆفییەکان بڵێیت، هەروەها (حاجی قادر) لەگەڵ (ڕەخنە)دا بوو، بەڵام ڕەخنەیەک؛ کە ڕووهەڵماڵراو نەبێت و بێ دەرپێ و زەق و لە بنی کوولەکەکەی نەدابێ، بەڵام ئەگەر ڕۆحی سوعبەتی تێدا بێت؛ قەیناکا.....

(حاجی قادر)، ڕووی دەم و قسەی لە منە کە ئەڵێت:

(( حەیفە بۆ مەردی ساحێبی تەمیز
هێندە باسی مەکانی پیسیی و میز )) *١٨*

واتە؛ بەسە واز لەو جۆرە شیعرانە بێنە .

بەڵام ئەو بە ڕێی خۆی و منیش بە ڕێی خۆم . چونکە بە ڕای من؛ ئەو وشکە سۆفییانەی کە (حاجی قادر) ئەیڵێت؛ ئەگەر بە کوتەکە شیعرییەکانی من؛ نەهێنرابانە سەر ڕێی ڕاست؛ ئەوا بە قسەی نەرمونیان و جار جارە سەرکۆنەی (حاجی قادر)؛ سڵ و کۆمەیان نەئەکردەوە...وەک پێشینان وتوویانە: (( قسەی لووس هەسانی کێرە ! ))ئەوجار وتوویشیانە: (( کوتەک، لە بەهەشتەوە هاتووە ! ))

ئەوجار شیعری منیش؛ هەر لە خزمەتی میللەت و کۆمەڵگەدا بووە، بۆ نا ؟ دەوڵەت و دەسەڵاتداران؛ هەر هەڵەیەکیان کرد بێت و پێیان لە بەرە ڕاکێشا بێ؛ بە زەبری شیعر؛ سەریانم پێ کردوونەتەوە قاپیلکی خۆیان و قاچیانم پێ هەڵکێشاونەتەوە.......

لە ڕاستییدا؛ بۆچوونی من و (حاجی قادری کۆ)؛ لەبارەی (ڕەخنە)ەوە؛ جیاواز بووە، چونکە من کە خۆم ڕەخنەم گرتووە و هەجووی خەڵکم کردووە؛ ئەوا بە دڵێکی فراوانیشەوە ڕەخنە و هەجووم لە خەڵک قبووڵ کردووە، هەم خۆم حەزم لە ڕەخنەگرتن بووە؛ هەم لەوەیش نەپرینگاومەتەوە کە ڕەخنەم لێ بگیرێت . هەر بۆیە وتوومە:

(( بە دڵێکی فراوان؛ وەرە حاسڵ کە قەناعەت
لای ئەهلی ئەدەب؛ ڕەخنە، وەکوو غەمزەیی چاوە )) *١٩*

بەڵام (حاجی قادری کۆیی)؛ ڕەخنەگرتنی تەنێ بۆ خۆی بە ڕەوا ئەبینی و بە کەسی دیکەی ڕەوا نەئەدا، (حاجی)، خۆی بە کەسێکی لە سەروو ڕەخنەوە دائەنا، (حاجی) هەر بە تەبیعەت؛ بەخۆی کەسێکی هەست ناسک بوو، قسەی دژ بەخۆی پێ قووت نەئەچوو و لە دڵیا ئەمایەوە، (حاجی قادر)، ئەڵێت؛ کەس بۆی نییە ڕەخنەی لێ بگرێت، هەرچەند بەرهەمەکەشی نابووت و خراپ بێت . هەروەها ئەو کەسانەش کە ڕەخنەی لێ ئەگرن؛ بە (حەسوود و ناشی) لە قەڵەمیان ئەدات، هەرچەندە لە خۆیشی سەرووتر بن.

(حاجی) ئەڵێت:

(( ئەوی حەسوود و جەهولن؛ لەئیم و ڕەخنەگرن
لە عەیب و ڕەخنەیی عالیم؛ بەریی دەبن ئودەبا
ئەمانە زادەیی ئەفکار و خۆشەویستی منن
ئەگەر قەبیح و کەریهن، ئەگەر شەل و ئەعما )) *٢٠*

بەڵام ئەگەر سەیر بکەین؛ (نالیی)، لەبارەی ڕەخنەوە؛ ئەڵێت؛ ڕازییە کە ڕەخنە لە هۆنراوەکانی بگیرێت، بەڵام ڕەخنەیەک بێت؛ بەڵگەی لەتەک بێ، نەک بیانووپێگرتن و ماشەڕایی بێت و لەخۆڕا ڕەخنەی لێی بدرێت، (نالیی) ئەڵێت:

(( لە جگەرگۆشەیی شیعرم؛ مەدە مەعنایی خراپ
بێ خەتا؛ کەس نییە ڕازی بێت کە لە ئەولادی درێ )) *٢١*

.........................................................

گەدایی: ئەی باشە، (حاجی قادری کۆیی) لە ڕووی شاعیرێتییەوە؛ چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟

شێخ ڕەزا: (حاجی قادر)، شاعیرێکی بەتوانا و کارامە بوو فیکری شیعری زۆر بەهێز بوو، توانای وشەکاریی زۆری هەبوو، بەڵام زۆر خۆی لە قەرە نەداوە لەبەر خاتری مانا ..لە ڕووی شیعری کوردایەتییەوە؛ لە سەردەمی خۆیدا تاک بوو، حاجی قادری کۆیی، ماوەیەک لەلای (ئیبن ئادەم) دەرسی خوێندووە، ئەویش لە سەردەمی پیریی (ئیبن ئادەم)دا . (ئیبن ئادەم) سیانزەساڵێک بەر لە مردنی؛ لە باڵەکایەتیی بووە.
(ئیبن ئادەم) کاریگەریی زۆری لەسەر (حاجی قادری کۆ) داناوە لە ڕووی نیشتمانپەروەریی و خۆشویستنی زمانی کوردیی و خزمەت کردن بە کورد و کوردستان.
(ئیبن ئادەم)، بەو کەسانەی کە زمان و خاکی خۆیان بە کەم ئەزانن و فەرامۆشی ئەکەن و خزمەتی بێگانە ئەکەن؛ ئەڵێت: (( ئەوانە لە توێکڵی خۆیان هاتوونەتە دەر و پێی ڕازی نین )) *٢٢*
هەر قسەی ئەم مامۆستایەیە؛ کە ئیلهامی ئەم شیعرەی بە حاجی قادر بەخشیوە و ئەڵێت: ئەوانەی خزمەت بە بێگانە ئەکەن، وەک مریشکێکن؛ کە لەسەر هێلکەی مراوی کڕ کەوتبن:

(( وەک مریشکێ؛ کە عەقڵی نەیهێنێ
بێت و هێلکەی مراوی هەڵبێنێ

هەر بگاتە کەناری جۆگەلەیەک
نایەتە شوێنی بمرێ؛ جووجەڵەیەک
جێی ئەمێ وشکە، جێی ئەوێ ئاوە
تێ دەگا؛ قووندڕانی پێ ماوە )) *٢٣*

هەروەها حاجی قادر خۆی لە شیعر و بیری (ئەحمەدی خانی) قاڵ کردبوو، (ئەحمەدی خانی)یش لە ڕووی هەستی کوردایەتییەوە کاریگەری زۆری لەسەر (حاجی قادر) هەبوو، وەک (حاجی قادر)یش ئەڵێت: لەناو کورددا بێ لە خۆی و (ئەحمەدی خانی) کەسی تر نەکەوتووەتە سەر شیعری کوردایەتی:

(( لە کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی
ئەساسی نەزمی کوردیی دانەناوە )) *٢٤*

.................................................................

گەدایی: وەک بزانم؛ تۆ و (حاجی قادری کۆیی) کاریگەریی شیعرییتان لەسەر یەکدی هەبووە، بۆ وێنە؛ (حاجی قادر) لە دێڕی دووەمی چوارینەیەکدا؛ دەڵێت:
(( عالەمێکم دی نەخۆش و یەک کەسی ساغم نەدی
دوور لە مەردانی خودا؛ غەیری قوڕمساغم نەدی )) *٢٥*
جەنابیشت؛ لە شیعرێکدا دەڵێیت:
(( ساغ لە دنیادا نەماوە؛ گەر قسەی ساغت ئەوێ
بێ هەزارت پێ نیشاندەم؛ گەر قوڕمساغت ئەوێ )) *٢٦*
جا من نازانم؛ کامتان لە کامتانی وەرگرتووە، یان کامتان لە دوای ئەوی دی وتوویەتی ؟

شێخ ڕەزا: ڕاستە کە من و (حاجی قادر)؛ کاریگەرییمان لەسەر یەکدی هەبووە، بەڵام ئەو شیعرەی کە وتت؛ گوایە هینی (حاجی قادری کۆیی)ە؛ هینی ئەو نییە . بەڵکوو ئەو چوارینەیە؛ هینی (سەید ڕەشید)ە، شیعرەکەی (سەید ڕەشید)؛ لە ڕاستییدا؛ بەمشێوەیە:

(( چوومە جەرگەی ئەهلی دڵ؛ جەرگێکی بێ داغم نەدی
نـاڵـەیـی بـولـبـول لە بـاغـا؛ بـێ قـڕەی زاغـم نــەدی
عـالـەمێـکـم دی بــە نـاسـاغـیـی؛ یـەکـی ســاغـم نــەدی
دوور لە مەردانـی خـودا؛ غـەیـری قـوڕمـسـاغـم نــەدی )) *٢٧*

ئەشتوانیت؛ بڵێیت؛ کە شیعرەکەی من؛ پشتڕاستکردنەوەی قسە یان شیعرەکەی (سەید ڕەشید)ە ، واتە شیعرەکەی من لە دوای شیعرەکەی ئەو هاتووە!
بەڵام بەدر لەمە؛ من (٢٤) ساڵ لە (سەید ڕەشید) گەورەترم و ئەزموونێکم پێش ئەو بەرێکردووە و ئەتوانم بڵێم؛ کاریگەریی زۆرم لە سەری هەبووە و بە یەکێک لە شوێنپێهەڵگرە سەرکەوتووەکانی خۆمی ئەزانم، چونکە لە ڕووی ژیان و بیرکردنەوەوە لە خۆمی ئەکرد

.........................................................

گەدایی: بەڵام قوربان ! ئەو چوارینەیە؛ لە دیوانی (حاجی قادری کۆیی)دا هاتووە؟ چۆن دڵنیامان دەکەیتەوە؛ کە هینی (حاجی قادری کۆیی) نییە ؟!

شێخ ڕەزا: شتێکت پێ ئەڵێم؛ کە تیایا دڵنیایی ئەدۆزیتەوە...ئەو چوارینەیەی (سەید ڕەشید)کە باسمانکرد؛ (ئەدەب)ی شاعیر؛ تەعلیقی لەسەر داوە و ناوی (سەید)یشی هێناوە، کە ئەڵێت:

(( ئـەهـلـی دڵ؛ دڵ داغــدارن، بۆیە بێداغت نەدی
بـولـبـولـی ئــەو باغە نی تۆ؛ بۆیە بێزاغت نەدی
تۆ، میزاجی خۆت نەساغە، پێت نەزانیوە (سەید)
بـۆیـە لــەو دنیایەدا؛ غەیری قوڕمساغت نەدی )) *٢٨*

.........................................................

گەدایی: ئەو (سەید ڕەشید)ە کێیە و خەڵکی کوێیە ؟ ئەگەر بکرێت زانیارییەکمان بدەنێ لەبارەیانەوە ؟

شێخ ڕەزا: سەیدڕەشید، کوڕی سەیدحەسەنی کوڕی سەید عەلییە . خەڵکی (دووئاوان)ی ناوچەی (شنۆ) بوو، ساڵانی (١٨٦١ -١٩٣٦م) ژیاوە، سەر بە ڕێبازی نەقشبەندیی بووە و شاعیرێکی کارامە بووە، بەڵام زۆر خووی نەداوەتە شیعر وتن بەهۆی تەمەسوکی بە ڕێبازەکەیەوە، لە شیعریشدا؛ ڕۆحی گاڵتەگەپی هەبووە و کابرایەکی قسە لەڕوو بووە و لە شیعرەکانیدا؛ چەند جار ڕەخنە و هەجووی نووسیوە . نموونەیەکی بچووکی هەجووی ئەوت بۆ ئەهێنمەوە؛ کە (فەقێ ڕەشیدی یالاوەیی)؛ بێ ئەمری (سەید ڕەشید)ی کردووە؛ ئەمیش بەمجۆرەی هەجوو کردووە:
(( ئەو سەرزلە؛ حیزەی؛ کە موسـەمـمـا بـە ڕەشیدە

بیگرە، لە ڕەشی نێ و لە ڕەشی بە و لە ڕەشی دە )) *٢٩*

........................................................................

گەدایی: هەر زۆر سەیرە ! ئەم شیعرەی دواییان، کە دەڵێیت هینی (سەید ڕەشید)ە، لە دیوانی تۆدا دانراوە و بە هینی تۆیان ئەژمار کردووە ؟! ئەوەتا (شوکور مستەفا) لە دیوانی تۆدا؛ کە ئەو ئامادەی کردووە؛ بەم جۆرە شیعرەکەی تۆمار کردووە:

(( ئەم قنگە زلـە حیزە؛ کـە موسەمما بە ڕەشیدە

بیگرە لە ڕەشی نێ و لە ڕەشی بە لە ڕەشی دە )) *٣٠*

شێخ ڕەزا: ئەو کەسانەی کە لەخۆوە شت لەسەر من ئەڵێن و هەر لەخۆوە قسە هەڵئەبەستن و لەخۆوە زانیاریی لەسەر من ئەدەن؛ تەنیا ئەوەندەیان پێ ئەڵێم:

(( حیزێ؛ کە ئەگەر قسە ببەستێ بە (ڕەزا)وە

بێشک بە حەڵاڵیی؛ لە کوزی دایکی نەزاوە )) *٣١*

........................................................................

گەدایی: بەڕێز (عەبدولڕەزاق بیمار) پێی وایە؛ (حاجی قادری کۆیی) لەتاو کەس هەڵنەهاتووە، وەک دەڵێت: (( لەبەر قسەی شێخی لادێییەکی وەک ماویلان نەڕۆیشتووە، بەڵکوو ئاوات و ئارەزووی زانین و ئاگاداربوونی پاڵی پێوەناوە بچێتە ئەو ئەستەمبوڵە؛ کە زۆر کەس خەونی پێوە دەدیت )) *٣٢*

جەنابت چیی دەڵێیت ؟

شێخ ڕەزا: ئەو کابرا؛ (شێخ نەبی ماویلیی) زۆر بە بچووک و کەم نێو هێناوە ! (شێخ نەبی)، هەر تەنێ شێخی لادێیەک نەبووە؛ بەڵکوو شێخی تەریقەت بووە و لە سەر دەستی (شێخ عوسمانی تەوێڵە) ئیجازەی تەریقەت دادانی وەرگرتووە و (شێخ عوسمان) بە دەستی خۆی بۆی نووسیوە: ((ان ملا نبی کامل فی نفسە، مکمل لغیرە)) واتە: (مەلا نەبی)، پێگەیشتووە و ئەتوانێ خەڵکیش پێبگەیەنێ، واتە دەست ئەدات ببێتە پیری تەریقەت . جا (مەلا نەبی) دوای ئیجازەوەرگرتنی؛ کە گەڕایەوە بۆ کۆیە؛ لە ناو شاری کۆیە؛ خانەقای بە نێوی خۆیەوە دانا، بە نێوی (خانەقای شێخ نەبی) کە نزیک مزگەوتی منارە بنیاتی نا *٣٣* و لە هەموو لایەکەوە مورید لێی گرد بوونەوە ، ژمارەی موریدانیشی گەیبووە چەندان هەزار کەس *٣٤* و چەندان ژنیشی هێنا بوو، واتە کەسێکی دارا و خاوەن پایە بووە، کەسێکی کەم نەبووە، وەک ئەو بەڕێزە باسی کردووە .ئەوی کە ئەو بەڕێزە وتوویە؛ کە (حاجی قادر) بۆ حەزی خۆی ڕۆیشتووە؛ هەڵەیە ... تەنانەت (حاجی قادر) بەخۆی لە چەندان شوێنی شیعرەکانیدا باسی لەوە کردووە؛ بە خۆشیی و بۆ حەزی خۆی نەڕۆیشتووە؛ بەڵکوو دەربەدەر کراوە و جێیان پێ لێژکردووە...

........................................................................

گەدایی: تکایە یاشێخ، ئەو شیعرانە کامانەن پێمان بڵێییت ؟

شێخ ڕەزا: ئەوەتا (حاجی قادر)، لە شیعرێکیدا ئەڵێت:
(( مەپرسە، دەردی غەریبیی و لەزەتی وەتەنم
ئەوی لە دەستی دەگریام؛ ئەمێستا بۆی دەگریم )) *٣٥*
ئەم شیعرە؛ لە غەریبایەتییدا وتراوە، ئەگەر سەرنج بدەیت، دەستەواژەی (لە دەستی دەگریام) بەشێوەی ڕابردوو باسکراوە.
تەنانەت (حاجی قادر)، هەندێک لە هۆکارەکانی ڕۆیشتنی دیارییکردووە، وەک ئەڵێت:
(( لە قوشخانەوە تا دەمی (ئیچ قەلا)
لە بایزاغە تا مەحەلەی قەلات
هەموو خزمی خۆمن، دەزانم؛ دەلێن؛
لە بێ حورمەتییمان بوو؛ (حاجی) هەلات )) *٣٦*
ئەگەر هەر بەوەندەش داناسەکنێن؛ ئەوەش هەر (حاجی)ە کە ئەڵێت:
(( مودەتێکە دەربەدەرکردەی وڵاتی غوربەتم
بەندە، یادی ئاستان بۆسی ئەتۆی کرد؛ هاتەوە )) *٣٧*
ئەمە، دێڕێکی ئەو نامە شیعرییەیە؛ کە (حاجی) بۆ (ئەختەر)ی ناردووە . سەرنج بدە؛ وشەی (دەربەدەرکردە) بە واتای چیی دێت؟ ئەگەر بە حەزی خۆی بڕۆیشتبا ئەیوت: (دەربەدەربووی)...

.........................................................

گەدایی: هەر بەڕێز (عەبدولڕەزاق بیمار)؛ لەبارەی جەنابیشتەوە؛ دەڵێت: ((هەر لەو کاتەوە؛ کە (شێخ ڕەزا) لە کۆیە بووە؛ بیری لە چوونە ئەستەمبوڵ کردۆتەوە)) هەروەها دەڵێت؛ جەنابت بۆ سیاحەت و سەفەرە چوویت بۆ ئەستەمبوڵ، ئەی ئەوە نییە خۆت وتووتە:
(( خواستم بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بە سیاحەت
نەیهێشت و دووسەد ئەهلی عەمامەی لەسەرم کرد )) *٣٨*؟

شێخ ڕەزا: ڕاستە کە من وام وتووە، بەڵام هۆی ڕۆیشتنی من بۆ گەشت و سەیران نەبووە ! بەڵکوو لەبەر فەرق و جیاوازییکردن و بەشخوران و فەرامۆشکردن و وەلانانی منەوە بووە؛ لەلایەن کەسوکارم . ئەوی لە شیعرەکەدا وتوومە؛ لەوەوە هاتووە؛ کە من هەرگیز لە شیعرەکانمدا خۆم بە دۆڕاو دانەناوە و وام نیشانداوە؛ نە بام دیوە و نە باران! هەر بۆیە لە شیعرەکەدا حەیای خۆم نەبردووە و وام دەرنەخستووە کە ئاوارە بووم ...بۆ نموونە ئەوێکات کە لەلای مامەغەفوورم بووم؛ هەرچەندە حاڵ و باڵم باش نەبوو؛ بەڵام بۆ ئەوەی کە (شێخ عەلی)ی برام بە دۆڕانەکەم دڵخۆش نەبێت و پێم خۆش نەبێت، بگرە داخ بکەم بە دڵیاندا لە خۆشحاڵیی خۆم؛ ناشادیان بکەم؛ وام دەرخستووە کە لەلای مامم زۆر کەیفخۆشم و لە هیچم کەم نییە، لە کاتێکدا واش نەبوو ! وەک وتوومە:
((... تا ساکنی کۆی مامە غەفوورم؛ وەکوو فەغفوور
کیسەم پڕە دایم، لە زەڕ و لیرەیی مەسکووک )) *٣٩*

لە ڕاستییدا نە خڕەی گوێز هەبوو؛ نە زڕەی زێڕ لە ئارادا بوو..تەنیا ئەوەبوو؛ نەم ئەویست ددان بە دۆڕانی خۆمدا بنێم .

ئەویشی کە ئەو بەڕێزە نووسیویە لە کۆیە بووم؛ ڕاست نییە. بەڵکوو من لە کەرکووکەوە دەرپەڕیم و چوومە کۆیە تا ناسیاو و هاوەڵانم ببینم و وچانێک بدەم و ماڵئاواییشیان لێ بکەم، ئیدی ئەوە بوو؛ مامم گلی دامەوە و ئەوکات دەربەدەری ئەستەمبوڵ نەبووم، بەڵام دواتر؛ چونکە ئەو بایە هەر لەو کونەوە ئەهات، هەر ئاخرەکەی هەڵاوێردەی ئەستەمبوڵ بووم.
منیش وەکوو (حاجی قادر) ئەوەم ڕوونکردووەتەوە؛ کە جێیان پێ لێژکردووم..... لە شوێنێکدا بە کۆمەڵێک مژ و تەمەوە و بەشێوەیەکی لاتەرا لە چاو نووسیومە:

(( هەر دەچمەوە لای، گەرچیی بڵێ؛ هاتەوە دیسان
ئـەو خوێرییە بێکارە؛ کـە مـن لـێرە دەرمکرد )) *٤٠*

ئەوەم ئاشکرا کردووە؛ کە (شێخ عەلی)ی برام؛ جێی پێ لەق کردووم و دەریکردووم و دەربەدەرکردەی ئەوم . یان لە جێیەکی دیکەدا وتوومە (شێخ عەلی) بە فیتی دارودەستەکەی دەریکردووم:

(( شێخ عەلی، خـۆ تـۆ منـت ئـاوارە کرد و دەربەدەر
چـاکـە هەجوێکت بکەم؛ ئەمما موفید و موختەسەر
بۆ حەمەی وەستا فەتاح؛ ئێمەت هەموو ئاوارە کرد
ئەی حەمەی وەستا فەتاح؛ دایکت بە کێری نێرەکەر )) *٤١*

..............................................................

گەدایی: بەڕێزتان نیوەدێڕی یەکەمی ئەوشیعرەتان بەمجۆرە هێناوەتەوە؛ (( تا ساکنی کۆی مامە غەفوورم؛ وەکوو فەغفوور )) کەچیی لە دیوانەکەتدا؛ بەم جۆرە هاتووە:

(( تا ساکنی کۆی مامە غەفوورم؛ وەکوو غەفوور)) هەروەها وتووشیانە ئەو شیعرەت لە هەجووی مامتدا وتووە *٤٢*؟

شێخ ڕەزا: نەعوزوبیللا، ئەوە دەبێتە کفرا! ئەوە مانای ئەوەیە؛ کە من وتبێتم؛ مامە غەفوورم وەکوو خوای غەفوورە! من کفری وام نەکردووە و لێی بێبەریم. بەڵکوو من وتوومە مامە غەفوورم بۆ دڵاوایی و بەخشندەیی وەک پاشاکانی وڵاتی (چین) وایە، کە ناسناویان لە ئەدەبیاتی ئێمەدا بە (فەغفوور) ڕۆیشتبوو . ئێوە ئەڵێی هەری لە بڕی ناکەنەوە! ئەی نەتبیستووە، ئەگەر یەکێک شایی بە خۆی بێت و خۆی بە زل بزانێت، پێی دەڵێن؛ ((خۆی بە ئاغا و فەغفەغ ئەزانێت))؟

یەعنی ئەو وشەیە، (فەغفوورە) و شارەزا نەشارەزاکانی ئێوە کردوویانە بە (غەفوور)

..............................................................

گەدایی: بەڕێز (کاکل محەمەد- بەهرام) نووسیویە: (( شێخ ڕەزا، بەهۆی گەرانی لەو شار بۆ ئەو شار؛ زۆر ئاگاداری ماڵ و موڵکی باوکی نابێ، بۆیە کە لە ئەستەمبوڵ دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک؛ دەبینێ؛ (شێخ عەلی) برای دەستی بەسەر ئەو هەموو موڵکەدا گرتووە کە باوکی وەک میرات بۆی بەجێهێشتوون، لەسەر ئەو میراتە؛ دەبێتە مشتومڕیان و شێخ ڕەزا دڵی دەشکێ و کەرکووک بەجێ دەهێڵێ )) *٤٣*

شێخ ڕەزا: تەواو واژووانەیە، بە پێچەوانەوە من لەبەرئەوەی کە بەشە میراتی خۆمم نەدرابوویە؛ سەری خۆم بۆ ئەستەمبوڵ هەڵگرت....

.................................................................

گەدایی: (حەمەی وەستا فەتاح) چیی بوو؟

شێخ ڕەزا: (حەمەی وەستا فەتاح) سەرپەرشتی دارایی (شێخ عەلی)ی برام بوو، واتە سندوق ئەمینی و سندووقداری ئەو بوو . هەر وەک لە شیعرێکدا هەجووی (حەمەی وەستا فەتاح)م کردووە:

(( بەبێ من؛ سوێند بدەن سندوق ئەمینی
بە ئایین و بە ئەرکان و بە دینی
لە عەهدی تیفڵییەوە؛ تاکوو ئێستا
بە هەردوو چاوی خۆی؛ چەند جاری بینی
بە سمتی پڕ بەرێ؛ حەیتارە گەورەم
لە سنگی تێپەڕی تا گەییە بینی ؟ )) *٤٤*

.................................................................

گەدایی: دەستت خۆش بێت . لە ڕاستیدا؛ ئەم شیعرە لە دیوانەکەتدا بێ ناونیشان بوو، کەسیش لێی نەدواوە و دیارە نەزانراوە و خەیاڵیان بۆ ئەوە نەچووە کە بۆ (حەمەی وەستا فەتاح) وترا بێت .

بەڵام باشە؛ بۆچیی مامت لەو نێوانەدا ناوبەد و پیاوخراپ کردووە، لە کاتێکدا کە هیچ سووچێکی نەبووە؟!

شێخ ڕەزا: نا چاوەکەم ! وا مەزانە، مامیشم ئەو پەپوولەیە نەبوو! ئەویش بەشی خۆی دەستی هەبوو لەو ئاژاوەیەدا، براکانم چییان لەگەڵ کردم ئەویش هەر وای کرد، لە ڕاستییدا؛ مامم بەڵێنی کچی نەدابوومێ وەک لە شیعرەکەمدا؛ وتوومە:

(( دانیشێ نەچێ، من کچی خۆم مارە ئەکەم لێی
ئەو تالیبی دونیایە، ئەوا موعتەبەرم کرد )) *٤٥*

بەڵکوو بەڵێنی پێ دابووم کە بمکاتە پۆستنشینی تەکیە.

بەڵام زانیم هەر بە قسەیە و تەنیا دەستی دەستیم پێ ئەکات:

(( چرووسا لەبەرم جوبە و فسا لەسەرم فێس
نە فێسی لەسەر نام و نە جوبەی لەبەرم کرد )) *٤٦*

بۆیە ئیدی منیش دەرم نەبرد و بەو جۆرە؛ تۆڵەی خۆم لێ کردەوە . بێ لەوەش؛ هەر مامە غەفوورم

بوو؛ كە سەردەقی تۆرانی بۆ شکاندم و ڕچەی بۆ کردمەوە، ئەگەر بزانیت؛ کاتی خۆی؛ مامە غەفوورم؛ لە باوکم تۆراوە و چووەتە ئێران...دەوڵەتی عوسمانیی؛ لەسەر ئەمە ئەیکەنە سەر باوکم کە چۆن دەبێت شێخێکی تەریقەت؛ لەژێر دەسەڵاتی ئێمەوە؛ بچێتە ژێر قەڵەمڕەوی وڵاتێکی دی...یان ئەوەتا ئەیهێنیتەوە؛ یان خۆیشت ئەچیت بۆ لای ئەو! باوکم؛ نامە بۆ مامە غەفوورم ئەنێرێت کە بێتەوە، بەڵام نایەتەوە، ئەمجار باوکم داوا لە (حاجی بەکرئاغای حەوێزیی) ئەکات؛ کە نامەی بۆ بنێرێت، بەڵکوو ئەگەر هەر ناگەڕێتەوە کەرکووک؛ ئەوا با بچێتە کۆیە و لای ئەو لە کۆیە و لەناو قەڵەمڕەوی عوسمانییدا بمێنێتەوە...(حاجی بەکرئاغا)، بەو جۆرە نامەی بۆ ئەنێرێت و مامم دڵی نەرم ئەبێت و ئەچێتە کۆیە؛ لەوێ نیشتەجێ ئەبێت و (حاجی بەکراغا)ش تەکیەیەکی بۆ درووست ئەکات *٤٧*

........................................................

گەدایی: بەڕێز(عەتا تەرزی باشی)یش؛ شتێکی وەکوو ئەوی بەڕێز(عەبدولڕەزاق بیمار)ی لەبارەی ئێوەوە وتووە، کە دەڵێت: ((ماوەیەک (شێخ ڕەزا)؛ دەوروبەری کەرکووکیان بە بەرتەسک بینیوە، کە ئەوساکە تەنها لە شازدە گەڕەک پێکهاتووە، لەبەرئەوە کەرکووکیان بەجێهێشتووە و چاویان بڕیوەتە ژیانی ئەستەمبوڵ. )) *٤٨* جەنابتان چیی دەفەرموون ؟

شێخ ڕەزا: برام ! من چییت جواب بدەمەوە ؟! برا! خۆ من نەچووم بۆ ئەستەمبوڵ؛ تا خانوو و گەڕەکەکان بژمێرم، ئەوە قسەیەکی نادرووستە، من هەرگیز کەکووکم بەچینەهێشتووە لەبەر بچووکییەکەی ! بەڵکوو کەرکووک لانکەی لەدایکبوونمە و زێدمە، هەموو کەسێکیش زێدی خۆی؛ لە هەر جێیەکی دی؛ پێ خۆشترە . بگرە من فەزڵی (کەکووک)م داوە بەسەر بەغدادا و وتوومە : هەرچەند کەرکووک لە بەغداد بچووکترە؛ لێ لە (بەغداد) لەسەرترە.

(( گر چه کرکوک کم از بغداد است
قابلیت نه به تعداد، به استعداد است )) *٤٩*

........................................................

گەدایی: ئەگەر ئەو هەمووە کەرکووکت خۆش دەوێت؛ بۆچیی هێندە هەجووت کردووە و پێیدا هاتوویە خوارەوە ؟

شێخ ڕەزا: تەنێ یەک،دوو جار هەجووم کردووە، ئەویش هەجوویەکی قورس نەبووە و کاتی تۆران و داخ لەدڵییم بووە .

........................................................

گەدایی: ئەی خۆ چەندان شیعری هەجووت هەیە؛ لە دیوانەکانت؛ کە بەسەر کەرکووکدا وتووتن ؟

شێخ ڕەزا: نا ...شتی وا نییە..کامانەن ؟ پێم بڵێ با منیش بۆت تصدیق بکەم ؟

........................................................

گەدایی: باشە ! چەند دانەیەکت بیر دەخەمەوە؛ یەک لەوانە:
(( کافی کلک و کافی کون و کافی کەر؛ تێکەڵکرا
ئیسم و ناو و شۆرەتی کەرکوکی لێ تەشکیلکرا )) *٥٠*
یان:
(( لە (بخت النصر)ەوە گاندانە پیشەی ئەهلی کەرکووک
کە {الناس علی دین الملوک لیس متروک} )) *٥١*
یان:
(( مەکەن باوەڕ بە قەولی داکی خۆگێکانی کەرکووکی
ئەگەر غەڵەتێ بکەن؛ وا بزانە گا قۆڕانی کەر کۆکی )) *٥٢* ؟

شێخ ڕەزا: ئەگەر باوەڕ بە خۆم ئەکەیت؛ ئەوا پێت ئەڵێم؛ ئەو شیعرانەی باستکرد؛ هیچیان هینی من نین ! بەڵکوو هینی (شوکری فەزڵیی)ن ، هەر ئەبوو بتانزانیایە کە (شوکری فەزڵیی)؛ مێژوونوس بوو، ئەو سەری لە (بخت النصر) دەرئەچێت...هەروەها شیعری سێیەمیشیانم هەر زۆر پێ لاوازە ! ئەو شیعرانەی (شوکری فەزڵیی) لەوەوە چاوەی گرتووە: لە شەڕەهەجووی نێوان من و(شوکری فەزڵی)دا ؛ من هەجووی شاری (سلێمانیی)م کرد، (شوکری)یش هەجووی شاری(کەرکووک)ی کردووەتەوە..ئەگەر ئەشڵێیت؛ جا شوکری پێوەندیی بە سلێمانییەوە چییە ؟ ! ئەوا (شوکری)، زۆربەی ژیانی منداڵیی و گەنجێتیی؛ لە شاری (سلێمانیی) ڕابواردووە، (شوکری) هەرچەند دایکی عەرەب بوو؛ بەڵام باوکی کوردی خەڵکی (سنە) بووە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی ژیانی لە (سلێمانیی) بووە؛ وەکوو کەسێکی ئەوێ حسابی بۆ کراوە و منیش هەر وەها حسابم بۆ کردووە، وەک وتوومە:
(( شوکری،گەنوگووخۆری سلێمانییە، ئێستە
هەرچەند کە ئەمدی وەکوو لۆتی ئەگەڕاوە )) *٥٣*
جا ئەم هەجووی شار بە شارە؛ لەوەوە داکەوت؛ ئێمە لە سەرەتادا هەجووەکانمان ؛ تەنێ هەجووکردنی خۆمان بوو، نەک شارەکانمان . تا ئەوەی لە شیعرێکدا (شوکری)م ئاگادارکردەوە؛کە ئەگەر دەست هەڵنەگرێت؛ ئەوا شاری (سلێمانیی)شی پێوە کافری موتڵەق ئەکەم، وەک وتوومە:
(( پێی بڵێ؛ با مونتەهیی بێ، تۆیش گەنوگوو بەس بخۆ
با سلێمانیی؛ بەجارێ کافری موتڵەق نەکەم )) *٥٤*
ئەوە بوو؛ (شوکری فەزڵیی) دەستی هەڵنەگرت و لە وەڵامیشدا ئەڵێت؛ حازرە کە بەرپەرچم بداتەوە، ئەگەر من هەجووی (سلێمانیی) بکەم؛ ئەویش هەجووی (کەرکووک) ئەکاتەوە، وەک ئەڵێت:
(( گوو مەخۆ یا شێخ، ئیتر با شۆڕشێ بەرپا نەکەم
خۆت و کەرکووکت؛ بە جارێ سەربەسەر ئیفنا نەکەم )) *٥٥*
ئەوەبوو؛ هەردوومان؛ بەڵێنی خۆمان بردە سەر! من بە (سلێمانیی)دا هاتمە خوارەوە، ئەویش (کەرکووک)ی داشۆری ! جا ئەو شیعرانەی کە پێشتر هێمات بۆ کردن؛ هینی (شوکری فەزڵیی)ن ، ئیدی شیعرێکی دی هەیە پێمی بڵێی ؟

..............................................................

گەدایی: بەڵێ، یا شێخ . ئەی ئەم شیعرەیان؟ خۆ سەد لە سەد هینی خۆتە:

(( سەر بە یەشماغی شڕ و شاقەڵی چڵکن، مەهتووک
سووڕ ئەخۆی سەرخۆش و ڕیسوا، بە قۆریات و نەتووک

تێگەیشتین؛ کە مەلامان؛ چەنەبڵێیە و وەزن سووک
کەبابی؛ گۆشتی بزن، فاکیهەی؛ بەری خرنووک
لە من پرسە؛ سەفای شارە حیزەکەی کەرکووک )) *٥٦* ؟

شێخ ڕەزا: ئەوەشیان هەر شیعری (شوکری فەزڵیی)ە ، مەبەستی لە (( تێگەیشتین کە مەلامان؛ چەنەبڵێیە و وەزن سوو)) ئەو (مەلا)یە؛ لە شیعرەکەدا؛ مەبەستی لە منە ! وەک لە شیعرێکی دیکەدا پێم ئەڵێتەوە (مەلا) :

(( عەیبە، هێندە سپڵە بی، خۆ زاهیرەن؛ (شێخ) و (مەلا)ی
شاپڵیتەی کێری من؛ چەند جار بە دەرقوونتا چزا ؟ )) *٥٧*

جا لە شیعرەکەی پێشتردا؛ مەقسەدی لەوەیە؛ کە من زۆر گوێم بە جلوبەرگ نەئەدا، هەروەها گوێشم لە ئاواز و گۆرانیی خۆش ئەگرت...(شوکری)، بەمانەوە؛ موبالەغەی کردووە، لە ڕاستییدا تەکیەی تاڵەبانیی؛ جێی هونەرمەندان و گۆرانیبێژ و دەنگخۆشانی سەردەمی خۆی بوو و لەوێدا ڕێزیان لێ ئەنرا، تیایدا مەقامی ڕەسەنی کوردیی و قۆریات(خۆریات)ی تورکمانیی برەوی هەبوو و زۆر کەسیش لەو تەکیەیەوە پێگەیین. و هەندێکیان فێری (مەقامبێژیی) و هەندێکیان (بێژیی) بوون !! *٥٨*

هەروەها لە شیعریشدا نێوی خۆمم بە (ڕەزا سووک) واتە (ڕۆح سووک،ئێسک سووک) هێناوە . بەڵام ئەو لەسەر ئەو شێوەیە؛ کردوویە بە (وەزن سووک) ! شیعرەکەیشی لەسەر ئەو قافیەیە داڕشتووە .ئەها من لەبارەی خۆمەوە وتوومە:

(( وەک (لامیع)ی شاعیر؛ نییە ئێستە لە جیهاندا
شیرین سوخەن و قابل و خۆش تەبع و (ڕەزا) سووک )) *٥٩*

........................................................

گەدایی: دەمەوێت بزانم؛ کێ نێوی (ڕەزا)ی لێناویت ؟

شێخ ڕەزا: ئەو ناوە، باوکم لێی ناوم . بە خۆشەویستیی ناوی (ئیمام ڕەزا)وە، وەک لە شیعرێکدا؛ لەگەڵ خۆمدا ئەدوێم و ئەڵێم:

(( غمگین مشو (رضا) اگر مال و جاهت نیست
این خواندنت، نیام (امام رضا) بس است )) *٦٠*

واتە :خەم مەخۆ (ڕەزا) لەوەی پایە و سامانت نییە، ئەوی کە بە ناوی (امام ڕەزا) وە ناونراویت و ناوت دێنن؛ بەستە.

........................................................

گەدایی: واتە لە نێوەکەی خۆت ڕازیت ؟

شێخ ڕەزا:

(( بر قوی نامی قازانمقذه(رضا) فائده نه
استخوان ریزهء شطرنجه دخی شاه دینر )) *٦١*

به کوردیی واته :که به ناوی ئیما ڕەزاوه ناونراوم؛ چ سوودێکی بۆم هەیە؟! خۆ به داشی بێ ڕۆحی شەترەنجیش ئەڵێن (شا)!

به ڕای من ئەگەر کەسێک خۆی باش نەبێت؛ ئەوا کەس ناتوانێت به فریای بکەوێت، ئیدی چ ئەوەی بگات بەوەی که ناوی ئەو کەسە گیرۆییت بکات و یاریت بکات ! هەروەکوو له شیعرێکدا به کەسێکم وتووه؛ هەرچەند هەڵگری ناوی (ئیسماعیل)یش بیت، که ناوی یەکێک له پەیامبەرانە؛ بەڵام به دەردت ناخوات و نزمیی و سووکییەکەتی پێ نابێت به بەرزیی:

(( اسم عاليه ايله عالى ايدمز شخص رذيل
سكا بر فائده ويرمز لقب اسماعيل )) *٦٢*

.................................................................

گەدایی: بەڕێز (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)؛ دەڵێت: ((ئەم دێڕە شیعرەی (شێخ ڕەزا) :

(( زیاد و کم از نام نامیت نبود
برسم جمل گر شماری (رضا)را )) *٦٣*

مەقسەدی لەوەیە؛ که ناوی (رضا)؛ به حیسابی ئەبجەدیی؛ لەگەڵ ناوی (امین فیضی)؛ یەک شت دەگرێتەوە، دیاره ئەگەر حیسابی بکەین؛ هەردووکیان دەکەنە (١٠٠ )) ئایا وایە ؟

شێخ ڕەزا: ڕاستە، وتوومە؛ ناوی من (رضا)؛ لەگەڵ (امین فیضی) به حیسابی ئەبجەدیی؛ بەرانبەرن . بەڵام ناکاتە (١٠٠) وەک ئەو وتوویە؛ بەڵکوو ئەکاتە (١٠٠١) بەم شێوەیە: (رضا) (ر=٢٠٠ + ض= ٨٠٠ + ا=١)= ١٠٠١

(امین فیضی) (ا=١ + م=٤٠ + ی=١٠ + ن=٥٠ + ف= ٨٠ + ی=١٠ + ض=٨٠٠ + ی=١٠ )= ١٠٠١

من ناوەکەم ئەکاتە (١٠٠١) خۆیشم هەر لەجێی هەزارویەک پیاو دائەنێم ! کەوایە؛ ناوەکەم باش لێم وەشاوەتەوە!

.................................................................

گەدایی: دەوترێت؛ جەنابت ژیانێکی ئاغایانە ژیاوی و باوکت بەشێوەی ئاغایانە باری هێناوی،وەک (دکتور موکەرەم تاڵەبانیی) دەڵێت؛ بەڵام لەپاش مردنی باوکت؛ (شێخ عەلی)ی براکت مەسرەفێکی ئاساییانەی کێشاویت و تۆ ویستووتە؛ هەر وەک ئاغایەک خزمەتت بکەن، یان خێرا وەکوو براکانت بەشت پێ بدرێت *٦٤* ؟

شێخ ڕەزا: نا، هەرگیز وا نییە، من لەپاش مردنی باوکم؛ نە ژیانێکی ئاغایانە ژیاوم، نە ژیانێکی ئاساییانە، بەڵکوو لەچاو لاوانی تردا؛ ڕەفیق بێکەم بووم، دوای مردنی باوکم؛ لە کۆیە ئەمخوێند و تەواو چەپەک خرابووم، هێندەی هەژارترین لاوی کۆیە؛ پوولم نەبوو، باوەڕ بفەرموون؛ پارەی جگەرەسیغار و حەماکردنێکم پێ نەبوو...بە ڕاتبەی فەقێیەتی و خێری خەڵک ئەژیام؛ هەزار سوێند و قورئانم بۆ (شێخ عەلی) برام ئەخوارد و نامەم بۆ ئەنارد؛ تا دوو پوولم پێ ڕەوا ببینێت، وەک بە سوێندەوە ! پێموتووە:

(( جومعانە براوە،بەخوا موفلیسە لامیع
نە پوولی حەمامی هەیە؛ نە پارەیی توتن )) *٦٥*

جومعانە، ئەوە بوو کە چەند فەقێیەک؛ بەتایبەت موستەعیدەکانیان؛ لە جومعاندا دەچوونە لای چەند کەسێکی ئەو شوێنە؛ کە لێیان ڕاببیننایە؛ داوای یارمەتییان لێ ئەکردن بۆ خۆیان و حوجرەکەیان، زۆرجاریش ئەم فەقێیانە ڕۆژانی جومعە ئەچوونە دێیەکانی دەوروبەر، بەتایبەت ئەو جێیانەی کە فەقێیان نەبووایە و گوزەرانیان باش بوویایە بۆ داواکردنی ڕاتبەی فەقێیەتیی . من ئەوکات موستەعید بووم و هەرزەکار و جگەرەکێش و لاکێش بووم!

لە ڕاستییدا من کەوتبوومە نێوان دوو بەرداشەوە، مامم و براکانم، هەریەک ئەیانوت؛ ئەوی دیکە یارمەتی ئەکا و پێویست بە ئێمە ناکات، ئەوجار جومعانە و نانانەی هەیە، پێویستیی بە هیچ نابێت! بەخۆشیان لەسەر ناز و نیعمەتی (تەریقەت) ئەژیان !

............................................................

گەدایی: بەڕێز (عەتا تەرزی باشی) دەڵێت: (( لە کاتێکدا دەوروبەری تەکیە و سۆفییگەریی ئەوسا؛ کاریگەریی ئەفسووناویی بەسەر شاعیرە پوختەکانەوە هەبووە؛ کەچیی کاریگەریی بەسەر (شێخ ڕەزا)وە نەبووە *٦٦* ؟

شێخ ڕەزا: بەڵکوو بە پێچەوانەوە؛ من هەمیشە؛ خۆم بە سۆفییەکی تەریقەت و بگرە بە سەگی دەرگەی غەوسی گەیلانیی داناوە و ئەو شیعرانەی کە بەسەر شێخ عەبدولقادری گەیلانییدا وتوومن؛ بەڵگەن بۆ قسەکانم . بێ لەوانەیش؛ پەسنی چەندین شێخی خاوەن تەریقەتم داوە، وەک (کاک ئەحمەدی شێخ، شێخ حیسامەدینی ،شێخی بریفکان....) بەڵام دڵی من؛ وابەستەی دەرگەی شاهانەی غەوسی گەیلانیی بووە .....من چەندان جاریش هەوڵمدا لەسەر تەکیەیەک لە کوردستاندا پۆستنشین بم،تەنانەت بە تەلگراف داوام لە دەرباری عوسمانیی کرد، تەنانەت داوای هاوکارییم نەک هەر لە سەردارانی کوردستانی قەڵەمڕەوی ڕۆم (تورکیا)؛ بەڵکوو داوای هاوکارییم لە سەردارانی کوردی قەڵەمڕەوی فارس(ئێران)یش کرد، لەوانە (یونسخان)....بە کورتیی؛ لە چەند دەرگەم دا؛ سوودی نەبوو...ئەوە براکانی خۆمیش؛ کە چوار دیواری تەکیەیەکیان پێ ڕەوا نەبینیم، (شێخ عەلی)ی برام؛ کە گەورە و سەرکاری براکان بوو، بێگانە و دەستوپێوەستەکانی خۆی هەموو پۆشتە و پەرداخ و ساز بوون، هەر یەکەی تەکیەیەکی پێ دابوون .هەموویانی لەبیر بوو، بەس براکانی خۆی پشتگوێ خستبوو، هەر بۆیە وتوومە:

(( بێگانە، هەموو ساحێبی جاە و جەبەڕووتن
بێچارە برای (شێخ عەلی)؛ موفلیس و ڕووتن
ئەی (شێخ عەلی)؛ چاکە و سوقت بە برا بێ
باوەڕ مەکە؛ بەم خەڵقە؛ کە وەک توولە لە دووتن )) *٦٧*

(شێخ عەلی)، تەکیەی ئەدا بە تەرزە کەسانێک؛ کە مەرامیان خواپەرستیی نەبوو، بەڵکوو تەنێ خەیاڵیان؛ لەسەر چڵکاوخۆریی و پارووی چەور بوو، ئەوانە دوو ڕۆژ قووتیان پێ نەدرایە؛ کفری ئەرز و ئاسمانیان ئەکرد ! هەر بۆیە؛ وتوومە (شێخ عەلی) لە ئەتوار و ڕێباز و شوێنپێی باوکم لایداوە، وەک وتوومە:

(( (شێخ عەلی)، ئەتواری باوکت تێکمەدە
{قـل هـو الـرحمن آمـنـا بـه} )) *٦٨*

.........................................................

گەدایی: دوو تێبینیم لەسەر قسەکانت هەیە .یەکەمیان؛ تۆ دەڵێیت؛ تەکیەیان پێ ڕەوا نەبینیم؛ ئەی ئەوە نەبوو؛ تەکیەی گەڕەکی (مەیدان)ی شاری بەغدادیان پێ دایت ؟ هەروەها نێوی (یونسخان)ت هێناوە، پێمان بڵێیت ئەو سەردارە کوردە کێ بووە ؟

شێخ ڕەزا: بە نیسبەت تەکیەکەوە؛ (( لەپاش ترێ؛ خەمشەی برێ ! )) لە سەردەمی پیریی و کەنەفتییدا؛ کۆنە تەکیەیەکی دوورەدەستیان پێ ڕەوا بینیم، کە زێتر دوورخستنەوە و نەفیکردنی من بوو ! دەنا پێش سەردەمی پیریی و پەککەوتەیی؛ بۆ تەکیەیەکیان پێ ڕەوا نەبینیم ؟ !من لەگەڵ ئەوەشدا؛ ئەو جێیەم پێ خۆش بوو و لەسەر داوای خۆیشم بوو، چونکە ئەمویست؛ کۆتا ڕۆژەکانی تەمەنم لە نزیک بارەگای (شێخ عەبدولقادری گەیلانیی)ەوە بێت و ئەگەریش مردم، بە هاوڕێیەتیی گڵکۆکەی شادبیم....من بەهۆی (غەوسی گەیلانیی)ەوە بەغدام خۆشویستووە و بۆی کشاوم:

(( گەر بڵێم؛ بەغدا لە جەننەت خۆشترە هێشتا کەمە
چونکە سوکنای غەوس و کەرخیی و ئیمامی ئەعزەمە...)) *٦٩* *٧٠*

دەنا هەتا نەگەیشتمە پیریی؛ئەوە مامم وبرازاکانم ؛ هەموویان؛ تەکیەیەکیان بۆ خۆیان چڕی بوو، هەموان بوون بە پۆستنشین،(ڕەشیدی مامە غەفوورم،شێخ عەلی برام و شێخ حەمەعەلی کوڕی و زاواکانی و شێخ باقی و دەیان بێگانەش...) بوونە خاوەن تەکیەی خۆیان، هەر ئەمن، دەست لە گوونان و دەم لە پووش مابوومەوە ! هەر ئەوەش بوو کە ڕێی تۆران و ئاوارەیی خاکی ڕۆمی پێ گرتمە پێش . باوەڕ بفەرموون؛ لە ئەستەمبوڵ؛هێندەم چەرمەسەریی و قوڕبەسەریی و ڕووتوقووتیی دیت لە سەرەتاوە، لە باسکردن نایەت....

ئەوی ئەوان بە منیان ڕەوا بینیبوو؛ ژووری حوجرەیەک بوو، تا دەرسی بە فەقێیان تیا بڵێمەوە، ئەویش کە بە شیعرێک وێنای حوجرەکەم کردووە..ئەبێت ئێوە ئەو شیعرەتان دیبێت ؟

.........................................................

گەدایی: یاشێخ، ناشێت باس لەو شیعرە بکەیت کە لە دیوانی ئێوەدا لەژێر ناوی (حەوشەکەم) تۆمارکراوە *٧١*؟

شێخ ڕەزا: جا توخوا! ئەو وەسفانەی کە لە شیعرەکەدا هەن؛ بۆ حەوشە دەست ئەدات؛ یان ژوورێک؛ کە ژووری حوجرەیە؟! باشە چۆن نازانن؛ کە ئەو شیعرە باس لە حوجرە ئەکات، کە تەنانەت لە شیعرەکەشدا؛ ئاماژەم بەوە داوە کە تیایا دەرس بە شاگردان (فەقێیان) ئەڵێمەوە:

(( خـەمـی شـاگـردەکـان زیـاتر ئـەخۆم
گەورە هەر چاکە، ئاخ لە دەس؛ دەسوپێ )) *٧٢*

لە کاتێکدا من حوجرەیەکی شەق و شڕم پێ سپێردرابوو؛ کەچیی لەسەر فەرمانی (شێخ عەلی)ی برام؛ خانوو بۆ وشکە سۆفییەکان و لایەنگرەکانی خۆی درووست ئەکرا و بەسەریاندا وەک گوێز و مێوژ ئەیبەخشییەوە ! بۆ نموونە؛ گەڕەکی بەرتەکیەی شاری کەرکووک؛ کە هەر لەبەردەمی تەکیەی تاڵەبانییدایە؛ ئەم گەڕەکە؛ بە فەرمانی (شێخ عەلی) درووستکرا و خانووەکانیشی بەشرایەوە بەسەر ئەو کەسانەی کە لە تەکیەی تاڵەبانیی بوون و دەستوپێی کاکم بوون. *٧٣*
لەوانە:( عەزە دەمبۆر، حەمەی وەستا فەتاح، سلێمان چاوەش،...) *٧٤*

..............................................................

گەدایی: وەڵڵا بڵێم چیی جەنابی شێخ ! ڕاستییەکەی وەک ئێوە دەیڵێن؛ دیمەنی ژووریکە، نەک حەوشە،بەڵام ئەوی کە وتم؛ ڕای من نەبوو؛ بەڵکوو ڕای (ئەحمەد تاقانە و شێخ محەمەدی خاڵ و چەند کەسی تر) بووە، کە پێیان وا بووە؛ ئێوە، باسی حەوشەی ماڵەکەی خۆتان دەکەن *٧٥*
*٧٦* تەنانەت (ئەحمەد تاقانە)؛ پێی وایە؛ لەو شیعرەدا باستان لە خانووەکەی خۆتان کردووە ....بەڵام با واز لەوە بێنین، پرسیم (یونسخان) کێیە ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ، نێوی (یونس بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی حسێن بەگی کوڕی سلێمان بەگ)ە و حاکمێتیی ناوچەی بانەی پێ درا بوو، لەلایەن والیی سنەوە؛ نازنێوی (خان)یشی پێ درابوو*٧٧* کە ئەوکات بەو کەسانە ئەوترا؛ کە حوکمی ناوچەیەکیان لەژێر دەستدا بووایە، جا ئەو کەسێکی دەسەڵاتدار بوو، بە نامەشیعرییەک؛ داوای هاوکاریم لێ کردبوو؛ لە بنیاتنانی تەکیەکدا لە ئێران....

..............................................................

گەدایی: بەڵێ، یاشێخ ! ئەو نامەشیعرییە لە دیوانەکانتدا هەیە و خوێندووەتەوە، کە لە کۆتایی شیعرەکەدا؛ ڕەخنە لە خەڵکی کوردستان دەگریت؛ کە قەدریان نەزانیویت و ڕێزیان نەگرتوویت . کە وتووتانە:
(( من بخدمت نرسیدمش، ولی می شنوم
قدر ما نیست در آن مملکت کردستان )) *٧٨*

شێخ ڕەزا: نا ...من وام نەوتووە ! ئەوە شیعرەکەیان بەغەڵەت نقڵ کردووە، دەنا من وەهام وتووە:
(( مـن بخدمت نرسیدم، ولـی مـی شنـوم
قارمانی هست در این ناحیەء کردستان )) *٧٩*

..............................................................

گەدایی: باسی تەکیەکەی (مەیدان)مان کرد...بەڕێز(عەبدولکەریمی مودەڕیس) نووسیویە: (( شێخ ڕەزا، کە چۆتە بەغداد؛ لەوێ لە بەرانبەری(دفاع)ی ئەمڕۆ؛ تەکیە و خانووی کردۆتەوە ..))

*٨٠*بەڕێز(ئەشرەف تاڵەبانیی)یش دەڵێت؛ ((لە سەردەمی (شێخ عەلی)دا؛ تەکیەی تاڵەبانیی؛ لە بەغداد؛ لە گەڕەکی مەیدان، بەرامبەر وەزارەتی دیفاع؛ درووستکراوە )) *٨١*
ئایا قسەی کامیان ڕاستە؟ تەکیەی مەیدان؛ خۆت درووستتکردووە ؟ یان (شێخ عەلی)ی برات؛ درووستی کردووە ؟

شێخ ڕەزا: قسەی هیچ کامیان؛ ڕاست نییە..نە خۆم و درووستمکردووە و نە کاکمیش . بەڵکوو ئەو تەکیەیە؛ لە سەردەمی باوکمدا درووستکراوە و پێشتر باوکم لێی دانیشتووە و پاشان لایەنگرەکانی خۆی لەسەر داناوە و بنکەی بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەیان بووە؛ لە شاری بەغداد . لە شیعرێکیشدا ئاماژەم پێداوە؛ کە ئەو تەکیەیە هینی باوکم بووە:
(( میـراث مـانـده از پـدرم کهـنـه تکیـهء
چون عمر نوح؛ دید بسی سال و ماهرا )) *٨٢*
جا خۆش لەودایە؛ کە چوومە بەغداد؛ سەیرئەکەم؛ چەند کەسێک خۆیان کردبوو بە ساحێبی تەکیەکە و ئەیانوت: لێی دەرناچین و هینی ئێمەیە و باوکت داویەتی بە ئێمە !! توخوا کاکەم ئەو تەکیە لاتو پوتەی پێ ڕەوا بینیبووم ! ئەویش ئەبوو؛ پیاوی لەسەر بکوژم !! وەک لە شیعرێکی تورکییدا؛ باسی ئەو بەزمەم کردووە:
(( تکیـه ملک پـدرم اولـدیغی میدانده ایکن
دیـرد بـمـنـد بـودلـه (شیخ سلیـمان زاده)
راضـی اولمازدی سلامتله المدن چیقسون
بـویـنـکـی طـوق هـجـادن ایـدەیـم آزاده )) *٨٣*
کوڕەکەی شێخ سلێمانم لێ قوت ببووەوە و ئەیگوت هینی منە ! ئیدی باش بوو... دواتر؛ لە ترسی زمانی من و لە ترسی حەیای خۆیان، دەستیان لە تەکیەکە هەڵگرت.
تەنانەت نەقشبەندییەکانیش ئەیان وت؛ ئەوە چ تەکیەیەکی پەڕپووت و بێکەڵکە کە داویانەتە تۆ، بۆچ نابیتە نەقشبەندیی تا ڕێزێکی زۆرت لێ بنێین و جێو ڕێیەکی لەوی تەکیەی (مەیدان) باشتریشت بدەینێ. بەڵام من بستێکی تەکیەم بە کاروانسەرا و گشت خانەقاکان نەگۆڕیوەتەوە و نەمهێشتووە سوود لەم بارە لارەم وەربگرن و بیقۆزنەوە، بۆیە تەکیەکەم لەچاو ئەواندا گەورە نیشانداوە و وەڵامدا وتوومە:
(( کوشـه لـرده نـقشبنـدلـر گبی صاقلانمایز
قادری لر تکیـهسی ارسلان گبی میداندەدر )) *٨٤*
واتە: ئێمە مک نەقشبەندییەکان خۆمان لە پەناوپاسار ناشارینەوە، ئێمە (تەکیەی قادریی) وەکوو شێر لە (مەیدان)داین!

.........................................................................

گەدایی: بەڕێز (ئەشرەف تاڵەبانیی) دەڵێت :(( (شێخ عەلی)، بۆ ڕازییکردن و دوورخستنەوەی (شێخ ڕەزا) لە کەرکووک؛ هەموو بەراوەکانی گوندی (قرخ)ی بەخشیوەتە (شێخ ڕەزا)، کە بە میراتی بەر (شێخ عەبدولڕەحمان)ی باوکیان کەوتووە و براکانی لە بەشە موڵکی خۆیان وازیان هێناوە بۆ شێخ ڕەزا )) *٨٥*؟ بەڕێز (د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف)یش دەڵێت:کە باوکتان مردووە؛ دێیەکانتان لەنێوان خۆتاندا بەشکردووە و دوو دێی (قرخ و تاڵەبان) دراوە بە تۆ، بەڵام تۆ بەوە ڕازی نەبوویت و ویستووتە، لە بەشی براکانیشت؛ بەشت بەرکەوێت *٨٦* ؟

شێخ ڕەزا: نا عەزیزم ! ئەوە خراپ حاڵیبوونە، یەکەم: براکانم چاوپۆشییان لە بەشی خۆیان نەکردووە، بەڵکوو چاویان لە بەشی من خەواندووە...هەر بۆ نموونە؛ (شێخ عەبدولقادر)ی برام؛ لەو بەشە میراتەی کە بەری کەوتووە؛ دوو دێی (یەنگیجە) و (عبداللهغانم)ی پێ کڕیوە *٨٧* ئیدی لە کام بەشی خۆی چاوپۆشیی کردووە؟! ئەمجار فەرموویانە کە دێی (قرخ) و (تاڵەبانم) پێ دراوە و هێشتا پێم کەم بووە، بریا وا بووایە، بەڵام نەخێر ئەوە ڕاست نییە، بە هیچ جۆرێ دێیان نەداوە بە من . ئەوی کە هەیە، چەند پارچە زەوییەک بوو، کە پێیان دابووم..ئەگەر من خاوەن دێ و دێهات بوومایە؛ بۆچ بە تەمەنی پیریی؛ خاکەنازم ئەگرت بە دەستەوە و ئەکەوتمە سەر وەرزێریی، تا بژێویی خۆمی پێ دەربهێنم *٨٨* ؟! ئەر من خاوەنی چەند دێیەک بوومایە؛ بۆچ لە (شێخ عەلی)ی برام ئەپاڕامەوە؛ تا پارەی حەمامکردنێکم پێ بدات ؟!
قوربان شاعیری وەک ئێمە؛ زمانێکی درێژ و دەستێکی کورتمان هەس !
(( بهر جا شاعری خوش لهجه شیرین زبان بینی
بـود اوضـاع او چون قـوهء گفتــار ابکم کم )) *٨٩*
واتە: لە هەر کوێیەک؛ شاعیرێکی شیرین زمانت بینی؛ ئەوا گوزەران و ژیانی ئەو شاعیرە؛ وەک قسەکردنی لاڵەکان لەنگە !

.........................................................

گەدایی: بەڕێز(د. نوری تاڵەبانیی) دەڵێت: (( هۆی تێکچوونی (شێخ ڕەزا)؛ لەگەڵ (شێخ عەلی)ی کاکی؛ لەسەر میرات نەبووە . چونکە (شێخ عەبدولڕەحمان)ی باوکیان؛ سامانێکی لەدوای خۆی بۆ بەجێ نەهێشتوون؛ ناکۆکییان لەنێواندا پەیدا ببێ لەسەری...پیاوێکی وا دانا و زانا و دەست لە دنیا شۆردوو؛ ئەبێ چ میراتی لەپاش بەجێ بمێنێ؟! بەڵکوو ناخۆشیی و نێوان تێکچوونی (شێخ ڕەزا) و (شێخ عەلی)ی کاکی؛ تەنیا لەسەر زمانە شڕەکەی (شێخ ڕەزا) بووە )) *٩٠*

شێخ ڕەزا: عەرزی بە خزمەتت بکەم.. یەکەم: باوکم خاوەنی چەندان تەکیە و بووە لە چەندان شار و شارۆچکەی کوردستان و چ لە ئێران و ج لە ئێراق، ئەمە جگەلەوەی کە خاوەنی دێ و دێهات بووە . بۆیە ئەوە ڕاست نییە؛ کە بوترێت؛هیچی لەپاش خۆی بەجێ نەهێشتووە . بەڵکوو هێندەی تەکیە لەدوا بەجێ مابوو؛ کە هیچ نەبێت؛ منیش دانەیەکیانم پێ ببڕێت و سەروێستیی بکەم، بەڵام لێی مەحرووم کرام . مەحروومکردنەکەشم بوو؛ کە ئەو بەزم و گۆبەندەی لێ کەوتەوە و وایانلێکردم کە زمانیان لەهەقدا بجووڵێنم . دەنا ناکۆکییەکە؛ خۆی هەبوو . بۆیە زمانەکە هاتە ئاراوە . نەک ئەوەی زمانەکە؛ بووبێتە هۆی ناکۆکیی . زمانی من، هەر ئەو زمانە بووە؛ کە لە چەندان شیعردا؛ پشتگیریی عەشیرەتی تاڵەبانیی و تەکیەم پێ کردووە، بەڵام هەر ئەو زمانە بوو؛ لە دوای مەحرووم‌کردن و بێبەشکردن؛ بە دژیان هەڵگەڕایەوە و داوای حەقی خۆی ئەکرد

.........................................................

گەدایی: دەوترێت جنێوی زۆر پیست بە (شێخ عەلی)ی برات داوە ؟

شێخ ڕەزا: هەرگیز ئەوە ڕاست نییە . من هەرگیز حەدی ئەوەم نەبووە؛ کە جنێو بە (شێخ عەلی بدەم، ڕاستە ناکۆکیی و عاجزیی لە نێوانماندا هەبووە و منیش چەند جار بە قسە و بە شیعر؛ ڕەخنە و سەرکۆنەم کردووە، ڕەخنەیەکی وەهاش نا؛ کە قسە و وشەی ڕووهەڵماڵراوی تیا بێت، نەک هەر بۆ (شێخ عەلی)، بەڵکوو بۆ هەموو براکانی تریشم؛ ڕاستە ڕەخنە و تانەم لێیان گرتووە و بە هەندێک قسە ئازاریانم داوە؛ بەڵام ئەو قسانە بریتیی بوون لە گلەیی دەربڕینی من لێیان و

داواکردنی حەقی خۆم لێیان؛ وەک وتم ئەو قسانەش تانە و ڕەخنە بووە، نەک جنێو و قسەی ڕووهەڵماڵراو و نکۆڵیی لەوە ئەکەم کە بە قسە و شیعر؛ هەجووی بێ پەردە و ڕووهەڵماڵراوم کردبن...بەڵام هەجووی برازاکانم و هەجووی هەندێک لە مامەکانم کردووە، هەجووی زۆر پیسیش .

..................................................................

گەدایی: بەڵام من هەر لەخۆوە وا ناڵێم، بەڵکوو لە دیوانەکانی جەنابتاندا چەندین شیعر هاتوون و ئاماژەیان پێ دراوە کە بەسەر (شێخ عەلی)ی براتدا وتووتن، بە وێنە؛ وەک ئەوەی لە بارەی (شێخ عەلی)ی براتەوە وتووتە:

(( ظلمده گرچه بزم شیخ شریفک ادی وار
ظلمه یوقدر میلی، اما ظالمه امدادی وار )) *٩١*

واتە: شێخەکەی تەریقەتی ئێمە؛ هەرچەند لە زۆرداریيدا نێوی زڕاوە؛ لێ زۆردار نییە و تەنێ هاوکاریی زۆرداران دەکات !

شێخ ڕەزا: من ئەو شیعرەم؛ بۆ (حەمە عەلی)ی کوڕی (شێخ عەلی) وتووە، نەک خودی (شێخ عەلی)، ئەوجار ئەو شیعرە؛ قسەی ڕووهەڵماڵراویشی تیا نییە !

..................................................................

گەدایی: وایە، ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەی بۆ ئەو شیعرە دەڵێیت چیی کە لەبارەی (شێخ عەلی)ەوەیە و لە کۆتاییدا پێی دەڵێیت:

(( شێخ، ئەوا گۆی هونەری بردەوە؛ [کەشکەک سڵاوات]
شێخ، ئەوا جێی پدەری گرتەوە؛ دەستی بەمە بێ )) *٩٢*؟

شێخ ڕەزا: ئەوەیشم؛ هەر لە هەجووی (شێخ حەمە عەلی) کوڕی (شێخ عەلی)دا وتووە، کە باوکی کردبووی بە شێخی تەریقەت و پۆستنشین... ئەم (شێخ حەمە عەلی)ە هەرچەند کرابوو بە پۆستنشین؛ بەڵام نەخوێندەوار و نەفام بوو، بە شایانی ئەو جێیەم نەئەبینی...دیارە ئێوە؛ زۆربەی ئەو شیعرانەی؛ لە هەجووی (شێخ حەمە عەلی) وتوومە؛ سەپاندووتانە بەسەر (شێخ عەلی)دا!...
پێویست ناکات خۆت ماندوو بکەیت! تەحەدا ئەکەم ؛ کە قسەی ڕووهەڵماڵراوم بەرانبەر بە براکانم بەکارنەهێناوە. ئەگەر پرتە و بۆڵەیەکیشم لە هەقیان هەبووبێت؛ ئەوا یان هەر بە قسە دەرمبڕیوە، یان ئەگەر خستبێتمە قاڵبی شیعرەوە؛ ئەوا نەمهێشتووە؛ لە پەردە لابدەن...

..................................................................

گەدایی: بەڕێز (عەتا تەرزی باشی)؛ ڕەهایی بەسەردا داویت ودەڵێت: (( شێخ ڕەزا، بەس باوکی خۆی هەجوو نەکردووە )) *٩٣* (مەبەستی لەو کەسانەیە؛ کە لێت نزیک بوون و ناسیوتن) ؟

شێخ ڕەزا: جا تۆش باوەڕت بە قسەکەی کردووە ؟!

..................................................................

گەدایی: من وەکوو خۆم نا، چونکە دەزانم؛ زۆر کەس هەن کە هەجووت نەکردوون و بگرە پەسنیشت داون، وەک (ئەمین فەیزیی و کاک ئەحمەدی شێخ و دەیان کەسی دی....) دەشزانین وەک (مستەفا نەریمان) دەڵێت: هەرگیز بە خراپە؛ ناوی (سەید)ت نەبردووە، بەڵکوو تەنیا پەسن و پیاهەڵدانت بۆیان هەیە .

شێخ ڕەزا: لەبارەی (ئەمین فەیزیی) و (کاک ئەحمەد)ەوە ڕاست ئەکەیت . بەڵام ئەوە ڕاست نییە، کە من هەرگیز هەجووی (سەید)م نەکردبێت . چونکە (سەید)یش وەکوو من و تۆ مرۆڤن و باش و خراپیان تیایە و زۆرێکیشیان سەیدی درۆیینەن، بۆ وێنە لەبارەی عەشرەتی (جەباریی)ەوە کە شێخەکانیان خۆیان بە سەیدی بەرزنجەیی دائەنا؛ وتوومە:

(( وام ئەزانی؛ ئێوەش ساداتن، مەعاشتان نـابڕن
داخی داخانم جەباریی؛ خۆ لە ئێوەشیان بڕی ! )) *٩٤*

هەندێک عەشرەت و بنەماڵە، بە درۆ؛ خۆیان کرد بوو بە (سەید)، لەوانە عەشرەتی جەباریی کە خۆیان بە سەید دائەنا *٩٥*، یان بنەماڵەی خادیمو سوجادە کە خۆیان بە سەید دائەنا و شەجەرەیەکی درۆیینەیان بۆ خۆیان درووست کردبوو، گوایە؛ ئەچوونەوە سەر خەلیفەی سێیەم (عوسمان کوڕی عەفان) ** و (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیتب) *٩٦*! (شێخ عەلی)ی برام و (شێخ محەمەد عەلی)ی برازامیش کە نەخوێندەوار و هیچ لەبارا نەبوو بوو، باوەڕیان پێ کردبوون، هەر بۆیە لە جێیەکدا بە (شێخ حەمە عەلی)م وتووە:

((...شێخ، کە گەوادی وەکوو خادیمی سوججادە لەلای
سەییدی حـوڕ، لـە سـولالـەی عـەلـی و فـاتیمـە بێ... )) *٩٧*

لە شوێنێکی دیکەدا بە سەیدەکانم وتووە:

(( ز هر جا جمع گشتند اهل سادات
فـســادات، فـســادات، فـســادات )) *٩٨*

من هەجووی زۆر کەسم کردووە و لە کەشکۆڵی شیعرەکانمدا؛ ئەیبیننەوە . لەوانە (سەید نوری نەقیب، سەید ئەحمەدی بابە ڕەسووڵ، سەید ئەحمەدی خانەقا، ....)

بۆ نموونە؛ بە (سەید ئەحمەدی بابە ڕەسووڵ) م وتووە:

((...حاجی ڕەسووڵی زادە، مەفعووڵی شێخ ڕەزایە
ڕەزا بــە نــاڕەزایی؛ وەک مــاری بێ ڕەزایە... )) *٩٩*

لەگەڵ ئەوەشدا پەسنی ساداتم داوە، وەک:

(( موخالـەفەم نییە، من سەعـاتێکی میقـاتم
غوڵامی حەڵقە بە گۆشی جەمیعی ساداتم )) *١٠٠*

............................................................

گەدایی: یا شێخ، ئەم شیعرەی دواییان؛ (شوکور مستەفا) بەم جۆرە تۆماری کردووە:

(( موخـالـەفـەم نییە، مـن ساعەتێکی میقاتم
غوڵامی حەڵقە بگۆشی ڕەسووڵی ساداتم )) *١٠١*

هەروەها؛ لە پەراوێزی ئەم شیعرەدا نووسیویەتی: نیوەدێری یەکەمی شیعرەکە هینی شێخ ڕەزایە و نیوەدێری دووەمیشی؛ هینی غەوسی گەیلانییە !

شێخ ڕەزا: باشە (بگۆشی) واتای چییە ؟! ( ڕەسووڵی سادات): (پەیامبەری ساداتەکان)؛ باشە بۆچ غەوسی گەیلانیی؛ شیعر بە کوردیی ئەڵێت ؟!

.......................................................................

گەدایی: بەڕێز (حەکیم کاکەوەیس) دەڵێت: شێخ ڕەزا، تەنانەت هەجووی خۆیشی کردووە! ئەم شیعرەی جەنابتی بە نموونە هێناوەتەوە:

(( لـە خـەو هەستـام؛ خورابوو گوێزەبانە
هــەڵـیـدا ئــاگــری جــوعــم زەبــانــە
ئەهات دەنگی تـڕم، هـەروەک زەبــانــە
سەحەرگاهان کە (مەخموور) بێ شەبانە )) *١٠٢*

شێخ ڕەزا: من ئەم شیعرەم بەسەر (مەخموور ئەفەندی)دا وتووە، بەڵام هەجووی شیعرەکەم؛ لەسەر زاری هەجووکراوەکە خۆیەوە دەربڕیوە..هیقایەتەکەی ئەوەیە؛ کە گوێزەبانە بۆ منداڵێکی کوڕی نزیک لە (مەخموور ئەفەندی) کراوە، ئەویش هیلاک ئەبێ و بە سکی برسیی لێی ئەکەوێ و ئەوانیش خەبەری ناکەنەوە ...ئەویش لە برسان خەبەری ئەبێتەوە و ئەبینێت هیچیان بۆ نەهێشتووەتەوە...دەنا کێ جورئەتی ئەوەی کردووە؛ بەشی من بخوات و خۆی بخاتە بەر گورزی من ؟! ئەگەر من بەشم بخورایە؛ هێندە دەستو پێ سپی نەبووم کە لە دەستم قوتار ببن و جمێن و هەجووی منیان بەرنەکەوێت و لەجیاتی ئەوەی هەجووی ئەوان بکەم؛ هەجووی خۆم بکەم !

.......................................................................

گەدایی: باشە ! هەجووی مامەکانیشت زۆر بەپیسیی کردووە، یەک لەوانە؛ مامەعەزیزت . وەک لە دیوانی تۆدا هاتووە؛ پێی دەڵێیت:

(( هەر کەسێ ناوی مەلا عەزیزە
بـن گـونی دایـم؛ بـە گیزە گیزە
بەخۆی گـەواد و ژنەکەی حیزە
خواردنی گووە، شەربەتی میزە )) *١٠٣*

شێخ ڕەزا: وەک لە پێشوودا وتوومە؛ هەجووی هەندێک لە مامەکانم کردووە، بەڵام ئەو شیعرەی کە تۆ باسی ئەکەیت؛ لە هەجووی مامە عەزیزمدا نەموتووە ! من لەو شیعرەدا؛ هەجووی (مەلا عەزیز)م کردووە...بنەماڵەی ئێمە؛ بەگشتیی؛ بە (مەلا) نەناسراون و هەر بە (شێخ) ناسراون: (شێخ عەبدولڕەحمان، شێخ ستار، شێخ حەمید، شێخ عەلی، شێخ عەبدولعەزیز،...) تەنانەت خۆمیش (شێخ ڕەزا) ، واتە؛ هەرگیز مامە عەزیزم؛ بە (مەلا عەزیز) نەناسراوە، بەڵکوو بە (شێخ عەزیز) ناسراوە!

.......................................................................

گەدایی: بە نێوی (عەزیز)دا بیری ئەو شیعرەتم کەوتەوە کە لە هەجووی (عیزەتی تەل)دا وتووتە:

(( پیر، کە کۆکی و نەتڕی؛ دوورە لە مردن هێشتا
وردە ئـاهەنگی دوای کـۆکـە؛ نیشانەی ئـەجـەلـە
پیر، کـە کۆکی و تڕی؛ دەنگی وەک بـارە زەلـە

شـاهیدی مـوعتەبەرم؛ عیزەتی مەئموری تـەلـە )) *١٠٤*
بەڕاستیی تا بڵێی شیعرێکی جوانتان فەرمووە، ئەمە هەر ڕای من نییە؛ بەڵکوو تەنانەت (عەلادین سوجادیی)یش؛ بە شیعرێکی سەرسامکەری لەقەڵەمداوە و نووسیویە: (( بیری تیژی شێخ ڕەزا نەبێ؛ کەس ناتوانێ (دەنگی بارە زەل)ی بە دڵا بێت !)) *١٠٥*

شێخ ڕەزا: دەی وەڵڵا تۆ و (عەلادین سوجادیی)یش؛ کەوتوونەتە هەڵەوە، چونکە ئەو شیعرە؛ هینی من نییە .

........................................................................

گەدایی: یاشێخ، ڕەنگە گاڵتەم لەگەڵدا بکەیت، چونکە ئەو شیعرە؛ لە دیوانی شیعری ئێوەدا هەیە و هەر بە نێوی خۆتانەوە نووسراوە !

شێخ ڕەزا: نا، ڕاست نییە، وەکوو وتم؛ ئەو شیعرە هینی من نییە...چۆن شیعرێک کە هینی من نەبێت؛ ئەبێت بڵێم هینی منە ؟! ڕاستییەکەی ئەوەیە؛ ئەو شیعرە هینی (کوڕەکەی وەستا شەفێ)ە .
........................................................................

گەدایی: (کوڕەکەی وەستا شەفێ) کێیە ؟

شێخ ڕەزا: خۆی ناوی (وەستا ئەحمەد) بوو*١٠٦* کوڕی (وەستا ڕەسووڵی قازی) بوو، باوکی (وەستا ئەحمەد)؛ بە (وەستا شەفێ) ناسرا بوو، ئەم کابرایە؛ سەر بە بنەماڵەی (سەید ئەحمەدی بابا ڕەسووڵی بەرزنجیی) بوو، دووکانێکیان پێ دابوو؛ لە قەیسەری نەقیبی شاری سلێمانیی، لەوێدا؛ ئیشی بەرگدروویی ئەکرد، ئیتر جلوبەرگی شێخانی سلێمانیی و خەڵکیی ئەدروو*١٠٧* جا ئەو شیعرەی کە باستکرد؛ هینی کوڕی ئەم وەستا شەفێیەیە؛ واتە هینی (وەستا ئەحمەد)ە، کە لەو شیعرەدا؛ هەجووی (عیزەت)ی مەئمووری تەلگرافخانەی سلێمانیی کردبوو؛ کە ئەوکات دۆستی من بوو، منیش بە شیعر؛ بەرگریم لە (عیزەت) کردووە و وەڵامی ئەو شیعرەی کوڕەکەی شەفێم داوەتەوە، کە ئەمەیە:
(( تـۆیچ لـە من بووگی وە شاعیر، ئـەی حـەرامزادەی سنە
بـوچـە شـانـێ نـاخـەفێنی؛ مـەسرەفـی چـەس ئـەو تـنە ؟
(عیزەت) ئاهەنگی لە کوێ بوو؛ ئەی کوڕی وەستا شەفێ ؟
وردە ئـاهەنـگـێ؛ کـە فـەرمووت؛ هـا وەلای وەستـاژنـە )) *١٠٨*
(کوڕەکەی وەستا شەفێ) لە ڕاستییدا شاعیر نەبوو، بەڵکوو سووکە ماعیرێک بوو، لەگەڵ یەک،دوانێکی لاتو لەوێری وەک خۆی لە سلێمانیی؛ لەوانە کوڕەکەی (یایە گازێ) هێرشیان ئەکردە سەر دۆست و ئەحبابانم و زیتریش ئەیانویست بەهۆی منەوە ناوبانگی خۆیان دەربکەن. واتە ئەهاتن لە چەقی ڕێ ئەڕەین؛ بۆ ئەوەی ناویان بهێنن . هەر کوڕەکەی وەستا شەفێ؛ لەسەر ئەم وەڵامدانەوەی من، ئەڵێت:
(( شاهم، شیعری خۆت وەرگرە، کەمدەماغ و سەرسەری
مـن ئـەگەر زۆڵی سنـەم؛ تـۆ پوشت و گەواد و کەری )) *١٠٩*
........................................................................

گەدایی: ڕاوەستە یاشێخ ! یانی ئەو شیعرە هینی کوڕەکەی وەستا شەفێیە ؟ دەی خۆ لە دیوانە شیعرەکانی تۆدا؛ نووسراوە: ئەم شیعرە؛ وەڵامی (وەستا شەفێ)یە، نەک (کوڕەکەی وەستا شەفێ) *١١٠*هەروەها لە هەندێک لە دیوانی دیکەی ئێوەدا؛ پێیان وتووین؛ تۆ چوارینە هەجووەکەت بۆ (شوکری فەزڵیی) وتووە و ئەم دێڕەی دواییش؛ وەڵامی (شوکری فەزڵیی)ە بۆ تۆ ؟! *١١١* تەنانەت نیوە دێڕی دووەمی شیعرەکەش؛ لە دیوانەکانتدا؛ جیاوازترە لەوەی ئەمێسا تۆ وتت: کە بەمجۆرە هاتووە:

(( ئەگەر من گەوادی سنەم؛ تۆ پوشت و گەواد و کەری )) *١١٢* ؟!

شێخ ڕەزا: ئەوان کەیفی خۆیانە؛ چیی ئەڵێن و چییان وتووە، من تازە؛ دەستی ئەوانم پێناگیرێت کە شیعر و دیوانەکەمیان کۆڵەوار کردووە... ئەوجار با ئەمەشت بۆ ڕاست بکەمەوە؛ کە دەستەواژەی(زۆڵی سنە) ڕاستە، نەک (گەوادی سنە) لەبەرچیی ؟! لەبەرئەوەی من بە کوڕەکەی وەستا شەفێم وتووە: ((زۆڵی سنە)) دیارە ئەویش ئاماژەی بە جنێوەکەی من داوەتەوە و وتوویە؛ ئەگەر تۆ؛ بەمن ئەڵێیت (زۆڵی سنە)؛ ئەوا تۆش خوێڕی و گەوادیت ! وەکچۆن ئەگەر جنێو بە کەسێک بدەیت و پێی بڵێیت: ((هەی مانگا))! ئەویش بڵێت: (( ئەگەر من؛ مانگا بم؛ ئەوا تۆش کەری ))!

.............................................................................

گەدایی: دوو پرسیارم بۆ درووست بووە، یەکیان: لە شیعرەکەتانتدا کە هەجووی کوڕەکەی شەفێتان کردووە؛
بۆچیی زمانی شیعرەکەتان وا لێکردووە و ئەوە چیی زمانێکە و واتا و مەبەستی ((تۆیچ لە من بووگی وە شاعیر )) چییە ؟ هەروەها لە قسەکانتدا؛ وتت؛ (( ئەوکات عیزەت دۆستی من بوو)) ئەمە واتای چییە ؟ ئەی دواتر چیی بووە ؟!

شێخ ڕەزا: لەوی (عیزەتی تەل)؛ مەبەستم ئەوەیە؛ ئەوکات لەگەڵ عیزەتی تەل؛ لە یەک پێڕ بووین و (عیزەت) خۆی کەرنەکردبوو ! ئەوکات (عیزەت) کە لە تەلگرافخانە بوو؛ هەر لە ڕێی ئەوەوە؛ تەلگرافم بۆ ئەستەمبوڵ و شوێنی ترد لێ ئەدا؛ ئەوکات هەردوومان؛ پاڵپشتی یەکتر بووین، بەڵام دواتر کە خۆی کەر کرد ! هەر بەخۆم کەوتمە هەجووکردنی . وەک لە شیعرێکدا بە تورکیی؛ پێم وتووە:

(( عیزت، یوزنی تیغ زبانملە تراش ایت
آب دهنکلە دەهنی گوتشی باش ایت )) *١١٣*

لەبارەی ئەوەش کە بە (کوڕی وەستا شەفێ)م وتووە؛ ((تۆیچ لە من بووگی وە شاعیر)) مەقسەدم ئەوەیە؛ کە کوڕەکەی وەستا شەفێ؛ قسە و شیعر و دەستەواژەی منی دزیوە و خۆی پێوە کردووە بە شاعیر و ویستوویەتی خۆی پێ درووست بکات ...بۆ نموونە؛ من لە شیعرێکدا وتوومە:

((هەر لە دەنگی کەڕەنا و شەیپووری جەنگیزخان ئەکا
وردە ئاهەنگی پیاوی پیر؛ کە وەقتێ گان ئەکا )) *١١٤*

یان لە شیعرێکی تردا وتوومە؛

(( وەختێ ناجی ڕووتکرا؛ وەک شێری نەڕ جەنگی ئەکرد
گاهگاهێکیش لەترسان؛ وردە ئاهەنگی ئەکرد )) *١١٥*

بە ئاشکرا دیارە؛ کە کوڕی وەستا شەفێ؛ وشەی شیعرەکانی منی بەکارهێناوە لە دژی عیزەتی تەل . لەبارەی زمانی شیعرەکەیشەوە؛ ئەوە لەوەوە هاتووە کە کوڕەکەی وەستا شەفێ؛ خەڵکی (سنە) بووە و زمانی شیعرەکەم؛ خستووەتە سەر زمانی ئەو ، هەروەکچۆن (کوردیی)ی شاعیر؛ کە لەبارەی (قادر)ی لاوی خەڵکی سنەوە ئەدوێت و ئەیەوێت بە ناوی (قادر)ەوە قسە بکات؛ شێوازی قسەکردنی خۆی ئەگۆڕێتە سەر شێوازی (قادر) و بە شێوازی سنەیی؛ تۆماری ئەکات، وەک کوردیی ئەڵێت:

(( لە نەزعا پێی ئەڵێم: قوربان، جەفا بەسیە، ئەڵێ: کافر
هێشتا چیت دیگە، تۆ سەگ مەرگی، کارم ماگە پێت جارێ )) *١١٦*

یان لە شیعرێکی تردا ئەڵێت:

(( پێم ئەڵێ: خۆ عەقڵی تۆ؛ کەس نەیبووە، بۆ وا شێت بووگی ؟
سیحری چاوی خۆی نەدیوە، حەقیە لۆمەکا، بڕێ )) *١١٧*

ئەمە شێوەی قسەکردنی (قادر)ە :((چیت دیگە،کارم ماگە،شێت بووگی،..)) ئەوجار با بێمەوە سەر قسەکەی خۆم؛

(کوڕی وەستا شەفێ) و (مەستی ئەفەندیی) و (کوڕی بایە گازێ) و چەند کەسی تریش؛ لە پێش شوکری فەزڵییدا؛ شاعیری دەرباری بنەماڵەی (سەید ئەحمەدی باباڕەسووڵ) بوون و بەرگرییان لێی ئەکرد و لەسەر شیعرە هەجووەکانی من بە جواب ئەهاتن یان هەجووی دۆستانی منیان ئەکرد، بەڵام ئەم تاقمە؛ لە ئاستێکی ئەدەبیی ئەوتۆدا نەبوون و ئەوە بە ئێشی ئەوان نەئەشیا، (مەستیی) لە چاو ئەوانی دیکەدا باش بوو، بەڵام هیچیان وەک (شوکریی فەزڵیی) بەدەست و شیاو نەبوون .

..................................................

گەدایی: بەڵام هەندێک کەس دەڵێن؛ (شوکری فەزڵیی) هەر هەمان (کوڕەکەی وەستا شەفێ)یە *١١٨*؟

شێخ ڕەزا: ئەوە قسەیەکی زۆر نەشیاوە، تەنیا بە یەک شتی کورت جوابت ئەدەمەوە؛ باوکی (شوکری فەزڵیی) ئەفسەر بوو، ئیدی چۆن بە وەستا ئەناسرێت و شوکری فەزڵییش بە (کوڕی وەستا) ؟!

..................................................

گەدایی: ئەوکات کە لەگەڵ (کوڕەکەی وەستا شەفێ) کەوتیتە هەجووەوە؛ لە کوێ بوویت، یان با بڵێم مەیدانی هەجووەکەتان کوێ بوو ؟

شێخ ڕەزا: شاری سولەیمانیی بوو، چونکە (کوڕەکەی وەستا شەفێ) بەخۆی لە سلێمانیی نیشتەجێ بیوو، هەروەکوو لە شیعرێکدا بە خەیاڵ؛ باسم کردووە؛ چوومەتە (حەمامی غەفوور) و (کوڕەکەی وەستا شەفێ)م تیا ئەتک کردووە، وەک وتوومە:

(( دوێنێ شەو؛ بۆ دەفعی حاجەت؛ چوومە حەمامی غەفوور
سادەڕوویێکی تیا بوو، سمت و ساقی وەک بلوور

تا ئەگات بەوەی:

(( ئافەرم وەستا شەفێ، بۆ خۆت و نەسلێکی هەتە
ڕەبی ئاوا بێ سنە، دوور بێ لە ئافات و کودوور )) *١١٩*

جا (حەمامی غەفوور) یان (حەمامی غەفوور ئاغا)؛ حەمامێکی بچووکی شاری سولەیمانی بوو، تەنیا بۆ پیاوان بوو*١٢٠*، پێشی ئەوترا (حەمامە بچکۆلە) *١٢١* ناوی حەمامەکە؛ لە ناوی خاوەنەکەیەوە هاتووە، کە (حاجی غەفووری کوڕی حاجی محەمەد)ی دانیشتووی گەڕەکی سابوونکەرانی شاری سولەیمانیی بووە *١٢٢* ئەم حەمامە؛ بەرانبەر (گومرکە سووتاو) بوو

.........................................................

گەدایی: جەنابتان باسی (کوردیی) شاعیر و (قادر)ی لاوتان کرد؛ بەڵام بەڕێز (حەمە بۆر) کتێبی دووبەرگیی گەورەی لەسەر شیعرەکانی (کوردیی) هەیە ، بەڕێزیان لە کتێبەکەیاندا؛ ڕەتی دەکەنەوە کە (کوردیی)ی شاعیر پێوەندیی لەگەڵ (قادر)ێکی لاودا هەبوو بێت ؟

شێخ ڕەزا: قوربان، عەرزی حاڵت کەم! (کوردیی)ی شاعیر هەتا مرد ژنی نەهێنا . ئەزانی بۆچیی؟! چونکە (کوردیی) هەر بە تەبیعەت حەزی لە جنسی (ژن) نەبوو و تالبی ڕەگەزی (مێ) نەبوو حەزی نەچووەتە سەری . بەشێوەیەکی گشتییش؛ شیعرەکانی (کوردیی)؛ باسی هەنار و سێوی مەمک و باغی سینە و ئەو جۆرە دەستەواژانەی زۆر کەمم تیایە و لە بەرانبەردا، ئەوتاقو لۆقەش کە هەن؛ ئەوە ئەسەلمێنن؛ کە (کوردیی) حەزی شیعر وتنی بۆ ئافرەت نەبووە و لە هەر جێیەکیش باسی ئافرەتی کردبێت؛ یەکسەر بەدوایدا فەزڵی کوڕی داوە بەسەریاندا... واتە (کوردیی) ڕەگەزی (نێر)ی بەلاوە پەسەندە و حەزی لێیەتی!

.........................................................

گەدایی: یا شێخ چۆن بزانین؛ ئەو شیعرانە بۆ کوڕ وتراون ؟! کێ ناڵێت هەر بۆ ئافرەت نەوتراون ؟! من بۆ خۆم باوەڕ ناکەم . چونکە ئەوە نییە (کوردیی) بەخۆی دەڵێت؛

(( گەر لە عیشقی سادەڕوویان ؛ دڵ بگۆڕم؛ بێگومان
مورتەدم، یەعنی ئەسیری زوڵف و پوستانی ژنم )) *١٢٣*

ئەی ئەوە نییە؛ (کوردیی) دەڵێت؛ من بەندی زوڵف و مەمکی ژنم ؟

شێخ ڕەزا: گەدایی گیان ! ئەوە بە هەڵە؛ لە مانای شیعرەکە تێگەیشتوویت ! بەڵکوو ماناکەی تەواو بە پێچەوانەوەیە ! ماناکەی ئەمەیە: (( ئەگەر لەسەر پێڕەوییم لە خۆشەویستییم بۆ کوڕان وازبهێنم و بچمە سەر عەشقی زوڵف و مەمکی ژن و پێوەی ئەسیر ببم؛ ئەوا لە دین و ڕێبازی خۆم هەڵگەڕاومەتەوە )) !

.........................................................

گەدایی: یا شێخ، دینی چیی و ڕێبازی چیی ؟!

شێخ ڕەزا: (کوردیی) ئەڵێت: هەموو دنیا؛ مەستی جامی عەشقن، هەریەکەش؛ جامەکەیان جۆرە شەرابێکی تیایە . (سامیری)ی گوێرەکەی ئەپەرست، (خوسرەو) و (فەرهاد)؛ عاشقی عیشقی مەجازیی بوون، واتە عاشقی ژن بوون، (مەولانا) و (مەنسووری حەلاج) و دەیانی تر؛ مەستی عیشقی ئیلاهیی بوون، (حافظ) و (سەعدی شیرازیی)ی شاعیر و چەندی تریش؛ مەستی بادەی ئەدەبیات و شیعر بوون . هەریەکە ڕێگەی خۆی گرتۆتە بەر، ئیتر ئەی مەلا و وشکە سۆفییان، واز لە من بێنن، با منیش؛ ڕێگەی تایبەتی خۆم بگرمە بەر، کە عاشق بوون بە کوڕ یان

هاوڕەگەزبازییە ! ئیتر لۆمەم مەکەن و سەرکۆنەم مەکەن با منیش ڕێ و ڕێبازی خۆم بگرمە بەر ! (کوردیی)، بەوجۆرە بەهانە بۆ کارەکەی خۆی ئەهێنێتەوە و کارەکەی خۆی بە (عەشق) دائەنێت !

(( (سامریی) و (سەحبان) و (جارولّلاه) و (لوقمان) و (سەطیح)
موخبیری کوللی علومێک بوون و سەرگەردانی عەشق
(حافظ) و(سەعدیی) و (نیظامیی) و(قەیس) و(جامیی) و(دەهلەویی)
فەیض خواه و مەعریفەتجۆ بوون؛ لە شاگردانی عەشق
(خوسرەو) و (مەحموود) و (فەرهاد)؛ هەرسێ شا و شازادە بوون
ئاخری بووشن بە عەبد و چاکیری سوڵتانی عەشق
(شەمس) و (مەولانا) و (مەنصوور)؛ کەی بە سیڕ مەحرەم ئەبوون
تا نەیان خواردایە؛ ڕیزەی نانی سفرە و خوانی عەشق
(زاهید) ئەر خوێندووتە؛ تەفسیری {لکل وجهة}
قەت مەدە طەعنە؛ لە مەستیی و بێخودیی ڕەندانی عەشق
مولتەجیء نابێ بە کەس (کوردیی)؛ لە دونیا و ئاخیرەت
ڕۆژی دیوانی خودا؛ دەستی من و دامانی عەشق )) *١٢٤*

.............................................

گەدایی: باشە، هەڵویستی (سالم)ی شاعیر و خزم و هاوڕێی (کوردیی)؛ چیی بووە بەرانبەر بەم ڕەوشتەی (کوردیی) ؟

شێخ ڕەزا: من بەو شیعرنامەیە بۆت ڕوون ئەکەمەوە، کە لە نێوان (سالم) و (کوردیی)دا ئاڵوگۆڕی پێکراوە . (سالم) لە غەریبایەتییەوە؛ نامەی بۆ (کوردیی) ناردووە و لێی پرسیوەتەوە؛ کە ئایا ڕاستە کە ئەڵێن؛ عاشقی کوڕە لاوێک بووە ؟ (کوردیی)یش بە شیعرنامەیەک جوابی ئەداتەوە؛ کە بەڵێ ڕاستە، ئەو عاشقی ئەو کوڕە بووە و ئەڵێت؛ لەبەرئەوەی عاشق بووم و دڵم شێواوە؛ ناتوانم جوابت بدەمەوە و بڵێم بۆچیی ئاشق بووم، لە قادر خۆی بپرسە ! ئەگەر ڕۆژێک بینیت !
(کوردیی) مەبەستی لەوە نییە؛ کە (سالم)؛ لە (قادر) بپرسێ، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە؛ وەرە تۆش عاشقی (قادر) بە ، ئەوکات وەڵامت دەست ئەکەوێت و لە حاڵی ئێستەی منیش تێئەگەیت !

.............................................

گەدایی: (قادر) کێیە ؟

شێخ ڕەزا: (کوردیی) لەم شیعرەدا تەنانەت ناونیشانی ماڵەکەیشی داوە، ئەڵێت:
(( گەر ئەپرسی مەنزڵ و لیباس و طائیفەی
ماڵیان نزیک بە بەندیخانە و ئاشی ئەحان
ئەسمەرە، لاغیرەتە، باڵا میانە، کەچ کولاە
سوخمە سەبزە، مەیتەن ئاڵە، چاو خومار، ئەبرۆ کەمان )) *١٢٥*
ئەم زانیاریی شێوەی جلو بەرگ و باڵای (قادر)ی لە چەند شیعری تریشدا دووبارە کردووەتەوە .

.............................................

گەدایی: بەڵام یا شێخ ، لەو شیعرەدا؛ هاتووە ((سوخمە سەبزە)) دەی خۆ سوخمە هینی ئافرەتە !!

شێخ ڕەزا: تۆ زۆر بێ خەبەریت ! مەگەر نازانیت کە (سوخمە)؛ جۆرێک لە جلی پیاوانەی سەردەمی ئێمە بووە ! بۆ ئەوە؛ لە پیاوە قەدیمییەکان بپرسە پێت ئەڵێن !

..................................................................

گەدایی: زۆر باشە، پرسیارگەلێکم هەن هەر لەبارەی کوردییەوە، سەروەختتانی پێ دەگرم، لەم دێڕە شیعرەی (کوردیی) تێنەگەیشتم لە دیوانەکەیدا، ئەگەر بکرێت بۆمی ڕوون بکەیتەوە:

(( سروشکم نـەقشـی نـــاوی تـــۆ ئـەکێشێت
کە جێم سەرداریی‌یەکەی مەنصورە ئەمشەو )) *١٢٦*

شێخ ڕەزا: ئەو وشەیەی شیعرەکە: ((سەردارییەکەی) هەڵەیە و (سەردارەکەی) ڕاستە...ئەوجار ئەگەر ئەم دێڕە شیعرەی (کوردیی)؛ بخەینە پاڵ دێڕێکی تری ئەوسا؛ بە تەواویی لە مەبەستی تێئەگەیت، ئەو دێڕەش:

(( وەکوو مەنصور ئەگەر بشمسووتێنن
(انا القادر) ئـەڵێ، گـەرد و غوبـــارم )) *١٢٧*

بەمجۆرە؛ مەبەستی لە (سەردارەکە) ئەوەیە : ئەمشەو وەک مەنصوری حەللاجم لێهاتووە، کە لەسەر تەختەدار؛ سەری پەڕێنرا بوو، دوای سەرپەڕاندنەکەی؛ بە خوێنە ڕژاوەکەی؛ نووسی (انا الحق)...منیش ئەمشەو بە فرمێسکەکانم؛ ئەنووسم (انا القادر) !

ئەمجار با ئەوشت پێ بڵێم؛ هەندێک جار (کوردیی) لە شیعرەکانیدا؛ ناوی هەردوو (قادر)ی لاوی خۆی و (شێخ قادری گەیلانیی) هێناوە و وابەستەی یەکدی کردوون، وەک لەم شیعرەدا:

(( هەر کەسە؛ عـەبـد و موریدی مورشیدێکە . ســا ئـەمن
هەروەکوو (هیجریی) مورید و گیانفیدای هەمناوی تۆم )) *١٢٨*

..................................................................

گەدایی: بەڵام یا شێخ خۆ هیچ نێو قادرێکم تیا نەبینی !

شێخ ڕەزا: بۆ نا ! تیایەتی، بەڵام بەشێوەی ناڕاستەوخۆ باسی کردوون ، ئەگەر شیعرەکە ڕاڤە بکرێت؛ ئەوکات ئەزانرێت ناوی هەردوویانی هێناوە، (کوردیی) مەبەستی لەم شیعرەدا ئەوەیە کە بڵێت؛ من موریدی شێخ(قادر)ی گەیلانییم . کە هاوناوی تۆیە، ئەی (قادر)ی خۆشەویستم . مەبەستیشی لە (قادر) لێرەدا ناوی خودا(قادر) نییە.. بەڵکوو مەبەستی لە مورشیدە، کە (شێخ قادری گەیلانیی)ە . ئێستە بۆت دەرکەوت کە چۆن هەردوو نێو قادرەکەی هێناوە ؟

..................................................................

گەدایی: بڵێم چیی یا شێخ ! سەرم لەو بێنە و بەرەیە دەرنەچوو !

شێخ ڕەزا: دە کەوایە وازی لێ بێنە!

..................................................................

گەدایی: من هەڵەیەک بەدی دەکەم..لەو شیعرەی پێشوودا؛ کە تۆ دەڵێیت؛ بۆ (قادر)ی لاو وتراوە؛ شاعیر ناسنێوی (هیجریی) بەکارهێناوە..لێکۆڵەرەوەکانیشمان پێیان وتووین (مستەفا بەگی ساحێبقڕان) لە گەنجییدا ناسنێوی (هیجریی) بەکارهێناوە و دواتر وازی لێهێناوە و ناسنێوی (کوردیی) بەکارهێناوە*١٢٩* واتە بەپێی ئەو ناسنێوەی بێت؛ دەبێت شیعرەکە؛ هینی سەردەمی گەنجیی و لاوی شاعیر بوو بێت؛ کەچیی بە حسابی تۆ بێت (کوردیی) لە پیریی‌دا عاشقی (قادر) بووە . پێت وانییە، ئەم دوو شتە یەک ناگرنەوە و بەڕێزتان سەهووتان کردووە؟

شێخ ڕەزا: وتت لێکۆڵەرەوەکانتان وا ئەڵێن ؟! دە نەخێر ، پێیان بڵێ؛ ئەوان بە سەهوودا چوون ! ڕاستییەکە ئەمەیە کە پێت ئەڵێم: (مستەفا بەگ) هەردوو ناسناوی (کوردیی و هیجریی) بەکارهێناوە هەتا کۆتایی تەمەنی و دەستبەرداری هیچکام لە دوو ناسناوەیش نەبووە، من بە بەڵگەوە پێت ئەڵێم . بۆ نموونە؛ (مستەفا بەگ) لە سەردەمی پیریی‌دا؛ شیعری لەگەڵ (سەیدیی)ی شاعیری هەورامیی‌دا گۆڕیوەتەوە، لەو شیعرەدا ناسناوی (هیجریی) بەکارهێناوە . (سەیدیی)یش کە هاوتەمەنی (کوردیی) بووە، پێمان ئەڵێت کاتی ئەو نامە گۆڕینەوەیە؛ سەردەمی پیرییان بووە؛ وەک ئەڵێت:

(( بــە ســادار، عــەشــق یــاوام بــە پیریی

ئەصڵا ڕام نەکەوت من وەلای ژیریی )) *١٣٠*

ئەگەر (سەیدیی) پیر بووبێت؛ ئەوا (کوردیی)یش پیر بووە، واتە لە سەردەمی پیرییشدا وازی لە ناسناوی(هیجریی) نەهێناوە..بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ئێوەوە .

........................................................

گەدایی: بەڕێز (حەمەبۆر) دەڵێت: (کوردیی) لە ساڵی (١١٩٧)ی کۆچیی؛ بەرانبەر بە (١٧٨٢)ی مەسیحیی لەدایکبووە، ئەو ساڵی لەدایکبوونەشی؛ لەوەوە وەرگرتووە، کە لەسەر ئەمووستیلەکەی (کوردیی)؛ ئەم نووسراوە فارسییە هەبووە: (( احمد است جد و پدر محمود و نامم مصطفی)) کە بە حسابی ئەبجەدیی؛ دەکاتە (١١٩٧) هەروەها (کوردیی) (٧٧)ساڵ ژیاوە و ساڵی (١٨٥٩م) مردووە، واتە دەساڵێک دوای ڕوخانی میرنشینی بابان *١٣١* ئێوە لارییتان لەمە هەیە ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ لارییم لێی هەیە، چونکە (کوردیی) چەند ساڵێکی کەم دوای ڕوخانی ئەمارەتی بابان مردووە، هەروەها حیسابکردنی ئەو دێڕە فارسییە؛ هەڵەیە و ناکاتە (١١٩٧) بەڵکوو ئەکاتە (١١٩١) پێم بڵێ؛ بزانم ئەو بەڕێزە چۆن پیتەکانی کۆکردووەتەوە ؟

........................................................

گەدایی: بەڕێز(حەمەبۆر) بەمجۆرە حسابی کردووە:

(احمد است=٥١٤)+(جدو=١٣)+(پدر=٢٠٦)+(محمود=١٠٤)+(نامم=١٣١)+(مصطفی=٢٢٩) = ١١٩٧ *١٣٢*

شێخ ڕەزا: دەی کەوایە؛ هەڵەی لە حسابکردنی وشەی (محمود)دا کردووە، ئەو بەڕێزە بە (١٠٤)ی حساب کردووە، بەڵام لە ڕاستییدا ئەکاتە (٩٨) بەمجۆرە:

(م=٤٠ + ح= ٨ + م = ٤٠ + و = ٦ + د= ٤) = ٩٨

ئەمەش مانای ئەوەیە، کە (٦) ساڵی زیادەی بۆ تەمەنی (کوردیی) داناوە

........................................................

گەدایی: بەڕێز (حەمە بۆر) لەبارەی ئەم دێڕە شیعرەی (کوردیی)ەوە:
(( شـاهـیـدان، حەقیانە نازی جوانی بفرۆشن، وەلێ
ئەم بە ماڵ و دڵ؛ ڕەضا نابێتوو سەر یەغما دەکا )) *١٣٣*
دەڵێت: ئەم هۆنراوەیە؛ نیشانەی لاوازبوون و شێواویی تیایە، ئاواتەخوازیشە کە سەرچاوەیەکی دی هەبوایە؛ کە لێڵیی ئەو شیعرەی بۆ ڕوون بکردایەوە.... کەوایە بۆچیی من لە تۆ نەپرسم، کە ئەم دێڕەمان بۆ ڕاست و ڕوون بکەیەوە ؟

شێخ ڕەزا: ڕاستە، شیعرەکە شێواو و بێ مانایە، ئەمەش لەبەرئەوەیە دەستکاریی وشەی شیعرەکە کراوە و ماناکەی گۆڕدراوە، کە شیعرەکە خۆی ئاوایە:
(( شـاهـیـدان، حەقیـانە نازی جوانیی بکڕن، وەلێ
ئەم بە ماڵ و دڵ؛ ڕەزا نابێت و سەر یەغما دەکا ))
مانای شیعرەکەش ئەوەیە: ئەوی ئەو دڵبەرە ببینێت؛ هەقیەتی ماڵ و سامانی خۆی؛ لە پێناویدا دابنێت، تاکوو نازی جوانییەکەی بەدەستبێنێت. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە؛ ئەم دڵبەرە؛ بە ماڵ و سامان و دڵسۆزیی و دڵ پێدان؛ ڕازیی نابێت و بە لەناوچوون و سەرخورانی دڵدارەکەی دڵی ئاوئەخواتەوە .

.......................................................

گەدایی: بەڕێز (حەمە بۆر) پێی وایە سروشتی تۆ و (کوردیی) لێک جیاوازە، وەک دەڵێت:
(( (کوردیی)، لە هەڵبەستەکانیدا یەکجار بە ئەدەب و زمانپاک بووە، سروشتی (شێخ ڕەزا)ش لە ئاخاوتن و هەڵبەستەکانیدا؛ زۆر دەمپیس و بێ شەرم، چاو لە دەستی خەڵک و خوازەڵۆک بووە و بەزۆری زەمکردنی کەڵکی لە خەڵک وەرگرتووە، بە پێچەوانەی سروشتی کوردییەوە . ئەمجا (شێخ ڕەزا) کە دەبوو هەر لە بنەڕەتدا (کوردیی) نەویستایە؛ بەو حاڵەش (کوردیی) بە یەکێ لە گەورەترین شاعیرانی کورد زانیوە و بەڕێزەوە ناوی بردووە .)) *١٣٤*؟

شێخ ڕەزا: لەگەڵ ڕێزمدا؛ ئەو بەڕێزە؛ نە لە من تێگەییوە و نە لە (کوردیی)یش ! من بۆیە (کوردیی)م بە شاعیرێکی هەرە مەزن داناوە و پێی سەرسام بووم ، چونکە سروشتمان لێک نزیک بووە، بە پێچەوانەی قسەی ئەو بەڕێزەوە . ئەمجار ئەوی کە ئەو بەڕێزە ئەڵێت؛ شتم لە خەڵک و خوازەڵۆک سەندووە؛ ڕاست نییە . من بە زۆری شیعر؛ شتم لە خەڵکی ڕەشو ڕووت نەسەندووە، من ئەگەر تشتێکم وەرگرتبێت؛ لە ( میر و ئەمیر و ئاغا و نەقیب و ئەشراف و پادشا و سوڵتان)م وەرگرتووە . لە ناونیشانی شیعرەکانیشدا ئەمە ئەخوێنیتەوە، وەک (ئێستری میر ، کەڵەشێر و مریشکی نەقیب، تووتنی ئەسعەد ئاغا،...) ئەو وەرگرتنانەش، زێتر خەڵات و دیاریی ئاشنایی و ڕۆشنایی و خەڵاتی بەهرە ئەدەبییەکەم بووە... ئەمجار ئەو بەڕێزە ئەڵێت؛ سروشتی من و کوردیی لێک جیاوازە ! ئایا ئەو بەڕێزە هەموو شیعرەکانی کوردیی لە بەردەستدایە؛ تا ئەو بڕیارە بدات ؟

.......................................................

گەدایی: بڵێم چیی یا شێخ، ئەوی ڕاستی بێت هەموو شیعرەکانی (کوردیی) لەو دوو بەرگە کتێبەی بەڕێز (حەمەبۆر)دا کە (١٢٢٣) لاپەڕە دەکەن؛ تەنها (١٢٤) شیعرە، ئەویش بە کوردیی و فارسییەوە . واتە لە هەر (١٠٠) لاپەڕەدا؛ تەنیا یەک هۆنراوە هاتووە...منیش لەگەڵ قسەی ویدا نیم بەرامبەر بە ئێوە و پێم وایە؛ بڕیارەکانی بەڕێز (حەمە بۆر)؛ بڕیارێکی سەرپێی و ناکامڵە ؛ لەگەڵ ئەوەشدا موبالەغە و پێوەنانێکی گەورەی کردووە و تا ئەوەی گەیشتووەتە ئەوەی کە بنووسێت:
((هاکا بڵێم؛ (کەلێن)م لە سەراپای ژیانی کوردیدا نەهێشتووەتەوە و پەیم پێ بردووە )) *١٣٥* !

شێخ ڕەزا: ئەو کەمە شیعرە؛ بە بەرکولێک لە شیعرەکانی (کوردیی)یش حساب ناکرێت، دیارە ئەو کەمە شیعرەش کە لەبەر دەستی ئێوەدایە؛ زۆربەیان شیعرەکانی سەردەمی پیریی ناوبراون و زۆرتان لێی هەڵنەکڕاندووە و دەستتان لە هەمانەکە گیر نەبووە و لویچێکتان لێ هەڵگۆزییوە و واتان زانیوە و کورە هەنگوینەکەتان هەمووی دۆزیوەتەوە ! نەخێر، سروشتی من و (کوردیی) دژیەک و جیاواز نییە، بەڵکوو سروشتێکی چونیەکمان هەیە و کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشمان هەیە؛ من و (کوردیی) ئاشقی شیعری بێپەردە بووین، شیعرەکانی (کوردیی) بۆ (قادر)ی لووسکەلە؛ بێگومان ئەچنە قاڵبی شیعری بێپەردەوە، تەنیا ئەوە هەیە، شیعری من؛ هەر تەنیا شیعر بوو، بەڵام ، ئیشەکەی ئەو پتر لە تاقیکردنەوەی توانای ئەدەبیی بوو، واتە (کوردیی)؛ هەر بە دڵ و دەروون؛ (نێرباز) بوو .

من و (کوردیی)؛ هەردوومان لایەنگری تەریقەتی قادریی بووین، زیاد لەوەش هەردوومان موریدی یەک شێخ بووین، کە ئەویش (شێخ عەبدولقادری گەیلانیی)ە . جگەلەوەش (کوردیی) و (نالیی) و (سالم) لەوانە بوون؛ کە سەردەقی هەجوویان بۆ شاعیرانی دوای خۆیان شکاندووە...(کوردیی) و (سالم) هەجوویان زۆر بووە، بەڵام بەداخەوە بەر دەستی ئەو بەڕێزە نەکەوتوون..تەنانەت هەندێک لەو شیعرانە هێندە جوانن؛ کە بەخۆم لاساییانم کردووەتەوە، بەتایبەتیش شیعرە هەجووەکانی (سالم) .

بە پێچەوانەی قسەی ئەو بەڕێزە کە ئەڵێت؛ (کوردیی) لە شیعرەکانیدا زمانپاک بووە، ئەمە شیعری کوردییە کە ئەڵێت:

(( هێند بەخرۆش و بـەتـاوە؛ پیـرێژن {مردووی مریٚ}

نالێ بەسیە، بێت و گەر بیگێ هەموو ئەهلی زەمین )) *١٣٦*

ئەبێت زمانپاکیی ئەم شیعرە؛ لە کوێیدا بێت ؟

من بەخۆم لاسایی (کوردیی)م کردووەتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی تازە ئەزموون پەیداکردنی شیعر و تافی لاوییمدا، کە زۆر کەوتبوومە ژێر کاریگەریی ئەو شاعیرەوە، بۆ نموونە (کوردیی) شاعیر؛ لە شیعرێکدا ئەڵێت:

(( گوتم با ماچی چـاوت کـەم، بـە سندوقی سەری کـاکت

گوتی: لا، لێم گەڕێ توخودا، چ بێ شەرم و حەیایەکە )) *١٣٧*

منیش لە کۆتایی شیعرێکمدا لاساییم کردووەتەوە و وتوومە:

(( خـواستی لـێـی مـاچێ (ڕەزا)، کـافرە نەیدایە، وتی:

ئەی خووا؛ لەم کورە شێخزادەیە، چەند بێ ئەدەبە ! )) *١٣٨*

ئەو شیعرە هینی تافی لاوییمە .

.......................................................

گەدایی: بەڵێ، بەڵێ، وایە... هەردووتان لە نیوەدێڕی یەکەمدا؛ داوای ماچتان کردووە، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا؛ (یار) ماچی پێنەداون ، هەروەها پەنای بە خوا گرتووە لێتان، هەروەها هەردوویشتانی بە (بێ حەیا و بێ ئەدەب) داوەتە قەڵەم . ئەمە لێکچوونێکی زۆرە، ئێ چیدی ؟

شێخ ڕەزا: هەروەها بۆ نموونە زۆر کەڵکم لەو شیعرەی (کوردیی) وەرگرتووە کە لەژێر ناوی (لەقەبی صالحە)یە و لەزۆربەی لە دەستەواژەکانی ناو ئەو شیعرە؛ سوودم وەرگرتووە و لاساییم کردووەتەوە ، نموونەیەک لەو شیعرە؛ (کوردیی) ئەڵێت:

(( بە خەسیسیی نییە مانەندی؛ لە ڕۆم و عەجەما

وەکوو ئەم کوونییە، ئەسپابی موهەییا نەبووە )) *١٣٩*

منیش وتوومە:

(( گـەواد و تـەرەس و مـولحید و بێدین و مونـافیق
مەردوودێ نییە میسلی، لە مۆسقۆف و عەجەمدا )) *١٤٠*

یان (کوردیی) لەبارەی ئەو گەندەموویەی کە خەتی داوە لە دەوری لێوی (قادر) وتوویە:

(( سوپای خەت؛ غەیری مووکێش یانە تیغ چاری نییە لای کەس
بـە دەریـای عیلمـەوە هیچمە نـەکرد، بـا بچمـە دەللاکیی )) *١٤١*

منیش لەبارەی (موو)ی ڕیشی (حەمەی وەستا فەتاح)ەوە وتوومە:

(( هەزار ئەفسوون و جادووی پێوە ئاوێزانە، ئەم ڕیشە
عیلاجی گەر ببێ؛ یا گووزە؛ یـا گـوێزانە ئەم ڕیشە )) *١٤٢*

.................................................................

گەدایی: دیارە؛ (چا) زۆر دەمێک نییە کە هاتووەتە ئەم وڵاتەی ئێمەوە. (کوردیی)ی شاعیر؛ شیعرێکی هەیە بەسەر (چا)دا، کە لە کۆڕی چا خواردنەوەی فەقێکاندا وتوویەتی. بۆ نموونە ئەو شیعرەی کە لە سەرەتاوە ئەڵێت:

(( چا، مەرهەمی زەخمانە
دەرمـانـی بـریـنـانـە
ئـەجـزایـی طـەبییـانـە
غـەمخـواری حـەزینـانە...)) *١٤٣* جا دەمەوێت بپرسم ئایا کەسی دیکە پێش (کوردیی) شیعری بۆ (چا) وتووە، یان تازەکیی لەسەردەمی ئەودا (چا) هاتووە و ئەو پێشدەست بووە ؟

شێخ ڕەزا: قوربان! دیوانی کوردیی؛ وەک سەرجەمی شاعیرانی تر بەخۆیشمەوە، سەروگوێیان شکێنراوە و پۆستکەن کراون.... ئەگەر بچیە بنج و بناوان؛ بۆت دەرئەکەوێت کە ئەو شیعرە؛ هینی (کوردیی) نییە.. ئەو شیعرە بەهۆی چیرۆکێکی سەرزارەکییەوە؛ کراوە بەناوی کوردییەوە، ئەویش بە دوو گێڕانەوەی جیاواز ! بەڵام ئەصڵی مەسەلەکە ئەوەیە؛ لە سەردەمی (کوردیی)دا؛ (چا) باوی نەبوو و لەناو خەڵکدا بڵاونەبووبووەوە و ناسراو نەبوو، چ ئەوەی بگات بە دەستی فەقێ کە چینە هەرە ڕەشو ڕووتەکەی کۆمەڵگە بوون!

نەخێر لە سەردەمی (کوردیی)دا؛ (چا) نەهاتبووە کوردستان، بەڵکوو لە دوای (کوردیی)؛ وردە وردە هاتە کوردستانەوە و لەبەرئەوەش کە لە هەوەڵەوە نرخەکەی گران بوو، بۆیە ئەگەر کەسانێک؛ دارا و دەسترۆییو و لەوانە نەبان کە دەستیان ئەگەیشتە دەمیان؛ فێزیان بە چاخواردنەوە لێنەئەدا، هەر پاش چەند ساڵێک وردە وردە بەناو خەڵکدا تەشەنەی کرد و خەڵکانی ئاسایی، ئەوانەی توانای کڕینی شەکر و چایان هەبووبا؛ ئەبوونە هۆگری (چا) . تەنانەت ئەوکات شەکر ئەوەندە گران بوو، ببووە خواردنێک کە خەڵک بە ئاواتی خواردنیەوە بێت و لە بۆنەیەکی گەورەدا نەبووایە دەست نەدەکەوت، بە نموونە لە هاوسەرگیریدا شەکریان ئەهێنا و ئەیانکردە مەنجەڵێکەوە و ڕایاندەدا و دەبوو بە (شەکراو) ئەوجار بە پەرداخ بەسەر ئامادەبووانی هاوسەرگیرییەکەدا دابەش ئەکرا و ئەخورایەوە، هەر لەمەشەوە ناوی شەکراوخواردنەوەی وەرگرت.

بەخۆم شیعرم هەیە باسی (چا)ی تیا کراوە، وەک وتوومە:

(( چایەکەی مامەغەفوورم؛ زەردە وەک میزی نەخۆش
ئیحتیـاج نـاکا بە ئاگر، هـەر بە دوو تڕ؛ دێتە جۆش )) *١٤٤*

.................................................................

گەدایی: بەڵام بەڕێز (حەمە بۆر) نووسیویە: (( دەبێ ئەوە بزانین؛ (چا) لە سەردەمی (کوردیی)دا هەبووە و لەوەبەر هەڵبەستی ترم لەبارەی (چا)وە نەدیوە، بەڵام لە دوای (کوردیی) هەڵبەستی هۆنەرانی دیکەمان هەن، لەوانە (حەریقیی)...)) *١٤٥*؟

شێخ ڕەزا: بەڵام ئەوە تەنیا قسەیە و بەڵگەی لەتەک نییە، لە ڕاستییدا (چا) لە سەرەتای ساڵی هەشتاکانی سەدەی نۆزدە؛ هاتە ناو شاری کەرکووکەوە، شاری (سولەمانیی)یش لە دوای کەرکووک، پێی گەیشت، (مامە غەفوور)م کە ئەڵێم لە دیوەخانەکەیدا (چا) هەبووە؛ مانای ئەوە نییە؛ لەوەتەی هەیە؛ (چا)ی هەبووە، نەخێر، بەڵکوو لە تەمەنی پیرییدا؛ ئاشنای (چا) بوو، مامە غەفوورم؛ ساڵی (١٣٠٧)ی کۆچیی؛ بەرانبەر بە (١٨٨٩-١٨٩٠)ی مەسیحیی مردووە. *١٤٦* بەڵام لە پێش چایەدا؛ (قاوە) هەبووە، ئەویش خواردنی هەر کەس نەبووە و ئەگەر کەسێک خاوەن لا و دیوەخان نەبووبا؛ پێی هەڵنەئەسووڕا .

..............................................................

گەدایی: بەڵێ، قسەکەت تەواوە..ئەوەتە بەڕێز (ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە)ش دەڵێت:
(( بۆ یەکەمجار؛ (چا) لە نێوان ساڵانی (١٨٨٥-١٨٩٠م) هێنرایە سلێمانییەوە و خەڵکیی پێی ئاشنا بوون و دواتریش چاخانەش کرایەوە، تەنانەت ئەو کەسەی کە یەکەمجار چای هێناوە بۆ سلێمانی ناسنێوی (چایی) بەسەردا براو بو بە ناویش بۆ بنەماڵەکەیان، مەلا محەمەدی مەلاغەفووردوای ئەوەی کە چای هێنا، نێوی بە مەلا محەمەدی چایی دەرکرد، ماڵی نێوبراو لە گەڕەکی دەرگەزێن بوو، حەوشێکی گەورە و باخ و حەوزێکی فراوانی تێدا بوو، زۆر لە گەورەپیاوان دوای ئەوەی زانییان چایی هێناوە و دەخورێتەوە، بۆ چاخواردنەوە دەبوون بە میوانی )) *١٤٧*

شێخ ڕەزا: بەڵێ، وەک پێموتیت؛ دیوانی شاعیرانمان فرە شێواو و گەند کراوە، هەر لە شیعر لێ زیادکردن و زیادکردن و کەمکردن لە شیعرەکاندا و دەستکارییکردنی وشەی شیعرەکان و چیرۆک هەڵبەستن بۆ شیعرەکان... لە دیوانی کوردیی بڕوانە، بزانە چۆن دەستکاریی وشەکانی تیا کراوە، هەر بۆ نموونە سەیری شیعری ژمارە(١٠٦) ی بەرگی دووەمی دیوانەکە بکە کە بە هەڵە ژمارە (٦٠١)ی بۆ دانراوە، لە شیعرەدا ئەم فیعلانە بەرچاو ئەکەون: (ئەلووڕێنێ، ئەبیەن، ئەڕازێنێ، هەڵدەسووڕێنێ، دەناڵێنێ، ئەبێ، ئەیسێنێ) ئەبینین؛ لە حەوت فیعلە؛ پێنجیان بە (ئە) دەستپێئەکات و دووانیان بە (دە) دەستپێئەکات، یەعنی نیشانەی فیعلەکانیان جیاوازە و کراون بە ((بانێک و دوو هەوا)) *١٤٨*

..............................................................

گەدایی: هەرچەندە قسەکردن لەگەڵ پایەبەرزتاندا؛ هەندێک قسەی ناحەز و جنێو و وشەی نەشیاوی تێدەکەوێت؛
بەڵام هێشتا زۆرم کەیف بە دیدار و هەڤپەیڤینتان دێت و ناخوازم خەبەرم بێتەوە؛ تا عەشاماتێک پرسیار کە پێویستن، لێتان نەپرسم ! لەوانە؛ لەبارەی خۆت و (کوردیی) و (سالم) و (مەحویی) و کێ و کێ...ئەمێسا با بپرسم؛ ئایا ناهەقی ئەو خەڵکە دەگریت؛ کە دەڵێیت؛ شیعر و دیوانیان شێواندووم... لە کاتێکدا وەک دەڵێن؛ (( بەخۆتان شیعری خۆتان نەنووسیوەتەوە و شیعری خۆتان نەخستووەتە سەر کاغەز و هەر دەم بە دەم ماوەتەوە)) *١٤٩* و خەتا لە خۆتانەوەیە .. من ئەمەم لەبارەی ئێوەوە خوێندووەتەوە؛ کە شیعری خۆتت نەخستووەتە سەر کاغەز و هەر ڕاستەوخۆ

شیعرت وتووە و بۆ شیعر دانەماویت، لە هەرکاتێکدا ویستبێتت؛ شیعرت وتووە و بۆت هاتووە . هەروەکوو دەشڵێن؛ هەرکاتێک شیعرت وتبێت؛ سەرت بۆ ئاسمان بەرزکردووەتەوە، کە هۆکاری ئەمەیان لێ پرسیویت؛ وتووتە: بۆیە سەر بەرزدەکەمەوە؛ چونکە کاتێک دەمەوێت شیعر بڵێم؛ هێندە وشەی جوان جوان و یەک لە یەک باشتر بە دەرزەن هورووژم بۆ مێشکم دەهێنن؛ خەریکە مێشکم بتەقێ. بۆیە لە تاوان سەر بەرزدەکەمەوە*١٥٠* ؟

شێخ ڕەزا: ئەوە لوتفی خۆتانە و منیش خۆشحاڵم لە دەمەتەقێ لەگەڵ ئێوەدا؛ لەو قسەیەشەوە کە وتراوە؛ ئەوە دەرئەکەوێت کە ناوبانگی من؛ گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە خەڵک وەک ئەفسانەیەک تێیان ڕوانیوم . خەڵک چەندان ئەفسانەیان بۆ هۆنیوەمەتەوە، تا ئەوەی؛ منیان بردووەتە پلەیەک؛ کە لە گۆشت و خوێن درووست نەبووبم !! ئەوە سەیرە؛ کە پێیان وا بووە؛ من شیعرم بە وەحی بۆ هاتووە ! سەیروسەمەرەیە؛ کە پێیان وا بووە؛ وەکچۆن مریشکێک کە بۆ ئاوخواردنەوە سەر بەرزئەکاتەوە؛ منیش بۆ شیعر ئاوها سەرم بەرزکردۆتەوە ! نەخێر، بەڵکوو شیعر لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی مانایەکی جوان؛ لەگەڵ ڕێکخستنێکی جوانی وشەدا درووست ئەبێت . شاعیر، پێغەمبەر نییە؛ کە ئیلهام و وەحی و سرووشی بۆ بێت؛ بەڵکوو شاعیر؛ کەسێکە توانای بەسەر هێنانەوەی مانای جواندا زاڵە و توانای بەسەر هێنانەوەی وشەی جوان و گونجاودا ئەشکێت و لە ڕێکخستنی وشەکاندا زاڵە... ئەوەش ڕاست نییە؛ کە من شیعرم هەر بە دەمیی وتبێت... ڕاستە زۆرێک لە شیعرە کورتەکانم لە (یەکینە و چوارینە)کانم؛ بە سەرپێیی و سەرزاریی وتوون، بەڵام شیعرە درێژەکانم؛ بەشێوەیەکی گشتیی؛ بە دانیشتن و پێوەماندووبوون و دۆزینەوەی قافیە و وشەی گونجاو و وشەکاریی و لەسەر کاغەز نووسین هاتوونەتە بەرهەم... من شیعری خۆمم نووسیوەتەوە چەند شیعری درێژی وەک هەجووی کاکەیی و یان ئەوی باسی بنەماڵەی خۆم و چیی و چیی....بۆ یان دانیشتووم و نووسیومن؛ ئەوجار بڵاوم کردوونەتەوە... هەروەها بەزۆریی ئەو کەسانەی ئارەزووی شیعریان هەبووایە؛ بەتایبەت خاوەن لا و دیوەخان؛ ئەچووم بۆ لایان و شیعری خۆمم بۆیان ئەخوێندەوە و ڕوونووسی شیعرەکەیشم پێ ئەدان . بۆ وێنە؛ کە ئەچووم بۆ خانەقای (سەید ئەحمەدی خانەقا)؛ لەکن ئەو؛ قاوەیەکم هەڵئەقوراند و شیعری خۆمیشم بۆ ئەخوێندەوە و ڕوونووسیشم پێ ئەدا.*١٥١* ئەمە بێ لەوەی کە چەندان کەس بە نامە داوایان کردووە، شیعرەکانمیان بۆ بنێرم، لەوانە (مەلامحەمەد کەریمی سەقزیی) کە وتوویە؛ لە ڕێی (مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیی)ەوە؛ کە ئارەزووی شیعر کۆکردنەوەی هەبوو؛ شیعرەکانی بۆ بنێرم. وەک بۆی نووسیوم:

(( مستدعی و خواهشمندم چند از لآلی منظومه کلام خودتان از هر قبیل که حاصر و نسخه اش موجود است خواه توحید و خواه نعمت و خواه قصیده و خواه سخریه و جمله قطعه و خواه غزل و خواه رباعی که در این صفحات بسیار مرغوب و مطلوبند خاصه در نزد حقیر به صورت گوگرد احمر دار و در صحابت (ملا عبدالله) برسم هدیه و امغانی که در نظر ارباب بصیرت تحفه بی بدلند با جواب حقیر ارسال بفرمائید تا بنشر و ترویج آنها اکثریرا در این صفحات بلفظ جنابعالی ممنون بدرج صنایع آنها بیدار بیایم چنانکه خودتان؛ در مدح ایل (جاف)؛ فرموده اند: ((حیفه که برزی تیغ مجوهر لغیلافا)) *١٥٢*

ئەمەش بێ لە نامە شیعرییەکانم، کە من لە ژیانمدا سەدان شیعرم بەشێوەی نامەشیعر ناردووە، لەوانە هەر بۆ نموونە؛ئەو شعرنامەیەی؛ کە بۆ (حاجی ئەسعەد)م ناسردووە، یا ئەو نامەشیعرییەی کە بۆ (سەید نووری نەقیب)م ناردووە: تیایدا وتوومە

(( ئەو هەمـوو شیعرە کە ناردم؛ کەڵەشێرێکی نەنارد
جـەددی ئـەعـلایە، نـەقـیـبـزادەیە، خـۆی بێخێرە )) *١٥٣*

نووسیومە؛ ((ئەو هەموو شیعرە کە ناردم)) باشە! شیعر چۆن ئەنێردرێت ؟ لەسەر کاغەز نانووسرێت و نائێردرێت ؟! ئیدی چۆن ئەبێ بڵێن؛ شێخ ڕەزا، شیعری نەنووسیوەتەوە و هەر بە دەمیی وتوویەتی ؟

.................................................................

گەدایی: دەزانین کە جەنابت؛ چەندان شیعرت هەیە لەسەر کەڵەشێر، کە هەر یەکەی تامو بۆی سەردەم و کاتێکی جیا جیایان لێ دێت و دەشزانین لە چەندان شیعردا؛ داوای کەڵەشێرت لە چەندان کەس کردووە..دەمەوێت؛ کەمێک باسی داواکردنی کەڵەشێرم بۆ بکەیت لە (حەسەن ئاغای مەحموود ئاغا) ؟

شێخ ڕەزا: من چەندان شیعرم بۆ چەندان کەس نەناردووە، وەک ئەوەی تۆ وتت . هەروەها شیعرەکانیش؛ لە چەند کات و سەردەمی جیا جیادا نەنووسراون، بەڵکوو وەک ئەڵقەی زنجیر؛ دوا بەدوای یەک هاتوون...شیعرەکانیش لەسەر کەڵەشێر! تەنیا بە دوو کەسەوە پەیوەستە، (حەسەن ئاغای مەحموود ئاغا) و (سەید نووری نەقیب کوڕی سەید ئەحمەد)... ئەوجار ئەوەش هەڵەیە؛ کە شیعرەکانت لەژێر ناونیشانی (کەڵەشێر)دا ناوبرد، چونکە لەو شیعرانەدا؛ باسی (دوو مریشک و کەڵەشێرێک) کراوە، تۆ دوو مریشکەکەت لێ لاداوە، ئەشێت بە ناوی (شیعری کەڵەشێر و مریشک) ناویان ببەیت .
هەوەڵی چیرۆک و باسەکەش ئەوەیە؛ من لە شیعرێکدا داوای کەڵەشێرێک و دوو مریشکم لە (نەقیبزادە- سەید نووری نەقیب) کردبوو، وەک لە بەشی کۆتاییدا وتوومە:

(( جنسی خۆی؛ جووتە مریشکێ؛ بەری حەملەی بگرن
نەکوو سوێی بێتەوە بێچارە؛ لەبەر بێ گانیی
ئەی (نەقیبزادە)؛ بنێرە کەڵەشێرێکی وەها
بۆ ڕەزاکەی سەگەکەی قاپییەکەی گەیلانیی )) *١٥٤*

.................................................................

گەدایی: یاشێخ، هێندەی من بزانم؛ لەو شیعرەدا ویستووتە هەستوسۆزی (نەقیبزادە) بەوە بجووڵێنیت کە پێی دەڵێیت؛ من موریدی دڵبەستەی (شێخ عەبدولقادری گەیلانیی)م و کابرایەکی ئایینپەروەرم و هەردوومان؛ پێڕەوکەری یەک ڕێبازین (ڕێبازی قادریی)، ئایا ( سەید نووری) کەڵەشێرەکەی بۆ ناردیت؟ چونکە باسی ئەوەمان پێ نەگەیشتووە و شارەزایانی بواری وێژە و ئەدەبیاتمان لێی ئاگادارنین، وەک (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: ئاگادار نین و نازانین کە کەڵەشێرەکە؛ گەیشتووەتە دەستتان یان نا *١٥٥* ؟

شێخ ڕەزا: ئەگەر ئێوە کەسانی شارەزای ئەدەبیاتتان هەبووایە؛ ئەوا من وەکوو خەیاری پاککراو خستوومەتە دەستیانەوە و خۆیان هەستیان پێ نەکردووە، باشە ئەگەر یەکێک؛ شیعری منی خوێندبێتەوە چۆن نازانێت کە بە عالەمی ئاشکرا باسمکردووە؛ کە کەڵەشێرەکەم لەلایەن (سەید نووری)ەوە پێ نەگەیشتووە! کاتێک (سەید نووری) گوێی خۆی لێ خەواند و خۆی لێ خافڵاند و تەنانەت لە ناردنی شتێکی هێندە بێئەهمیەتیشدا قسووریی کرد؛ ئاماژەم پێ داوە و بەمجۆرە دامشۆریوە:

(( ئەو هەموو شیعرە کە ناردم؛ کەڵەشێرێکی نەنارد
جەددی ئەعلایە، نەقیبزادەیە، خۆی بێخێرە )) *١٥٦*

.................................................................

گەدایی: (سەید نووری نەقیب) مەبەست لە (سەید نووری کوڕی سەید ئەحمەدی بابا ڕەسووڵ)ە ؟

شێخ ڕەزا: نەخێر، بەڵکوو مەبەست لە (سەید نووری ١٨٦٤-١٩٥٠م) کوڕی (شێخ ئەحمەد)ە کە بە (میرە سوور) ناسراوە و برای (شێخ حسێنی قازی)ە، ئەوانیش کوڕی (شێخ مەحموودی نەقیب)ی کوڕی (شێخ مەعرووفی نەقیب)ی کوڕی (شێخ حسەنی گڵەزەردە)ن ...ئەم بنەماڵەیە شاعیری باشیان تیا هەڵکەوتووە، لەوانە (سەید ئەحمەدی نەقیب) کە کوڕی شێخ ئەحمەد(میرە سوور)ە، هەروەها شێخ حسێنی قازی .... *١٥٧*

جا ئەم (سەید نووری)ە نەقابەتی سولەیمانیی بە دەستەوە بوو*١٥٨*، کە هەردوو بەرەی شێخانی بەرزنجە واتە (سەید ئەحمەدی بابا ڕەسووڵ) و (بنەماڵەی شێخ مارفی نۆدێ) لەسەر گرتنە دەستی ئەو نەقابەتە شەڕیان بوو، لە ڕاستییدا شێخانی بەرزنجە (بنەماڵەی دووەم)؛ زۆر بە تەماح بوون، هێرشیان کردە سەر بەرەی خاڵوانی (سەید ئەحمەدی نەقیب) و تەنانەت پەلاماری (حەمەئاغای گەورە)ی کۆیەیان دا و لە سلێمانییەوە چەکداریان کۆ کردەوە و هەڵیان کوتایە سەر (حەمە ئاغای گەورە) و بەسەریدا سەرکەوتن*١٥٩*، تەنانەت لەگەڵ میرانی خۆشناو؛ تێکگیران و داوای هەموو موڵک و ماڵی میرەکانی خۆشناویان ئەکرد و شێخانی سولەیمانیی لافی ئەوەیان لێ ئەدا؛ کە (مەحموود بەگ)ی میری خشناو؛ لەپێش مردنیدا؛ وەسێتی کردووە کە موڵک و سامانەکەی بۆ ئەوان بێت. بەمجۆرە شێخانی سولەیمانیی؛ کەوتنە داوای ماڵ و سامانی میرەکان و تا ئەوەی دەروێشەکانیان ئەهاتن و موڵک و ماڵی میریان بە هینی خۆیان ئەزانی. کاتێ (مستەفا بەگ)ی برازای (مەحموود بەگ) کە لە جێی مامی دانیشتبوو؛ ئەوەی پێ قبووڵ نەکرا و بەرپەرچی دانەوە؛ لەسەر ئەمە شێخ سەعیدی حەفیدزادە؛ چوو بۆ لای والی موصڵ بۆ شکاتکردن لە میرەکانی خۆشناو، بەڵام بەهۆی هاتنەسەرحوکمی کۆمەڵەی (الاتحاد و الترقی) لە ساڵی (١٩٠٨م)  ئیدی شێخ سەعید؛ داواکەی بۆ سەرنەچوو، بەڵکوو سەری خۆیشی بە فەتارەتدا و لە هەمان ساڵدا؛ لەلایەن کۆمەڵەی (الاتحاد و الترقی) کوژرا. *١٦٠*

ناکۆکیی نێوان شێخانی بەرزنجەش؛ تەنیا لەسەر نەقابەتیی نەبوو، بەڵکوو لەسەر گرتنەدەستی ناوچەی شارباژێریش بوو، دواتر بۆ نەهێشتنی ئەو ناکۆکییانە؛ (شێخ سەعیدی حەفیدزادە)؛ کچێکی خۆی ئەدا بە (سەید ئەحمەد)، کە هیچ مناڵی لێی نەبوو. *١٦١*

............................................................

گەدایی: جەنابتان فەرمووتان کە سەرەتای چیرۆکەکە؛ لەم شیعرەوە دەستی پێکردووە:

(( ئەی (نەقیبزادە)؛ بنێرە کەڵەشێرێکی وەها
بۆ ڕەزاکەی سەگەکەی قاپییەکەی گەیلانیی )) *١٦٢*

کەچیی لە شیعری دواتردا هاتووە: (( ئەو هەموو شیعرە کە ناردم ...)) ئەمە واتای ئەوەیە کە پێش لەو شیعرە کە دەڵێیت سەرەتایە؛ دەبێت شیعری دیکەتان بۆ ناردبێت بۆ داوای کەڵەشێر؟

شێخ ڕەزا: نا... ئەوە تەنیا موبالەغەیە و مەبەستی من لە چەندان شیعر نییە، بەڵکوو مەبەستی من؛ چەندان دێڕە شیعرە، من لە بری ئەوەی کە بڵێم حەوت بەیتە شیعرم بۆ ناردوویت؛ ئەڵێم؛ حەوت شیعرم بۆ ناردوویت.  من هەر بەزۆریی بەو شێوەیە ڕاهاتووم و وەهام حساب کردووە. بۆ نموونە؛ لەم شیعرەدا:

(( بەسە ئەم شیعرە؛ بۆ وەسفی حوسنی ئەهلی بەبان:
سەگەنێریان لەدوون، وەک سەگەمێ؛ جوملە بەبان )) *١٦٣*

من لە نیوەدێڕی ئەم تاک بەیتەدا، باسی نیوەدێڕی دووەمم کردووە و وەک شیعرێکی سەربەخۆ باسم کردووە، کەچیی لە ڕاستییدا شیعرێکی سەربەخۆ نییە و تەنیا قسەیەک یان نیوەدێڕێکە، بەڵام

وەک پێموتیت؛ ئەمە شێوازی من بووە و وەهام لێکداوەتەوە، یان جارێکی تر لە دێڕی یەکەمی چوارینەیەکدا باسی دێڕی دووەمم کردووە و دێڕی دووەمم وەک شیعرێکی سەربەخۆ ناساندووە:

(( زوبدەی مەتاعی حیکمەتە؛ ئەم شیعرە کوردییە
هەرزانە بێ موبالەغە؛ حەرفی بە گەوهەرێ:
جامەی حەیاتی عارییەت کورتە، (زیهنی)
ئالوودە دامەنی مەکە بۆ {پێچی مێزەرێ} )) *١٦٤*

لە ڕاستییدا؛ ئەوە شیعرێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو پەندێکی پێشینانە و وەک ئامۆژگارییەک بەکارم هێناوە و وتوومە: ئەی زیهنی، پەردەی حەیا کورتە و بۆ ژیانێکی کورت کە ((پێچی مێزەرێکە)) و فرەیەکە و تەواو ئەبێت لەکەداری مەکە.

.........................................................

گەدایی: ئەم شیعرەی ئێرە؛ لەتەک ئەوی ناو دیوانەکانت جیاوازیی هەیە، بەڵام دەمەوێت دواتر لەم بارەیەوە لێت بپرسم ئەگەر بیرم نەچێتەوە، ئەمێستا دەمەوێت بچینەوە سەر باسی (مریشک و کەڵەشێرەکان) و بپرسم: چۆن بزانین کە تۆ هەر لەخۆتەوە (سەید نووری)ت تاوانبار نەکردووە و کێ دەڵێت؛ (نەقیبزادە) ئەو شیعرەی جەنابتانی شنەوتووە و یان دیویەتی؛ تاکوو داواکارییەکەتان بۆ بنێرێت ؟

شێخ ڕەزا: قسەکەت لەجێی خۆیدایە. بەڵام من ئێستە دڵنیات ئەکەمەوە کە (نەقیبزادە) شیعرەکەی پێ گەییوە، بەڵام خۆی کەمتەرخەمیی تیا کردووە...ئەوە بڵێم؛ شانازییە بۆ من کە ئەگەر شیعرێکم بە تایبەتیی بۆ کەسێکیش ناردبێت؛ جا ئەو کەسە لە ئێران و تورانیش بووبێت؛ دەم بە دەم و دەست بە دەست شیعرەکە گەیشتووەتە هەموو لایەک و گەیشتووەتەوە کوردستانی خۆمان و هۆگران و داخوازانی قۆستوویانەتەوە...جا چ بگات بەوەی کە من ئەو شیعرەم بۆ ئەو کەسە خۆی ناردبێت! ئیدی چۆن ئەبێت پێی نەگاتەوە؟! تەنانەت ئەو شیعرەی کە تۆ ئەڵێیت؛ وەک تیرگەیشتووەتە کۆیە و کەسێکی نەجیبزادەی وەک (حەسەن ئاغای مەحموود ئاغا) بیستوویەتیەوە، بۆیە لەلای خۆیەوە بڕیاری داوە کەڵەشێرێکم بۆ بنێرێت، هەر بۆیە منیش بە شیعرێک؛ پەسنی (حەسەن ئاغا)م کردووە و ڕێزیم داوە بەسەر (نەقیبزادە)دا و هەجووی (نەقیبزادە)م پێ کردووە:

(( بارەکەڵڵا حەسەن ئاغای مەحموود ئاغا
کەفی فەیازە، دڵی واسعە، چاوی تێرە )) *١٦٥*

تەنانەت فەزڵی (کۆیە)؛ کە شاری (حەسەن ئاغا)یە داومە بەسەر (سلێمانیی و کەرکووک و تاوق و هەولێر)دا، ئەمە هەمووی لەبەر کەڵەشێر و مریشک نەبووە، بەڵکوو ئەو شارە؛ هەمیشە مەرحەمەت و موحیبەتیان بۆ من هەبووە و هەمیشە دەستیان پێمەوە بووە و خاکە و خەڵووز و تووتن و ئاژەڵ و چارەوێ و خەڵات و دیارییان بۆ هەناردووم، من هەموو خاکی کوردستان گەڕاوم، خۆم بە خەڵکی هەر جێیەکی کوردستان ئەزانم، ئەگەر هەجوو و تانەم لە جێیەکیش دابێت؛ ئەوە لە کۆنە قین و قین لە دڵیی نەبووە، بەڵکوو تەنیا لە ڕۆحی سوعبەتەوە هەڵقوڵاوە، دەنا من هەموو جێیەکی کوردستانم خۆش گەرەکە و بە چاوی خۆمیان ئەزانم . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا؛ هیچ جێیەکی کوردستان؛ تەنانەت بە شاری کەرکووکیشەوە؛ هێندەی (کۆیە)؛ ڕێزیان لێ نەناوم و قەدریان نەگرتووم، (کۆیە) بۆ من ببوو بە (دایە و باوە) و قەرزیان زۆر بەسەرمەوەیە:

(( نە وەک شاری سولەیمانییە کۆیە؛ بۆ کەرەم
نە وەکوو تاوق و کەرکووکە، نە وەک هەولێرە )) *١٦٦*

جا هەر لەو شیعرەی سەرەوەدا؛ بیری (حەسەن ئاغا)م خستووەتەوە؛ من داوای تەنیا یەک کەڵەشێرم لە (نەقیبزادە) نەکردووە، بەڵکوو داوای کەڵەشێرێک و دوومریشکم کردووە، بۆیە ئەگەر ئەینێرێت و پیاوەتیی ئەکات؛ ئەبێت بەتەواویی بیکات و لێی نەقرتێنێت و دوو مریشکەکەش بنێرێت!

(( دوو مریشکی لەگەڵدا؛ کە فریشکی نـەکـەوێ
خرتی چەند ساڵەیە، ئەڵبەت بە مریشکان فێرە )) *١٦٧*

تەنانەت پێش ئەوەی کە کەڵەشێرەکەم پێ بگات؛ پێم گەیشتووەتەوە کە کەڵەشێرەکە، چاوێکی کوێرە. مەبەستم لەوەیە هەواڵی برادەران زۆر بەپەلە بە دەستم ئەگەیشت؛ هەروەها شیعر و هەواڵی منیش زۆر بەپەلە بەناو هاوڕێیانمدا پەخشان ئەبوو ...

.................................................................

گەدایی: ئایا مریشک و کەڵەشێرەکانت پێ گەیشت ؟

شێخ ڕەزا: بەڵی، پێم گەیشت!

(( ئــەو مــریشـک و کـەڵـەشێرە؛ کــە وتم بینێرە
دووی لـــە ڕێ مـــرد و یـەکێکی بـە نەخۆشیی لێرە
شەو، هەموو دەس بە دوعا بووین، لە وەختی سەحەرا
کـەڵـەشێر، ئـەمری خـودای کرد و وتم وای شێرە )) *١٦٨*

.................................................................

گەدایی: یاشێخ، ئەگەر لێمی قبووڵ بفەرموویت؛ هەندێک بیروبۆچوونی تایبەتیی خۆم بڵێم لەبارەی ئەم چیرۆکەوە بەتایبەتیی ئەم شیعرەی دوایی؟

شێخ ڕەزا: بۆ نا؟ قبووڵە.

.................................................................

گەدایی: بە ڕای من خووی جەنابتان وا بووە؛ هەمیشە لە کاتی داواکردنی شتەکاندا و پێش بەدەستکەوتنیان؛ سوپاسگۆ و ڕەزامەند بوون، بەڵام دوایە بێمنەت و بێبەهاتان کردووە. بۆ وێنە؛ ئێوە هەرچەند زانیوتانە؛ کەڵەشێرەکە؛ چاوێکی کوێرە؛ کەچیی هەر پێی شکور بوون!

(( هەدیەیەک لە تەرەف دۆستەوە بێ؛ شوکری ئەکەم
پێی ڕەزامـەنـدم، ئـەگـەرچیـی؛ تەرەفێکی کوێرە )) *١٦٩*

شێخ ڕەزا: نا...نا... وەک ئەوە نییە کە تۆ ئەیڵێیت. هەر بەخۆی باسکردنی ئەوەی کە (حەسەن ئاغای مەحموود ئاغا)؛ پیاوێکی وەها گەورە؛ کەڵەشێرێکی کوێر ئەکاتە دیاری بۆ شاعیرێکی گەورەی وەک (شێخ ڕەزا) بۆ خۆی تانەیە! پێشینان وتوویانە: ((گوێزی کوێر؛ ناکرێتە دیاری)) ئەمە ئامۆژگارییە بۆ ئەو کەسەی کە دیاریی ئەنێرێت، بۆ ئەو کەسەش کە دیارییەکە وەرئەگرێت ئامۆژگاریی کراوین کە نابێت عەیب لە دیارییەکە بدۆزینەوە و ڕەخنەی لێ بگرین: ((ئەسپی خەڵاتیی؛ تەماشای ناکرێت)) بەڵام من ڕەخنەم لە دیارییەکە گرتووە و عەیبەکەیم داوەتەوە بە چاویدا! دیارە (حەسەن ئاغا) خۆی سەری لەوە خوراوە، کە کەڵەشێرێکی کوێرم بۆ بنێرێت؛ تا

بزانێت هەڵوێستی من چۆن ئەبێت! دەنا ئەیتوانی دیارییەکی بێ کەموکورتیی بنێرێت و بڵێی لە (کۆیە) (چاوساخێک)ی دەستنەکەوێت؟! هەڵوێستی من ئەوە بووە؛ ((ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبێتی)) عەیبەکەیم داوەتەوە بە چاویداوە و شکاندوومەتەوە! و داوای ئەوەم کردووە کە کەڵەشێرێکی ساخ و زیتم بۆ بنێرێت، هەر کەڵەشێرێکی سەڵت و رووتو قووت نا؛ بەڵکوو مادام قسەی کردووە، ئەبێت دوو مریشکەکەشی لەتەک بنێرێت، واتە تووشی قسەی خۆیم کردووە...واتە ئەمزانی؛ بڕیاری داوە کە بینێرێت و تووشی قسەی خۆی بووە، بۆیە من مەرجم بۆ ناردنەکەی داناوە...واتە ئەوەی کە وتوومە ((شوکری ئەکەم و پێی ڕەزامەندم)) دیوێکی دیکەی هەیە...وەک ئەوەیە بڵێیت؛ (( فلان کەس تێکڵە گوێزم بۆ ئەنێرێت، زۆر مەمنوویم)) ئەم (مەمنوون بوونە) واتای ئەوەیە کە (مەمنوونی نیم )! ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو قسەیەیە کە لەسەر من کردت.

.......................................................................

گەدایی: بەڵام لە کۆتاییدا بە ڕۆحێکی گاڵتەئامێزەوە، ویستووتە دیارییەکە بێ بەها بکەیت، تەنانەت وەهاشت نیشانداوە سوودت لە دیارییەکە نەبردووە، چونکە دوو مریشکەکە؛ لە ڕێ مرداربوونەتەوە و کەڵەشێرەکەش بەنەخۆشیی و دەردەداریی گەیشتووەتە حزوور و پاش شەوێک؛ ئەویش مرداربووەتەوە!
کەسێک کە بزانێت؛ کەڵەشێرێک لە مرداربوونەوەدایە؛ چەقۆی لەسەر مل دادەنێت و سەری دەبڕێت، بەڵام گوایە ئێوە دوعاتان لەسەر خوێندووە و شەونەخەویی(شەونخونیی)تان بەدیارەوە گرتووە تا مرداربووەتەوە، ئێوە رووحی گاڵتەوگەپتان بەبەردا کردووە، کەڵەشێر و مریشکەکانت؛ وەک مرۆڤ نیشانداوە، بەدیار کەڵەشێرەوە دانیشتوون؛ وەکچۆن منداڵ بەدیار باوکییانەوە دەمێننەوە لە سەرەمەرگدا! هەروەها بە مرداربوونەوەی مریشکەکان دەڵێیت (مردن) و بە مرداربوونەوەی کەڵەشێرەکەش دەڵێیت: ((ئەمری خوای کرد))!

شێخ رەزا: بەڵێ ڕاست ئەکەیت، بەڵام ئەمە ئەو هەڵوێستە بوو کە (حەسەن ئاغا) چاوەڕێی ئەکرد و سەری لێی ئەخورا، ئەمە تۆڵەیەک بوو لە بەرانبەر بەو دیارییەی کە لە ئەنقەست بە نابووتیی ناردبووی.

.......................................................................

گەدایی: ئەو (حەسەن ئاغا)یە کوڕی (مەحموود ئاغا شێروانە)یە؟

شێخ رەزا: نەخێر ، (حەسەن ئاغا) کوڕی( مەحموودئاغا)یە لە بنەماڵەی غەفووریی شارۆچکەی کۆیە، ناوبراو پیاوێکی خانەدان و خاوەن تەکیە و دیوەخان بوو، تەکیەکەی لە شارۆچکەی کۆیە؛ بە ناوی خۆیەوە بوو (تەکیەی حەسەن ئاغا) *١٧٠* ئەوجار ئەو (مەحموود ئاغای شێروانە)یەی کە تۆ ئەیڵێیت، هەڵەیە، ئەو کابرایە؛ ناسنێوی (ئاغا) نەبووە و ڕاستەکەی (مەحموود بەگی شێروانە)یە .

.......................................................................

گەدایی: ئەها بیرم کەوتەوە ! ئێوە شیعرێکتان وتووە بە بۆنەی کوژرانی (محەمەد پاشای جاف)؛ کە پاشان بووە هۆی هێرشی (مەحموودپاشای جاف ) بۆ سەر جوامێر هەمەوەند و کەرەم وەیسییەکان، لەو شیعرەدا باسی (مەحموود بەگی شێروانە)تان کردووە، ئایا هاوپەیمانی مەحموودپاشا بووە یان چیی *١٧١*؟

شێخ ڕەزا: من نازانم باسی چیی ئەکەیت! کوانێ من بە شیعر باسی شەڕی (مەحموود پاشای جاف) و (جوامێر هەمەوەند)م کردووە؟!

......................................................

گەدایی: ببوورە ڕەنگە لە یادتان نەمابێت، جەنابتان لەم چوارینەیەتاندا باستانکردووە، خۆ نالْێن شیعری من نییە ؟!

(( جەنگ گاهی جوکل و مەحموودبەگ شێروانە بوو
ئافەرین مەحموودبەگ، لەم جەنگەدا شێر، وا نەبوو
وەقتێ قاسید هات و لێم پرسی چلۆن بوو ئەم شەڕە
وردە وردە بۆی بەیان کردم کەچی شێرڕ وا نەبوو )) *١٧٢*

شێخ ڕەزا: باشە کێ پێی وتووی؛ ئەم شیعرەم بەو بۆنەیەوە وتووە؟

......................................................

گەدایی: ئەوەم لە قسەی بەڕێز (ئومێد ئاشنا)وە ڕاگواستووە، لەو دیوانەی بۆ جەنابتانی ئامادە کردووە. *١٧٣*

شێخ ڕەزا: شێرڕ وا نییە ! من نالْێم شیعرەکە هینی من نییە، بەلاْم ئەو شیعرە بەو بۆنەیەوە نەوتراوە کە باسکراوە، جارێ هەندێک وشەی شیعرەکەتان گۆڕیوە، با بیانهێنمەوە سەر ڕەتی خۆیان:

(( جەنگ گاهی جوکل و مەحموود بەگی شێروانە بوو
ئافەرین مەحموود بەگ، لەم جەنگەدا شێر، وا نەبوو
وەقتێ قاسید هاتەوە؛ لێم پرسی: چۆن بوو ئەم شەڕە؟
وردە وردە بۆی بەیان کردم، کەچیی شێر، وا نەبوو )) *١٧٤*

مەسەلەکەش بەوجۆرە بوو کە (جوامێرئاغای هەمەوەند)؛ کە (جوکل)یشیان پێ ئەوت؛ پاش ئەوەی لە چەند شەڕ و پەلاماردا؛ زیان لە سوپای عوسمانیی ئەدات و لایەنگرەکانی تالاْن ئەکات؛ ڕوو ئەکاتە شاخی (حەسەن قولی خان) و ئەیەوێت بگەڕێتەوە بازیان . (مەحموود بەگی شێروانە)؛ پیاوێکی بەدەسەلاْت بوو، وا بە چاک ئەزانێت کە لەگەلْ (جوامێر ئاغا)دا بجەنگێ، کە هیچ نەبێ؛ نیوەی تالاْنییەکەی لێ بسەنێتەوە... بەلاْم کاتێ هەردوولا ئەکەونە جەنگەوە؛ (مەحموود بەگ) دەشکێت و هەمەوەندیش پێشێلیان ئەکەن و مالْی هەندێک لە پیاوەکانیشی تالاْن ئەکەن. *١٧٥*
وەک ئەلْێن؛(( بۆ ڕیش چوو؛ سمێلْی نایە بانی ))

......................................................

گەدایی: (جوکل) یان (جوامێرئاغای هەمەوەند) کێ بوو ؟

شێخ ڕەزا: (جوکل)، یەکێکە لە سەرکردە خێلْەکییە ناودار و هەلْکەوتووەکانی کەرکووک . ئەم زاتە؛ ناوی (جوامێر)ە و کوڕی ئەحمەد کوڕی حەمە کوڕی جوامێری یەکەمی باوەگەورەی هەمەوەندەکانی کوردستانی ئێراقە، لە سییەکانی سەدەی هەژدە لەدایک بووە
پاش چەندان جار لە پشتگیرییکردنی هەردوو دەولْەتی عوسمانیی و ئێرانیی بۆ هەمەوەندەکان لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا، دواجار هەردوو دەولْەت ڕێککەوتن لەسەر پاککردنەوەی

سنوورەکانیان لە هەمەوەندەکان. ئەوە بوو قاجارییەکان سوپایەکی گەورەیان بە فەرماندەیی (حسام الملک) بۆ ناوچەکە نارد، لەملایشەوە عوسمانییەکان سوپایەکیان بە فەرماندەیی (قدرت اسماعیل پاشا) بۆ هەمان مەبەست نارد . کاتێک (حسام الملک) ساڵی (١٨٨٦م) ئەگاتە (قەسری شیرین) بە ناوی سازان و ڕێکەوتن و گفتوگۆ؛ داوەتی (جوامێر) ئەکات بۆ سەربازگەکەی خۆی، ئەوەبوو کەوتە تەڵە و دەهۆکەیانەوە و لەوێ دەستبەجێ تەقەی لێ ئەکەن و ئەیکوژن. *١٧٦*

.......................................................

گەدایی: لە ناوەڕاستی باسی کەڵەشێر و مریشکدا؛ چوارینەیەکت هێنایەوە کە لەگەڵ هینی دیوانەکان جودایی هەیە، بەتایبەت دێری دووەم، کە لە دیوانەکاندا؛ بەمجۆرەیە:

(( جامەی حەیاتی عارییەت کورتە، زینهار
ئالوودە دامەنی مەکە بۆ پێچی مێزەرێ )) *١٧٧*

لەوێدا بە (زینهار) هاتووە و جەنابتان بە (زیهنی) هێناتانەوە ؟

شێخ ڕەزا: ئەوە خەڵەتێکی گەورە ئەبێت؛ ئەگەر وا نەبێت ، چونکە ئەو شیعرە هەمووی لەسەر ئەو وشەیە بەندە، ئەو وشەیەش؛ واتە (زیهنی)؛ ناوی شەخسێکە و مەبەست لێی (مستەفا زیهنی پاشای بابان)ە . واتە ئەم شیعرە هەجوو و پەروەردەدادانی (زیهنی پاشا)یە .

.......................................................

گەدایی: من پەسن و پیاهەڵدانی ئێوەم بۆ ئەو کابرایە دیبوو، ئەویش بە فارسیی نەک بە کوردیی...نەمزانیبوو کە هەجووشتان کردووە!

شێخ ڕەزا: زۆر کەس هەبووە لە بەراییدا وەسف و پەسنیم داوە، بەڵام دواتر هەجوویشم کردووە، پێشتر باسی (عیزەتی تەل)م بۆ کردیت، ئەتوانیت؛ ئەوە بە نموونە وەربگریت، هەروەها بە پێچەوانەوە، زۆرجار هەجوو و تانەی کەسێکم کردووە؛ کە دواتر و بەپێی بارودۆخی خۆی زمانی شەڕم بۆی کردووە بە زمانی هەنگوین، بۆ نموونە وەک ئەمەی کە لێرەدا بۆت باس ئەکەم . من کە هەجووی (زیهنی پاشا)م کرد، سەیرئەکەم هەندێک کەسی سووک و بچووک گەز گەز باڵای پێ ئەکەن و ئەیانەوێت ئەو شیعرانە بکەن بە ماڵ بەسەر (زیهنی پاشا)وە و خۆیانی پێ کەیفخۆش بکەن و ئەو پیاوە گەورەیەی پێ لەکەدار بکەن...بۆیە منیش تاکوو لمۆزی ئەو ناحەزانەی پێ بشکێنم و سەریان لە عەردی بدەم؛ لە شیعرێکدا عوزرخواییم بۆ هێنایەوە و خۆمم نزمکردەوە تا ئەوی پێ بەرز بێتەوە و ناحەز و گڵاوانی پێ خۆش نەبێت، چونکە شیعری من؛ لە چاوگەی گاڵتەوگەپەوە هەڵقوڵاون، ئەگەر زانیبێتیشم خەڵکانێک؛ بۆ مەبەستێکی خراپ کەڵکی لێ ئەبەن، ئەوا لێی پەشیمان بوومەتەوە . هەر بۆیە؛ ئەمجار (زیهنی پاشا) م نووسییەوە:

(( جەوهەری مەحزە لە هەردوولا، وەکوو تیغی دەبان
داکی شابانووی ڕەواندز؛ بابی شازادەی بەبان
(شێخ ڕەزا)ش هەجووی بکا؛ باز ئیعتیباری بۆ نییە
چاک، خراپ نابێ؛ بە شیعری شاعیرێکی قەڵتەبان )) *١٧٨*

.......................................................

گەدایی: ئایا ئەو (زیهنی پاشا)یە؛ دایکی ڕەواندزیی و باوکیشی بابانیی بوو؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ... جا با بە جوانیی تێت بگەیەنم؛ ساڵی (١٢٦٦)ی کۆچیی؛ بەرانبەر بە (١٨٤٩-١٨٥٠)ی مەسیحیی (ئەحمەد پاشای بابان) پیاوانی زانا و ناسراوی ناردبووە خوازبێنیی (فاتمەخان)ی خوشکی (ڕەسووڵ پاشا)ی میری سۆران، بۆ (حوسێن پاشا)ی ئامۆزای خۆی... ئەوە بوو (ڕەسووڵ پاشا) ڕازی بوو و خوشکی خۆی دا بە (حوسێن پاشا)ی ئامۆزای ئەحمەد پاشا و بە دەبدەبەی شاهانە بووک گوێزرایەوە و لەو دوو توخمە پاکە (مستەفا زیهنی پاشا و حەمدی بەگ) دوو گەوهەری نادیدە کەوتوونەوە *١٧٩*

(ئەحمەد پاشا) ئەیویست؛ لە ڕێی ژنو ژنخوازییەوە؛ لە میری سۆران نزیک ببێتەوە و دەست بخەنە ناو دەستی یەکتر و ئەو کۆنە قینەی لە نێوانیاندا هەبوو؛ نەمێنێت و چەکەرە نەکاتەوە. *١٨٠*

من جارێکی دیکە؛ هەر بەو ئاوایە؛ کەسێکی دیکەم هەجوو کرد، ئەویش (فەرید ئەفەندی) جێگری قازی بوو، بەڵام پاشان عوزرخواییم بەم شیعرە بۆ هێنایەوە:

(( نائب روشن دلی هجو ایلین معذوردر
یاندیغندن زشت رو آیینەیی تقبیح ایدر ))

واتە؛ ئەوی جێگری دڵڕۆشن دادەشۆرێ پاساوی بۆ هەیە. ڕووناشیرینان لە داخا ئاوێنە بە دزێو دائەنێن. *١٨١*

.............................................................

گەدایی: تۆ دەڵێیت؛ خەڵکی (کۆیە)ت زۆر خۆشدەوێت و ئەوانیش تۆیان زۆر خۆشدەوێت، کەچیی لە هەمانکاتدا جنێوی زۆر پیسیشت بە خەڵکی کۆیە داوە، وەک لە چوارینەیەکتدا دەڵێیت:

(( دەوری وەسمان بەگ؛ لە کۆیە؛ ژن نەما نەیگێن بەبە
نیسبەتی کۆیە لەگەڵ من؛ نیسبەتی ئێبن و ئەبە
ئەلغەرەز سۆزانیی و زانیی؛ لە کۆیی چاترن
موختەسەر چاکە قسە، کوونیی بە، کۆیی مەبە )) *١٨٢*!؟

شێخ ڕەزا: خۆشەویستیی من، لە ناخی دڵمەوە بووە و ڕق و قینیشم تەنها سەرزاریی و لێویی بووە، من هەموو شتەکانم وەک تاقیکردنەوەی توانای ئەدەبیم تێم ڕوانیوە، هەروەها تۆ ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵێک برادەرتدا خەریکی گۆبەند و جەفەنگ پێکترکردن بن؛ لە ناو خۆتاندا؛ دەبن بە چەند پەرلە و گرۆیەک، زۆرجاریش لەلایەکیان دەرئەچیت و ئەچیتە سەر لاکەی دیکە... خۆ هەردوولا هەر هاوڕێتن، وا نییە ؟ ئەوی لە نێوانیشتاندایە و بەیەکتری ئەکەن بۆ زاڵبوونی گرۆکەتان و تامی زاڵبوون و بردنەوەیە، نەک دوژمنایەتیی و ڕکەبەریی..ئەوی منیش هەر وەها بووە، زۆرجار لە پەرژینی شارێکەوە چوومەتە سەر شارێکی دیکە و پاڵم داوە بە پاڵیانەوە، لێرەدا لەبەر سلێمانیی؛ ئەمەم بە (کۆیە) کردووە .

.............................................................

گەدایی: لەبەر سلێمانیی ئەمەت بە کۆیە کردووە؟ ئەو (وەسمان بەگ)ە کێیە و لە سەردەمی ئەودا چیی لە کۆیە ڕوویداوە و چیرۆک و باسی ئەم شیعرە؛ چییە ؟

شێخ ڕەزا: (عوسمان بەگ)، لە شارۆچکەی کۆیێ حاکم بوو، ژنی ئەم (عوسمان بەگ)ە؛ لە (کۆ) چووبوو بۆ حەمام...(ئەوڕەحمان ئاغای غەفووریی) لەسەر ڕێی ڕائەوەستێت و بە ژنەکە ئەڵێت: (( ئەمشەو؛ نۆبەتی جێی منە ! )) ژنە؛ ئەچێتەوە کن (عوسمان بەگ) و پێی ئەڵێت؛(( یان تۆ مێردم بە؛ یان ئەوڕەحمان ئاغا)) . لەسەر ئەوە؛ (عوسمان بەگ)، پەلاماری بنەماڵەی غەفووریی ئەدا و

ئاغاکان لە قەڵا ئەپەستێوێ، دواتر بەفێڵ لە قەڵا؛ ئەیانهێنێتە دەرەوە و لە گردی سێوکە؛ هەموویانی کوشتن . لە ئاغایانی غەفووریی؛ جگەلە منداڵی بچووک؛ کەسیان لێ دەرنەچوو، ئەوانەی هەڵهاتن و قوتار بوون؛ پەنایان بردە لای میری ڕەواندز (میر محەمەدی گەورە) کە ئەودەم لە هەولێر بوو، هانیاندا کە بچێتە سەر کۆیە و بیگرێت... *١٨٣*

............................................................

گەدایی: ئەوی تۆ باسی دەکەیت؛ من بە جۆرێکی دیم بیستووە: ئەوکاتی (داود پاشا) هێشتا نەببوو بە والی و لەگەڵ (سەعید پاشای والی) دژبەیەک وەستا بوون؛ (داود پاشا) هاتبوو بۆ کوردستان و پەنای بۆ (مەحموود پاشا) هێنابوو، (داود پاشا) دەیویست هەموو میرانی بابان؛ بەلای خۆیدا کێش بکات، داوای لە (خالید بەگ)ی موتەصەریفی کۆیە و هەریر کرد؛ کە ملکەچیی خۆی بۆ دەرببڕێت، بەڵام (خالید بەگ) ڕەتی کردەوە و دڵسۆزیی بۆ (سەعید پاشا) دەربڕی، بۆیە (داود پاشا) داوای لە (عوسمان بەگ)ی برای (مەحموود پاشا) کرد کە هێرش بەرێتە سەر کۆیە، ئەویش هێرشی بردە سەر کۆیە و بە ئاسانیی دەستی گرت بەسەر کۆیە و هەریردا*١٨٤*؟

شێخ ڕەزا: نا، ئەوە دوو شتی جودان، ئەوی باستکرد، ڕاستە و ڕووی داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوی من باسی ئەکەم جودایە، من باسی سەردەمی پاش ئەو شەڕە و دەسەڵاتگرتنە دەستی (عوسمان بەگ) دەکەم، واتە ئەم ڕووداوە لە پاش ئەوەوەیە کە تۆ باستکرد . (عوسمان بەگ) جگە لەو کاتەی کە باستکرد لەسەر کۆیە لائەبرێت و دیسانەوە هێرش ئەکاتەوە سەری و ئەیگرێتەوە؛ ئەویش دوای ئەوەش کە نێوانی (مەحموود پاشا) و (داود پاشا) تێک ئەچێت؛ کە ببوو بە والی بەغداد و ساڵی (١٢١٦)ی هیجریی؛ (محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا)ی کردبوو بە فەرمانداری کۆیە، (مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا) هێرشی هێنایە سەر کۆیە و دەوری شاری کۆیەی دا و (٤٥) ڕۆژ شەڕکرا، لە ئەنجامدا؛ بە مەرجی ئەوەی کە (محەمەد پاشا) بە ساغیی بڕواتە بەغداد؛ قەڵا بەدەستەوە درا و (مەحموود پاشا) چووە ناو شار و (عوسمان بەگ)ی برای بە حاکمی کۆیە دانایەوە *١٨٥*

............................................................

گەدایی: جارێکی دیکەش بە (کۆیە) دەڵێیت:

(( هەر کەسێ ئەسڵ و میزاجی فیتنەیی و بەدگۆییە
دەستی حیزییشی هەبێ؛ ئەمجا بە تەحقیق کۆییە )) *١٨٦*؟

شێخ ڕەزا: من لەم شیعرەدا داخی چەند کەسێکی کۆیەم ڕشتووە بەسەر هەموویاندا، ئەو شیعرەم لەسەر ئەوە دانا، کە بەهۆی هەندێک کەسی فیتنە و بەدگۆوە، دووبەرەکیی کەوتە شاری کۆیەوە و لەلایەن چەند کەسێکی بۆلواو کە ڕۆژگار بە ویستی ئەوان ئەچەرخا؛ چەند پیاوی ڕووناکبیر و هەڵکەوتەی کۆیە، ئەشکەنجەخواردوو کران، یان دەربەدەر و پەرتەوازە کران... بۆ نموونە پێشتر باسی (حاجی قادری کۆیی)م بۆ کردیت کە هەڵهات لە دەستیان، بەخۆم ماوەیەک لە کۆیە؛ لەلایەن مامەوە دەستیم پێ کرا لە بەڵێنی درۆ و ناپیاویی مامم تێیدا نەماوەوە و هەڵهاتم . ئەوە (ئەختەر ئاغا)ی شاعیر و خانەدان؛ چەند جار شکاتیان لێ کرد و چەند جار بەیت و باڵۆرەیان بۆ هۆنییەوە و حکومەتی عوسمانیی هەر ڕۆژ بۆ لایەکیان ئاوارە ئەکرد و سجنیان ئەکرد. *١٨٧*
ئەوە (کەیفیی)یش کە لەوێ جێی نەبووەوە... ئیدی بە کورتیی؛ کەسێکیان تیا هەڵنەکەوت؛ کە چاڵی

بۆ هەڵنەکەنن و نەیدەن بە زەویدا، کەچیی بەم هەموو فیتنەگۆ وشەیتان و بەدکارانەوە؛ هێشتا (مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە)؛ وەکوو شاخ پێی چەقاند و بۆیان نەدرا بە زەویدا، هەر بۆیەش وتوومە:

(( (حاجی عـەبدوڵڵا)، لــە ئـادەم فیلـترە
بـاوجـوودی مـەرتـەبـەی پێغەمـبەری
ئەم بە سەد شەیتان لە کۆیە دەرنەچوو
ئەو بە شەیتانێ؛ لە جەننەت دەرپەڕی )) *١٨٨*

لە ڕاستییدا زۆریشیان بۆ (حاجی عەبدوڵڵا) هۆنییەوە، (حاجی عەبدوڵڵا) بەخۆی زۆر کێشەی هەبوو لەگەڵیاندا، بەڵام هێشتا لەگەڵیاندا دەری برد و لەحەق ئەودا ئاواتیان نەهاتە دی...ئەگەر بزانیت بەتایبەت ئەوسا؛ هەرچیی مەلا و فەقێ بوون؛ دانوویان لەگەڵ وشکە سۆفییەکاندا نەئەکولا، هەر لایەی بە یەکتریان ئەوت زەندیق ! یەعنی وەزعێک بوو؛ سەگ لە گیانی خۆی وەڕز ئەبوو ، بە تایبەتیی ئەم وەزعەش لە کۆیە زۆر قوڵ ببووەوە، (حاجی عەبدوڵڵا) زۆر خراپ پیایاندا هەڵپژا و لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەی (حاجی عەبدوڵڵا)؛ خاوەن پێگەیەکی دیار بوون لە کۆیە؛ هیچیان بۆی لەگەڵ نەئەکرا و دەرەقەتی نەئەهاتن و لەدەستیشی وە زاڵە هاتبوون، سەردەستەکەیان کە (مەلانەبی) بوو، کە هەوڵی داوە لە ڕێی دەوڵەتی عوسمانییەوە (مەلا عەبدوڵڵا) دەمکوت بکات، بەڵام لەبەرئەوەی (مەلا عەبدوڵڵا)؛ وەکوو (حاجی قادر) بێ دەس و بێ کەس نەبووە؛ ئەوەی بۆ نەچووەتە سەر، بۆیە پەنای بردووەتە بەر شێخی هەورامان، بۆیە تکا لە شێخ زیائەدین ئەکات؛ کە هەوڵ بدات؛ (حاجی عەبدوڵڵا) بەلای خۆیاندا ڕابکێشێت، یان هەرهیچ نەبێت؛ داوا لە (حاجی عەبدوڵڵا) بکات کە دەستیان لەسەر هەڵبگرێت و هێندە تانەیان لێ نەدات. هەربۆیەش شێخ زیائەدین؛ نامەیەک بۆ (حاجی عەبدوڵڵا) ئەنێرێت و داوای لێ ئەکات؛ کە هێندە دۆست و خۆشەویستەکانی نەڕەنجێنێ و هێندە لەناو خەڵکدا نەیان شکێنێت. (حاجی مەلا عەبدوڵڵا)ش بۆی ئەنووسێتەوە: ئەو سۆفی و دەروێشانەی تۆ باسیان ئەکەیت؛ کەسانێکی نەزان و بەدکار و هیچ لەبارا نەبوون، بەڵام لەبەر تۆ؛ وازیان لێ ئەهێنم و ئەیانبەخشمە تۆ، وەک (حاجی عەبدوڵڵا) لە بەشێکی شیعرەکەیدا؛ ئەڵێت:

(( لـەبـەر شێخـان؛ ئەگەرچیی دین بڕاوە
بـە شیـری تـۆ؛ زمـانـی مـن بـڕاوە
حـەقیـقـەت مـایـە و دایـەی فـەسـادن
بـە فـەیـزی شـەرع و دین؛ بـەدنیـهـادن
کوللی یەکیان؛ قاتیعی ڕێگەن، بە جددیی
ئـەون مـیسداقـی ئـایـەی ( لا یـهـیدی )
وەلـێ بـۆ خـاتـری تـۆ؛ بـەنـدەیـانـم
زوبـانـم دەگـرم لـە حەقیـان؛ تـا بتانم )) *١٨٩*

(حاجی عەبدوڵڵا)؛ لە ڕووی زانست و زانیارییەوە، کەم وێنە بوو، بەڵام لە ڕووی شیعرەوە، لەبەر ئەوەی کە شیعری زۆر نەوتووە؛ بە شاعیر دانانرێت و ڕێزی ئەو لە زانستەکەیدایە، هەروەکوو لەبارەی ئەوەوە وتوومە:

((...میرود شعر مـن و عـلـم جهانگیر شما
هردو بی فایده، تا جای اقامت روم است...)) *١٩٠*

واتە (زانستی بەربڵاوی تۆ و شیعری درەخشانی من....تاوەکوو پێگەیی ڕۆمە، بێهوودە و بێسوود ئەچن )....ئەم شیعرە دوو واتای هەیە،
یەکەم: شیعر و زانستی من و تۆ؛ بە فیرۆ دەڕوات، هەتا ڕۆم(تورک) لەسەر حوکم بێت .

دووەم: شیعر و زانستی من و تۆ بەبێ سوود ئەڕوات، هەرچەندە هەتا پایتەختی ڕۆمەکانیش ئەڕوات .
زۆرێک لە شیعرەکانی من؛ دوو مانایان هەڵگرتووە، بە نموونە ئەم شیعرە :
(( بـا ئـەوەی پێشینی خـۆت بـێ، وەعدەیی حـوڕ دەینە خـۆ
بانگی پێغەمبەر؛ لەڕوو خۆشە، منیش هەر دووم ئەوێ ! )) *١٩١*
وەک پێشتر باسم کردووە خۆیشم داوام لێ کراوە؛ کە بچمە سەر ڕێبازی نەقشبەندیی، بەڵام ئەوی داوای کردووە، خەیاڵپلاو و خەیاڵبلاو بووە:
(( کهنـه رندی چون (رضا) از خاندان قادری
نـقشبندی کـی شـودء اسلام آنـکـه کـافری
من همـانـم شیر نـررا در کمـندم آورده ام
ماده روباها؛ تو خواهی در کمندم آوری ؟! )) *١٩٢*
واتە: (ڕەزا) لە خانەدانەکانی ڕێبازی قادرییە، چۆن داوی لێ ئەکەن کە ببێتە نەقشبەندیی، کە وەک ئەوەیە؛ موسڵمان ببێتە کافر، منم کە شێرم بە گوێ گرتووە، کەچیی ئەمێستا ڕێوی خوێڕیی ئەیەوێت ڕاوم بکات !!
.................................................................

گەدایی: هێندەی تا ئێستا ئێمە لێی تێگەیشتووین؛ ئەم دێڕەی تۆ هەر یەک واتای هەیە:
(( بـا ئـەوەی پێشینی خـۆت بـێ، وەعدەیی حـوڕ دەینە خـۆ
بانگی پێغەمبەر؛ لەڕوو خۆشە، منیش هەر دووم ئەوێ ! )) *١٩٣*
ئەویش ئەوەیە، (عادیلە خانمی جاف) ئێستری زیندوو و ئێستری مردووی بۆ پێشنیاز کردوویت کە کامیانت دەوێت، تۆیش وتووتە هەردووکیانم ئەوێت، ئیدی نازانم مانای دووەمی ئەبێت چیی بێت ؟

شێخ ڕەزا: مانای دووەمی ئەوەیە، لەو دوو شتەی خانم (ئەو دوو شتەی کە بە خانمەوەیە: کوز و قنگ) یەکیان لە پێشەوەیە و ئەوی دیکەیان لە دواوەیەتی. منیش پێم وتووە؛ ئەوەی پێشەوە با هینی خۆت بێت ( با ئەوەی پێش؛ یێنی خۆت بێ )! من بەتەنیا ئەوی دواوەتم گەرەکە ! (منیش هەر دووم ئەوێ) . وشەی (دوو) واتای (دوا،پاش)یش ئەدات . بە وێنە؛ (بەدوی کەوتم) واتە (دوای کەوتم، کەوتمە پاشی) بۆ زانیاریت؛ (عادیلە خانم) کە پێی ئەڵێن (عادیلە خانمی جاف)؛ لە ئەسڵدا (جاف) نییە، بەڵکوو لە هەمان بنەماڵەی (سالم و کوردیی) شاعیر بووە ,,واتە بنەماڵەی ساحیبقڕان*١٩٤* و خەڵکی سولەیمانیی بوو، لە پاش ڕوخانی میرنشینی بابان؛ (قادر بەگ)ی باوکی چاوی بەرایی نەهات لە سولەیمانیی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە ڕۆیشت بۆ (سنە) *١٩٥* باوکی (عادیلە خانم) لەوێ ماوەیەک بووەتە حکمی شاری سنە*١٩٦* ئافرەتێکی سوعبەتچیی و خۆش مەشرەب بووە و زۆرجار خۆی ویستوویەتی شۆخییم لەگەڵ بکات و بمجولێنێ؛ کە من داوای ئێسترم لێی کردووە، بۆ ئەوەی بمجووڵێنێ و بزانێت چیی ئەڵێم لە وەڵامدا وتوویەتی: بۆی نووسیوم: (هێستری زیندووت ئەوێت یان مردوو ؟ تۆ کامیانت مەبەست بووە ؟! ) منیش بەوجۆرە شۆخیم لەگەڵ کردووەتەوە!
واتە خۆی سەری لەوە خوراوە و ویستوویەتی بمجووڵێنێ، هەروەکچۆن (حەسەن ئاغا) کەڵەشێرێکی تاک چاوی بە دیاریی بۆ ناردبووم، تا بمجووڵێنێ !
.................................................................

گەدایی: جارێکی دیکەش؛ (عادیلە خانم)ت بەگیر هێناوەتەوە لەم هۆنراوەیەدا:
(( قـامـەتی بێشک؛ نـەمـامی عەرعەرە یا سۆسنە

دەک فیدای ناز و گریشمەت بم، پەریزادەی سنە )) *١٩٧*
وەک (د. مارف خەزنەدار) دەبێژێت: (( شاعیر، ئەم شیعرەی لە وەسفی بەژن و باڵای عادیلەخانمی عوسمان پاشای جاف داناوە، لە کۆمەڵی کوردەوارییدا؛ ئەم جۆرە وەسفە؛ کارێکی شەرمئاوەر بووە )) *١٩٨*

شێخ ڕەزا: نازانم و تێناگەم، ئەم شیعرە؛ بۆچ ئەبێت شەرمئاوەر بێت ؟! ئایا هیچ وشەیەکی بێپەردە و باسی هیچ شوێنێکی هەستیاری تیا کراوە ؟ نەخێر، بەڵکوو شیعرەکە تەنیا پەسنێکە و هیچی دی . من تێناگەم ئەگەر بە کەسێک بڵێیت: (( باڵاکەت بەرزە هێندەی چنارێ ))؛ ئەبێت کوێی ئەم قسەیە شەرم هەڵبگرێت ؟!

.............................................................

گەدایی: ئەم وشەکاریی و دوو واتاییەی بەڕێزتانم بە دڵە، (نالیی)یش هونەرێکی گەورەی نواندووە لەو بوارەدا، واتە ئەوەی کە وشەیەک دوو مانای هەبێت، بۆ نموونە؛ لەم شیعرەی (نالیی)دا؛(کەوای کرد) دوو واتای جیاوازی هەیە :
(( بڕی پارچەی غەزەل یارم کەوای کرد
بڕی بەندی جگەر، یارم کەوای کرد )) *١٩٩*

شێخ ڕەزا: بەڵام ئەم شیعرە هینی (نالیی) نییە، بەڵکوو هینی (مەلا مستەفای مەلا ئەحمەد)ە کە شاعیرێکی کۆیەیە *٢٠٠*

.............................................................

گەدایی: بەڵام ئەو شیعرە؛ لە دیوانی نالییدا دانراوە؟!

شێخ ڕەزا: تەنیا بەوە؛ نابێت بە هینی نالیی. ئەگەر هەمان شیعر لە دیوانی (کوردیی)شدا دابنێیت؛ دیسا نابێت بە هینی (کوردیی)!

.............................................................

گەدایی: دەمەوێت شتێکت لێ بپرسم، ئەوی کە لەبارەی حاجی قادری کۆییەوە؛ زانیارییان داوینێ و پێمان گەیشتبێت؛ (حاجی قادری کۆیی) هیچ دڵدارێکی نەبووە و لە هۆنراوەکانیشیدا ناوی هیچ دڵبەرێکی خۆی نەهێناوە، جەنابتان لە (حاجی قادر)ەوە نزیک بوون، بۆیە دەمەوێت بزانم، کە ئێوە هیچ دڵبەرێک لە ژیانی (حاجی قادر)دا شک پێ دەبەن؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ، (حاجی) عاشقی ئافرەتێک بوو، بە ناوی (جیهان خاتوون)، تەنانەت لە شیعریشدا؛ ناوی هێناوە، وەک لە شیعرێکدا کوڵی ئەوینی خۆی بۆ هەڵئەڕێژێ و پێی ئەڵێت: (( تۆ بیلبیلەی چاوی پڕ گریانی منیت ، تۆ (زین)ی منیت و منیش (مەمی ئالان)ی تۆم، لەوەتەی خوا مرۆڤی درووست کردووە؛ جوانێکی حۆریئاسای وەک تۆ؛نەهاتۆتە دنیاوە )) . با سەیری شیعرەکەی (حاجی) بکەین:
(( (جیهان) بوویتە، جەزیرەی بەحری دیدەم
بەبێ بوهتان؛ ئەتۆ (زین) و ئەمن (مەم)
لە جینسی ئادەمیی؛ وەک تۆ نەزاوە

پەری ڕوویەک؛ لە ئادەم تا بە خاتەم )) *۲۰۱*
مەبەستی لە (جەزیرەی بەحری گریەم) =(دوورگەی ناو دەریای چاوم) ...بیلبیلەی چاویەتی .

........................................................................

گەدایی: کێ نالێت؛ ئەم هۆنراوەیەی بۆ پیاوێک نەوتووە ؟! یان با بلێم کێ نالێت؛ (جیهان) پیاو نییە؟!

شێخ ڕەزا: قوربان، ئەو (جیهان)ە ئافرەتە، نەک پیاو . هەر ئەبێت بەوەدا بیزانیت؛ کە (جیهان)ی شوبهاندووە بە (خاتوو زین) خۆیشی کردووە بە (مەمی ئالان)ی عاشقی ئەو، ئەگەر ئەو (جیهان)ە پیاو بوایە؛ ئەوا وەکوو (کوردیی)ی شاعیر ئەوی ئەشوبهاند بە (یوسف) و خۆیشی ئەچواند بە (یەعقوب)، هەروەها (جیهان)ی شوبهاندووە بە (پەری) کە لە جینسی (مێ)یە، ئەگەر نێر بوایە، ئەیچواند بە (غیلمان) کە جنسی (نێر)ە .
ئەوەتا (حاجی) لە شیعرێکی تردا پێمان ئەڵێت؛ ئافرەتێکم خۆش ئەوێت؛ ناوەکەی (جیهان)ە و لە هەموو جیهاندا؛ لە وێنەی نییە و وەکوو (جان= گیان)خۆشەویستە:
(( لە بەینی زوڵف و خاڵ و نوونی ئەبرۆ
بە ئەلفی قامەتی ؛ جامی جیهانە )) *۲۰۲*
مەبەستی (حاجی) ئەوەیە؛ وشەی (جان) لە ناوی (جهان) ی دڵبەری ئەمەوە هاتووە و (ج+ە+ا+ن)
ج: زوڵفی یارە و ە: خاڵی لالێو یان ڕوومەتی یارە و ا: باڵای یارە و ن: برۆی یارە، بە ئاشکراش وتوویەتی کە (ئەلفەکە= ا) ئەکەوێتە نێوان سێ پیتەکەی دیکەوە، واتە وشەکە (جهان)ە !

........................................................................

گەدایی: (حاجی قادری کۆیی) کە چوو بۆ تورکیا؛ حاڵی لەوێ چۆن بوو ؟ ڕاستە دەڵێن حاڵی زۆر خراپ و کولەمەرگیی و نەمر نەژی بووە ؟

شێخ ڕەزا: (حاجی)، لەوێ؛ لە ڕووی بژێویی و داراییەوە؛ زۆر باش بووە، چونکە لە ئەستانە(ئەستەنبوڵ)؛ لە ماڵی بەدرخانییەکان؛ دەرسی بە میرزادە بەدرخانییەکان ئەوتەوە. *۲۰۳*

........................................................................

گەدایی: ئەی بۆچیی دەڵێن؛ لەوێ؛ (حاجی) هێندە دەستتەنگ بووە، کە مۆم و چرایەکیشی نەبووە کە لەبەریدا دابنیشێت، ئەگەر (حاجی) لە ماڵی بەدرخانییەکان بوو بێت؛ چۆن نامەی لە تاریکیی و بێ چراییدا دەنووسی، وەکوو خۆی دەڵێت :
(( شەوێ دانیشتبووم، بێ شەمع و میسباح
ئەتۆی هێناوە یادم؛ کاکە فەتتاح ... )) *۲۰٤*؟

شێخ ڕەزا: ئەوی ئەم شیعرەی ڕاڤە کردووە، بە هەڵە لێکی داوەتەوە، (حاجی) نەیوتووە؛ لەو شەوە بێ چرایەدا؛ نامەی نووسیوە، بەڵکوو نووسیویە؛ شەوێکیان لە تاریکییدا؛ بیری هاوڕێیانی وڵاتی غەریبیم کەوتەوە، (حاجی) لە کاتێکی تردا نامەکەی نووسیوە، واتە شەوی دانیشتنەکە؛ لە پێشتر بووە و هەمان کاتی نامە نووسینەکە نییە، دەنا ئەیوت (ئەمشەو) و نەیئەوت(شەوێ)...ئەوجار کێ ئەتوانێت لە تاریکییدا نامە بنووسێت ؟! پێویستە ئینسان کەمێک ئەقڵی بکاتەوە! شیعرەکەش پتر بۆ ئەوە ئەچێت؛ کە باسی بێوەفایی هاوڕێکانی بکات و (شەوی تاریک)ی بە هاوڕێکانی خۆی

چواندبێت ! یان بەپێچەوانەوە، لە تاریکیی شەودا ئەستێرە دەرئەکەون، واتە هاوڕێکانی خۆی بە (ئەستێرە) چواندووە و بە بینینی ئەستێرەکان؛ ئەوانی بیر کەوتووەتەوە.واتە هاوڕێکانی خۆی؛ وەک ئەستێرەی ئاسمانی ژیانی خۆی دانابێت . . هەروەها لەتاریکیی شەوێکدا؛ بیرکەوتنەوەی هاوڕێیان؛ واتای هەژاریی و نەداریی تێدا نییە، بەڵکوو وەک ئەوەیە کە بڵێیت لە تاریکیی شەودا ئەم ڕوانییە ئەستێرەکان . ئایە ئەمە هیچ فەقیریی و نەبوونیی تیایە؟ نەخێر .
ئێمە نابێت؛ یەکجار بەو سادەییە؛ لە شتەکان بڕوانین .بە نموونە کاتێک (حاجی) لە کۆتایی شیعرێکیدا ئەڵێت:

(( گەلێک قسەم لە دڵا بوو، حیکـایەتم مـابـوو
کەچیی لە بەختی کەچم؛ خامە نووکی؛ شکا )) *٢٠٥*

بەم شیعرە نابێت بڵێین مانای فەقیریی و نەبوونییە، چونکە (حاجی قادر) نووکی قەڵەمەکەی شکاوە و قەڵەمی دەستنەکەوتووە؛ شیعرەکەی پێ تەواو بکات ! نەخێر، بەڵکوو (حاجی) نە قەڵەمی شکاوە و نە هیچ، بەڵکوو تەنیا وەک جوانکارییەک؛ بەوشێوەیە کۆتایی پێ هێناوە. دەنا؛ ئەبێت بیر لەوە بکەینەوە؛ ئەگەر (حاجی) لە نیوەدێڕی کۆتا بەیتی ئاخیریشدا نووکی خامەکەی شکابێت، ئەدی چۆن نیوەدێڕی دووەمی ئەو شیعرەی تەواو کردووە؛ لە دوای هەواڵی شکانەکە ؟!
خۆ بەخۆیشم لە شیعرێکدا وتوومە؛ دەستم دایە خامە، گەرەکم بوو سکاڵانامە بنووسم، خامە لە گەورەیی ئەو ڕووداوەدا؛و لە ژێر باری ئەو کارەساتەدا؛ دەری نەبرد و نووکی خامەکە شەق بوو:

(( قلـم آلـدم یـازەیم شاهە شکایت نامە
دهشت واقعەدن؛ چاتلدی نوک خامە )) *٢٠٦*

........................................................

گەدایی: ڕاستە دەڵێن کە جەنابت؛ لە ڕێی شامەوە چوویتە حەج و هەروەها چوویتە وڵاتی میسریش ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ ڕاستە، لە شیعرێکدا لەبارەی خۆمەوە وتوومە:

(( گورمدی مثلکی ای فاضل یکتا گوزمز
مصـری گـزدم یمـنـی شـام و حـلـبـی )) *٢٠٧*

........................................................

گەدایی: دەوترێت؛ (مەحویی)ی شاعیر؛ شیعری پیاهەڵدانی بۆ (سوڵتانی عوسمانیی) وتووە و لە پاداشتیدا؛ تەکیەی بۆ درووست کردووە، یان پەسنی (حەمە عەلی قاجاری) ی سەرکردەی خوێنڕێژی ئێران داوە و بەخششی لێ نەدیوە... بەڕێز (عومەر عەزیز مەحویی) لە کتێبێکدا دەیەوێت؛ بەمشێوەیە بەرگریی لە (مەحویی) بکات و لە بارەی ئەو قسانەوە؛ دەڵێت:
(( ئەگەر (مەحویی) ئەو هەڵوێستەی بەوجۆرە نواندبێ؛ ئەوا هەندێ شاعیران و هاوشان و هاوسەردەمی؛ هاتوون لەبەر خاتری (کەڵەشێرێ) یان (بزنەلاتێ) بە ئەم و ئەویاندا هەڵداوە و هەرگیز پیاهەڵدراوەکە شان و شکۆمەندییان کە هەرگیز بە ئاقاری نەگەیشتوتەوە )) *٢٠٨*پێم وایە مەبەستی ئەو قسەیەی جەنابتە ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، شک و گومانی تێدا نییە، کە مەقسەدی لە منە و ڕووی قسەی لە منە . چوونکە شیعری (کەڵەشێر) و (بزن) هینی منن...

ئەو بەڕێزە؛ ویستوویەتی دەستە چەورەکەی (مەحویی) بە من بسڕێت! ئەمە وەک ئەوەیە؛ بۆ نموونە بە کەسێک بڵێن: (( بۆچیی دزیی ئەکەیت ؟ )) ئەویش بڵێت: (( ئەی بۆچیی خەڵکیش دزیی ئەکەن! ))
(عومەر عەزیز) نازانێت کە پیاهەڵدان؛ هەر پیاهەڵدانە، وەکچۆن دزینی هێلکەیەک و دزینی گایەک؛ هەر پێ ئەوترێت دزیی .
ئەو (عومەر عەزیز)ە فێری فەنی پەردەپۆشکردنی عەیب و عار نەبووە و پەردەیەکی تەنکی داوە بەسەر نەنگییەکاندا، کە هیچ سوودێکی نییە و نەنگییەکان هەر دیارن، چونکە لەو قسەیەی کردوویەتی چەند شتێکی مەبەستە:
یەکەم: ئەیەوێت هەڵەی (مەحویی) ی باپیرەگەورەی و دەستە چەورەکەی؛ بدات بەسەر کەسێکی تردا و نایەوێت ددان بە هەڵەی باپیرەگەورەیدا بنێت، وەک ئەوەی مەعصوم بێت!
دووەم: ئەیەوێت بەو قسانە؛ فەزڵی (مەحویی) بدات بەسەر مندا، کە ئەوەش مەحاڵێکە بۆ خۆی، چونکە مەحوییەکی وشکەسۆفی؛ کە لە کونجی تەکیە بۆ درووستکراوەکەیدا لە تەڕ ئەیخوارد و لە وشکیی ئەخەوت؛ شیعرەکانی لە چەند چوارچێوەیەکی تەسکی وەک چوارچێوەی ئایینیدا گیری خواردووە و ...

..........................................................

گەدایی: بەڵام پێت وا نییە؛ کە ئەم قسەیەی جەنابتان؛ بەکەم نرخاندنی شاعیرێکی گەورەی وەک (مەحویی)ە ؟

شێخ ڕەزا: کوڕم،ئەوە قسەی من نییە بەتەنیا، (عومەر عەزیز مەحوی) بخۆیشی ئەم قسەیەی من ئەسەلمێنێت چاو لە هەمان ئەو کتێبە بکە، کە لە پەراوێزێکدا (عومەر عەزیز) بەخۆی نووسیویە:
(( شیعرەکانی مەحویی؛ لە فەلسەفە تەسەوفەکەدا و شیعرە ئاینیەکاندا گیریان خواردووە و خۆیان دەبیننەوە ))! *٢٠٩*
وەک وتم؛ وشکە سۆفییەکی بەوشێوەیە؛ کە جگەلە تەسەوفێکی وشک و برنگ لە شیعرەکانیدا؛ ئیدی گوێی خۆی ئاخنیوە لە هەموو دەردێکی کۆمەڵگە و سەردەمەکەی، وەک ئەوەی لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتبێت، شیعرەکانی ناوبراو؛ مەگەر بەخوێی چێشت؛ تەعبیر لە ڕۆژگار و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بکات . ئەمە جگەلەوەی کە من هەوڵم ئەدا زیاتر بە کوردیی پەتیی بنووسم؛ ئەویش بەدوای وشەی باق و بریقی عەرەبییدا ئەگەڕا ، ئەو پاشەڕۆکی (نالیی) چنیوەتەوە و لە جێپێی (نالیی)، پێی دائەنا، بەڵام من ڕچەی تایبەت بە خۆم کردەوە .
(عومەر عەزیز) نازانێت؛ ئەگەر (مەحویی) پەسنی (سوڵتان)ی داوە؛ منیش پەسنیم داوە، پەسنی شای ئێرانی داوە؛ منیش پەسنیم داوە....بەڵام من هەجووی سوڵتانم کردووە و (مەحویی) نەیکردووە، من هەجووی شای ئێرانم کردووە و خۆشحاڵیی خۆمم دەربڕیوە لە مردنی؛ بەڵام (مەحویی) نەیکردووە...ئەگەر (مەحویی) زاتی بکردایە و تەنانەت وەکوو منیش نا؛ بەڵکوو تەنیا بە دوو کەلیمە؛ بە خراپ زمانی لە حەق سوڵتان بجوڵاندایە، ئەوا ئەو کولانە(خانەقا)یەی کە هەر (سوڵتان) خۆی بۆی درووست کردبوو، بەسەریدا ئەیرماند و ئەیپلیقاندەوە!
بەدبەختیی من لەوەدا بووە؛ کە (سوڵتان)؛ مەدح و ڕیاکارییەکەی منی نەچووە بەدڵا و مەدح و ڕیاکاریەکەی (مەحویی) وەبەر دڵ کەوتووە، ڕەنگە ئەوە؛ ماستاوەکەی خەستتر بوو بێت، هەر بۆیە (مەحویی)؛ ڕێوی بەرەو پیری هاتووە و لە سای ئەو کلکەلەقێی و کلکەسووتەیەی کە بۆ (سوڵتان)ی کردووە؛ کەوتووە بەسەر پارووی چەور و خانەقا و تەخت و بەختی پێ پەیدا کردووە،

که هەتا دەمی مەرگی؛ هەر تیکەی زلە زلەی پێوە خواردووە، لەبری ئەوەش کە بڵێت: ((خوایە لێت بەزیاد بێت)) دڵنیام هەردەم وتوویە: (( سوڵتان لێت بەزیاد بێت )) !
ئەوە حاڵی (مەحویی) بوو، کە لە ناو پێچ و لوولی بابۆڵەی چەوردا (مەحو) ببوو! کەچیی منیش لەگەڵ زگی خۆمدا؛ شەڕەشۆقم ئەکرد و لە حوجرە پەڕپووت و کەلەلاکەمدا هەر زگی خۆمم هەڵئەگوشی و زگم بە زگی خۆم ئەسووتا! ئیدی من چۆم بەم هەموو ڕەزالەتەوە ڕەزا بم!

(( حوجرەیەکم هەیە؛ بە قەدەر لەپێ
بە ڕۆژ عیلاجی ئەکەم، بە شەو ئەتەپێ )) *٢١٠*

من لە برسان لاتەرەم ئەدا و ئەویش لەسای نازی سوڵتانەوە؛ گورگەخەوی ئەکرد؛ تا پێی بڵێن زاهید و خواناسە ... (مەحویی) هەتا سەرفی عومریشی کرد؛ هەر بە سوپاسبژێر و ئەڵقە لە گوێی (سوڵتان) مایەوە و لە هەموو عومریدا؛ خوا نەکات زاری هەڵبپچڕێت و وشەیەک دەربپڕێت؛ کە دڵی (سوڵتان) گەرد بگرێت .
ئەم دێڕەی (مەحویی)؛ بۆ خۆی بەکارئەهێنمەوە:

((...سایەی هومایی دەوڵەتە؛ کەوتۆتە سەر سەرت
داوێنی هەوری ڕەحمەتە؛ مفتی لە دەست نەدەی ))! *٢١١*

ڕاستییەکەی ئەگەر منیش وەکوو (مەحویی)؛ بەختم بیهێنایە؛ ئەوا منیش تا ئەمردم؛ سوپاسگۆی سوڵتان ئەبووم ! بەڵام چیی بکەم؛ یان بەختم نەیهێنا یان ماستی ماستاوەکەی (مەحویی) مووی کچی شای پەرییانی تێدا بوو، دیارە (مەحویی) لە ماستاوکردندا پێشی هەمووانی داوەتەوە و لەو ڕووەوە هێندەی ئەوم توانا نەبووە و ئەبوو لەو بابەتەدا هەندێک وانەم لەلای بخوێندایە !
وا بزانم؛ خۆشبەختیی خوێنەران؛ لە بەدبەختییەکەی مندا بووە، چوونکە ئەگەر من بەختم هەبووایە و بێبەش نەکرامایە و بکەوتمایە بەسەر کاروانسەرایەکی بەلاشەدا، ئەوا دەمی خۆمم ئەگرت و متەقم لەخۆم ئەبڕی و ئەموت: (( ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە )) ئەمێستا ئەو شیعرانەشم نە ئەکەوتە بەر دەستتان، کە بەرئەنجامی ئەو جۆرە ژیانەی منە.

(( رضـایی علـت افـلاس استنطـاق ایـدر یوقسه
بو گون دوران زردر کیم باقار دیوان اشعاره )) *٢١٢*

واتە: (( دەردی هەژارییە؛ کە (ڕەزا) مەشغوڵی شیعرە....دەنا ڕۆژگاری پارەیە، شیعر بێ سیعرە))

.........................................................

گەدایی: بەڵام یاشێخ، یەکجار بەوشێوەیە کە باسی (مەحویی) دەکەیت گوناهت دەگات، چوونکە ئەویش شاعیرێکی کەم نییە.

شێخ ڕەزا: چاوەکەم، من شەڕم بەوان نەفرۆشتووە، ئەوان یەخەی منیان گرتووە، ((بزن نەیخورێت، چیی داوە لە نانی شوان ؟! )) من ئەسڵەن لە ژیانییشمدا هەر لەگەڵ (مەحویی) دانوومان پێکەوە نەکوڵاوە و هەر ئەوێکاتیش؛ بە شیعریش لێکتر گیراوین .

.........................................................

گەدایی: مەبەستت ئەوەیە؛ کە هەجووی یەکدیتان کردووە؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ ، لە نێوان من و (مەحویی)دا چەندان شیعری سەرکووتانەوەی یەکتر وتراوە، ئیدی نازانم چەندێکی بە دەستی ئێوە گەیشتووە؟

.........................................................

گەدایی: وەڵڵا هیچ ئاگامان لێی نییە و باسیش نەکراوە؛ کە تۆ و (مەحویی) هەجووی یەکدیتان کردبێت، ئەگەر خۆت بۆمان باسبکەیت؛ مەمنوونت دەبین .

شێخ ڕەزا: وەک پێم وتوویت؛ من سەر بە ڕێبازی قادریی و تەکیە بووم، (مەحویی)یش سەر بە ڕێبازی (نەقشبەندیی) و خانەقانشین بووە و خەلیفەی (شێخ بەهادینی بیارە) بووە، جا عەرزت بکەم؛ سەرەتای هەجووی نێوانمان لەوەوە داکەوت؛ کە من هەجووی خانەقا و شێخانی خانەقام کردبوو، شانازییشم کردبوو بە تەکیەوە و فەزڵی تەکیەم دابوو بەسەر خانەقادا، بۆ وێنە؛ لە شیعرێکدا وتوومە:

(( سێ ئیسم هەن، بێ موسەمما، هەروەکوو ئاوی بەقا
تەیری عەنقا؛ شـاری جـابولـقا، پـلاوی خـانـەقا )) *٢١٣*

واتە؛ خانەقانشینان، ئەوەندە لاتوپوتن؛ کە هەرگیز پلاو بەخۆیانەوە نابینن (ئەمەش موبالەغەیە و پێچەوانەکەشی ڕاست بوو !)

یان لەبارەی شێخێکی خانەقاوە وتوومە:

(( لازمە بۆ شێخ؛ سبەینان گورگەخەو
تا بڵێن؛ شێخ عابیدە و نانوێ بە شەو )) *٢١٤*

ئیتر خەڵک و خوا؛ ئەم شیعرانەیان گەیاندووەتە گوێی (مەحویی) و وتوویانە؛ (شێخ ڕەزا) مەقسەدی لە تۆ و خانەقاکەتە! خۆ ئەگەر مەقسەدی لە تۆش نەبێت؛ ئەوا ئەو هێرشی کردووەتە سەر خانەقا و شێخی خانەقا، ئەوا تۆیش ئەگرێتەوە! لە ڕاستییدا ئەم دێرەی کە باسی خانەقا دەکات وەک سوعبەت بە خانەقاکەی (سەید ئەحمەدی خانەقا)م وتووە کە زوو زوو دەیچوومێ و سەرم لێ دەدا، هەر لەبارەی خواردنی ئەم خانەقایەوە بەسوعبەت وتوومە:

(( خانەقا، تەوبە لە سەی ئەحمەد و نان و خوانی
لـە تـەعـامی شـلـەم و بـامییە و بـایـنـجـانی )) *٢١٥*

بەڵام وەک وتم خەڵک وەهایان لە (مەحویی) گەیاند بوو کە من هێرشم کردووەتە سەر خانەقاکان و سووکایەتییم پێکردوون و پێویستە لە ئاستمدا بێدەنگ نەبێت، ئەوە بوو ئەویش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵیکوتاوەتە سەر ڕێبازی قادریی و شێخی قادریی، وەک لە شیعرێکدا ئەڵێت:

(( شـێـخـێ؛ هـەمـەوەندێکی ئـەدا وەعز و نەسیحەت
ئەو قوڕبەسەرەی دابووە بەر فوحش و فەزیحەت
خۆش هـاتە جەواب و وتی: تۆ حەقتە، فەقەت من
قـوتـاعـی تـەریـقـم، نـەکـوو قـوتـاعی تـەریـقـەت )) *٢١٦*

جا (حەمدون)ە کوێریش؛ هاتووە ئەم چوارینەیەی (مەحویی) تەخمیس کردووە، چونکە (حەمدون) و (خاکیی-مەلا قادری سەرکانی) کە خەڵکی گوندی (سەری کانی)ی ناوچەی خۆشناوەتی بوو و لە بنەماڵەی شێخ نەبی ماویلیی و لەسەر ڕێبازی نەقشبەندیی بوو*٢١٧* و چەند شاعیر و کەسی دیکە وەک(مەلانەبی) و (مەلامەحموودی مەزناوەیی) *٢١٧* لایەنگری (مەحویی) بوون و لە یەک پێر بوون،(مەلا مەحموودی مەزناوایی) فەقێی مەحوی بووە و لەلای خوێندوویەتی.*٢١٨*

من لەگەڵ هەموویاندا کێشەم هەبوو و لەگەڵ و حەمدونیش پێکدا هەڵپژاوین، جا (حەمدون) لەم بەینەدا؛ هەم بۆ تۆڵەی خۆی و هەم بۆ یارییدانی (مەحویی) و فراوانکردنی بەرەی جەنگەکە ئەوەی کردووە، چوونکە تەخمیسکردن لەسەر شیعرێک کە هەجووی ئێمە بێت؛ وەک ئەوەیە کە بەخۆی هەجوومان بکات، ئەمەش تەخمیسەکەی (حەمدون):

(( تـا ئێستـاکـە؛ وا تێئەگـەیشتم بـە حەقیقەت

یـەک زەڕڕە نـەمـابـێ ئەبەد بەحسی شەریعەت
سەد شوکری خودا؛ ئێستا؛ لە دیوانی مەشیخەت
شێـخـێ؛ هـەمەوەندێکی ئەدا وەعز و نەسیحەت
ئەو قوڕبەسەرەی دابووە بەر فوحش و فەزیحەت

مـەردێـکی بـەغیـرەت بـوو، وتـی: ئێمە بناسن
یەک زەڕڕە؛ نەترسا، سەری ڕەقتر بوو لە ئاسن
باکی نەبوو ئەسڵەن؛ نە لە دۆست و نە لە دوژمن
خۆش هاتە جەواب و وتی: تۆ حەقتە، فەقەت من
قوتـتـاعـی تـەریقم، نـەکوو قوتـتـاعی تەریقەت )) *٢١٩*

جارێ با واز لە هەجووی نێوان خۆم و (حەمدون) بهێنم و لە ڕەت دەرنەچم ... جا ئەم شیعرەی (مەحویی) بەدڵنیاییەوە؛ مەقسەدی لە تەکیەی تاڵەبانیی و ڕێبازی قادریی ئێمەیە، چوونکە بەزۆریی لەو شوێنانەی کە هەمەوەند هەن؛ تاڵەبانییش هەن و سەر بە ڕێبازی قادریشن، شتەکە زۆر ڕوونە. مەگەر ئەوەی کەسێکی ڕەشۆکیی تێی نەگات . خۆ قابیلە (مەحویی) نەیویستووە هەجووی شێخێکی ڕێبازەکەی خۆی بکات! بەڵکوو ویستوویەتی؛ شێخانی تەریقەتی قادریی؛ بە هەڵەشە و نەزان و دەمشڕ و خەڵک ترسێن و خۆبەزلزان؛ جەردە و ڕێگری تەریقەت (قوتتاعی تەریقەت) تۆمەتبار بکات.

ئەگەر سەرنجیش بدەیت؛ (مەحویی) ئەم شیعرەی لەسەر وەزن و شێوازی چوارینەکانی (خەیام) داڕشتووە، هەربۆیە منیش بەهەمان وەزن و شێواز شیعرێکم لەسەر شیعرەکەی ئەو وتووەتەوە و بەرپەرچم داوەتەوە :

(( شـۆخێ؛ بە ئینـابەت؛ چووە لای زوهد فرۆشێ
بـۆ ئـەخزی تـەریقـەت؛ بـە دڵی پڕ لە خرۆشێ
خۆش هاتە جەواب و وتی تۆ هەقتە، فەقەت من
دەمێـکـە؛ فرۆشـتـوومـە ئیمـانم؛ بـە قرۆشێ )) *٢٢٠*

(مەحوی) لەم وەڵامدانەوەی من زۆر پەست ئەبێت، بۆیە ئەمجارەیان هەجوویەکی بێپەردە و ڕووهەڵماڵراو زیاتر لەحەقی من ئەنووسێت هەر چەندە شیعرەکەی بە ناڕاستەخۆ پێ وتووم، بەڵام ناونیشان و هەڵدانەکانی ئەیکاتە ڕاستەوخۆ و تایبەت شیعرەکە ئەمەیە:

(( ئـەو دەوێت بـابـەی کـە خـەڵقی ناوی نابەن بێ جەنـاب
ئـەسـڵ و فـەسـڵـی گـەر بـزانـی؛ واجیبە لێی ئیجتینـاب
ئەکدەشی خینزیر و سەگ، مەعجوونی بەنگ و خەندەریس
داکـی؛ دایـەڕێـبـاریـی، بـابـی؛ بـابـیی قـەحـبـەبـاب )) *٢٢١*

مەبەستی لەوەیە؛ من لەلای خەڵکیی ڕێزم زۆرە و خەڵک هەر بە (جەنابی شێخ ڕەزا) ناویان هێناوم . (مەحویی) زانیویە من ڕقم لە چیی ئەبێتەوە و بە کام چەقۆ؛ زیاتر زامی قووڵ ئەخاتەوە، ئەو، منی بە هەمان ئەو شتانە ناساندووە؛ کە خۆم ڕقم لێیانە و هەجووشم کردوون؛ من چەندان جار هەجووی هەردوو ئاینزای (بابیی و کاکەیی) کردووە، (مەحویی) بنەچەی منی بردووەتەوە سەر ئەوان! هەروەها زۆرجار کە هەجووی کەسێکم کرد بێت و زۆر پیس نیشانم دابێت؛ ئەوا کەسەکەم شوبهاندووە بە بەراز و سەگ، ئەویش هەمان شتی لە بەرانبەر کردوومەتەوە.

........................................................

گەدایی: زۆر سەیرە! بەڵام (دکتۆر مارف خەزنەدار) پێی وا بووە (مەحوی) لەم شیعرەیدا
هەجووی هەندێ ئاینی ناموسڵمانان یان دوور لە موسڵمانانی کردووە *٢٢٢* ، دیارە نەیزانیوە؛
کە ئەوە هەجووە بۆ تۆ! باشە، ئەدی جەنابتان وەڵامتان دایەوە؟

شێخ ڕەزا: تەبعەن، وەڵامێکم داوەتەوە؛ کە پێی بتلێتەوە، ئەمەش وەڵامەکەی منە:
(( فەرمووتە؛ ئیجتیناب بکە لەو جەنابەتە
شێخم ! ئەگەر بزانی؛ جەنابەت، جەنابتە
پیر بووی و تەرکی ڕێوڕەسمی کۆدەکییت نەکرد
هەر وا ئەزانی؛ ئەوەڵی عەهدی شەبابەتە )) *٢٢٣*

.................................................

گەدایی: بەخوا زۆر سەیرە، ئەم شیعرە لە دیوانەکەتدا هەیە، بەڵام لەوێدا نووسراوە؛ بۆ (شێخ
عەلی)ی برات وتووە *٢٢٤* هەروەها (مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانیی)یش پێی وابووە، کە ئەو
شیعرە هینی تۆ نییە !! *٢٢٥* بەڕاستی ماڵت ئاوابێت بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە.

شێخ ڕەزا: بەڵێ؛ ئەو بەزم و ڕەزمەش لە سەردەمی پیریدا ڕوویاندا، من و (مەحویی) هاوکوفی
یەک بووین، ئەگەر سەرنج بدەیت وتوومە: (( پیر بووی و تەرکی ڕێوڕەسمی کۆدەکییت نەکرد ))

.................................................

گەدایی: ئەم ڕووداوەی کە تۆ باستکرد ، ئەوەمان پێ دەڵێت؛ کەواتە (مەحویی)ی شاعیریش،
شیعری هەجووی هەیە و هەجووی کەسانی دیکەی کردووە؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ وایە، بەڵام ئەوە لە شیعری (مەحویی)دا کەمە و (مەحویی) بەزۆریی خۆی لە
قەرە نەداوە، و لە کونجی وشکەسۆفێتیی خۆی خزاوە، دەنا بۆ نموونە (مارف بەگ)ێک هەبوو، کە
ئەو مووچەی دابەش ئەکرد، بەهۆی دواخستنی مووچەوە؛ من و (مەحویی)یش ڕەخنەمان لێی
گرتووە، (مەحویی) لەبەروەی کە مانگانەی خانەقاکەی بڕیوە؛ هەجووی کردووە و پێی وتووە:
(( ئەیا مارف بەگی عالەم؛ لەبەر دەستتا هەموو مەزڵووم
لە حەققی خۆی؛ ئەتۆ ئەم خانەقایەت کرد ئەوا مەحرووم
بە کول دنیا؛ بەکامت بێ، هەتا هەی سادە؛ ڕۆژی حەشر
خودای ئەم عالەمە؛ (بالکل) لە غوفرانت بکا مەحرووم )) *٢٢٦*

منیش؛ بەهۆی ڕاگرتنی مووچەکەمەوە: هەجووی (مارف بەگ)م کردووە و وتوومە:
(( بەمارف بەگ بڵێن قەتعی مەعاشی من نەکا چاکە
زمانی من؛ کە بۆ ئەعدا؛ وەکوو مارێکی زوححاکە
هیجا مەزموومە، توخوا لێم گەڕێن، با تۆبە نەشکێنم
( و لا تلقوا بایدکم ) غەرەز بۆ دەفعی ئیهلاکە
مەعاشی مانگی کانوون و شوباتم تا بەکەی نادا ؟
کە ئازاری (ڕەزا)؛ عەینی سمووم؛ تەحسیلی تریاکە )) *٢٢٧*

.................................................

گەدایی: کەوایە ئێوەش لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە مووچەتان بۆ بڕابووەوە؟

شێخ ڕەزا: لەلایەن حکومەتی ڕۆمەوە؛ موچەیەکی تایبەتیی ئەدرایە هەندێک کەسی ئاینیی و سیاسیی و خاوەن نفووس و ناوبانگ، (مەحویی) هەر لەگەڵ بنیاتنانی خانەقاکەیەوە، مووچەی خۆی و خانەقای بۆ بڕابووەوە، بەڵام من، لە سەردەمی پیریی و کەلەلاییمدا دایانمێ و لەچاو خەڵکی دیکەشدا؛ مووچەکەی من زۆر کەم بوو، کە هەر دواتر خۆم وازم لێ هێنا و منەتم پێی هەڵنەگرت، وازهێنانم لەو مووچەیە؛ وەک ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆم و ناڕەزایی دەربڕین بوو بەرانبەر حوکمی ڕۆم لە ئەنجامدانی زوڵم و زۆر و ناحەقیی و کاری ناڕەوا. لە نموونەی ئەو کارانە؛ کوشتن و سزادانی چەندان کەس بوون لە هاوەڵ و خۆشەویستانم، کە هەموویان کەسایەتی دیاری سەردەمی خۆیان بوون، بەڵام قینی من بە تەواویی ئەوکات تەقییەوە؛ کە حکومەتی ڕۆم؛ سەرۆکی عەشرەتی ئاکۆیان کوشت، کە ئەمەش دوای چەندان کوشت و بڕۆ و تاڵان و سووتان و شەڕ و ئاژاوە بوو، کە حکومەتی ڕۆم؛ لە کوردستاندا ئەنجامی دا ، هەر لەپێش کوشتنی سەرۆکی عەشرەت ئاکۆش؛ چەندان کارەساتیان لە کوردستاندا قەوماند و لە زۆر شوێن؛ کوشتارگەیان دامەزراند، هەر لەو ساڵانەدا؛ لە ناوچەی (کۆیە، ڕانیە، پشدەر،...) و زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان؛ دووبارە بوویەوە *٢٢٨* ، تەنانەت (ئەختەر)ی شاعیریش؛ لەسەر ناڕەزایی دەربڕین لە کاری دزێوی تورکەکان؛ لەو ساڵەدا ؛ تووشی دوورخستنەوە لە خاکی خۆی بوویەوە *٢٢٩* ، هەر بۆیە بڕیارمدا؛ مووچەی ئەو حوکمەتە زاڵم و ستەمکار و جەللاد و خوێنڕێژە؛ وەرنەگرم، ئەو بڕیارەشم لە کۆتایی شیعرێکدا؛ بەیانکردووە، کە لە شین و ماتەمی سەرۆک عەشرەتی ئاکۆدا وتوومە:

(( ئیتر نەتبێ لە موڵکی ڕۆم؛ (ڕەزا) ئومێدی ئاسایش
لەپێش ئەم کارەدا؛ ئومێدی تۆ بەو؛ پارچە نانێ بوو )) *٢٣٠*

ئیدی وازم لەو پارچە نانە هێنا و ئەو مووچە و خێرپێکردنەی حوکمەتی ڕۆمم نەویست، کە لە تاڵان و بڕۆی ڕەش و ڕووت و ڕەنجی شانی خەڵک بە ناڕەوایی کۆی بکاتەوە .

........................................................................

گەدایی: جەنابتان زۆرجار؛ پێش ئەوەی کەسێک هەجوو بکەن؛ سیاسەتی ترساندن یان با بڵێم ئاگادارکردنەوەتان گرتووەتە بەر، وەک ئەوەی لێرەدا (مارف بەگ) ئاگادار دەکەیتەوە، یان لە شوێنێکی دیکەدا؛ قایمقامی (بازیان)؛ ئاگادار دەکەیتەوە:

(( تا بەکەی؛ بێدەنگ بیم ؟ تا کەی بکەم زەبتی زەبان
حەیفە گەر هەجووت نەکەم، ئەی قایمقامی بازیان )) *٢٣١*

شێخ ڕەزا: وەک ئەوە نییە کە تۆ باسی ئەکەیت، ئەو شیعرانە زیاتر ئاگادار کردنەوە نین، بەڵکوو هەڕەشەکردن و هەجوویان تێدایە، لەو شیعرەی بۆ مارف بەگ؛ ( و لا تلقوا بایدکم ) لە { **وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ** } ی ئایەی(١٩٥)ی سورەی (البقرة) وەرگیراوە. (واتە (( بە دەستی خۆتان؛ خۆتان بە فەتارەت مەدەن ))...ئەوی بە مارف بەگم وتووە؛ وەک ئەو پەندە کوردییەیە؛ (( بزن قنگی نەخورێت؛ چیی داوە لە نانی شوان))... لەم شیعرەی دواییشدا بۆ قایمقامی بازیان؛ هەر لەناو شیعرەکەدا هەجووی تیایە! وتوومە (ئەی قایمقامی بازیان) وشەی (بازیان) بە واتای (زیانبەخش و بێکەڵک)یش دێت، واتە لەو دیو ئەوەی کە وتبێتم (( قایمقامی شارەدێی (بازیان) ))؛ وتوومە (قایمقامی با زیان- بەزیان، زیانبەخش-) !

.....................................................

گەدایی: جەنابتان فەرمووتان؛ ((من هەجووی شای ئێرانم کردووە و خۆشحاڵیی خۆمم دەربڕیوە لە مردنی؛ بەڵام (مەحویی) نەیکردووە)) ئەگەر مەبەستی جەنابتان لەو چوارینەیەیە کە دەڵێت:

(( ئەهلی عیبرەت ماوە گەر؛ بێ با سەیری (ناسر شا) بکات
دوو لە دوو سی کەم؛ شەهی کرد و (کش)ێکی ڕێ نەهات
(هات)ی وا؛ سەیری نەهاتیی کەن؛ کە سەد تیپ و سوپا؛
پاسەوانی بوون؛ لەنێو بەستا؛ پیادەیێ کردی (مات) )) *٢٣٢*

ئەوا هەرچەند لە دیوانی شیعری بەڕێزتاندا هەیە؛ لە دیوانی مەحوییشدا هەیە و بە هینی ئەو زانراوە ؟

شێخ ڕەزا: ئەو شیعرە هینی منە، (مەحویی) لە شیعرەکانییدا؛ بە دەگمەن (ناو)ی هێنابێت؛ هەروەها من تەعبیرەکانی نێو شیعرەکەم لە شیعری دیکەشدا بەکارهێناوە، بۆ وێنە:

(( چشم عبرت برگشا و قدرت حق را ببین )) *٢٣٣*

یان لە جێیەکی دیکەدا :

(( چاوی عیبرەت دانەوێنن؛ هەر لە سوورقاوشانەوە
ئاوی سووری ئێمەیە، ئەرژێتە ناو (زێ)تانەوە )) *٢٣٤*

بەدەر لەمە من هەر بەخۆم پاڵەوانی یاری شەتڕنج بووم و لە چەندان شیعری دیکەدا باسی شەتڕەنجم کردووە و وشەکانی نێو یاری شەتڕەنجم بەکارهێناوە .

(( بر قوی نامی قازانمقذه (رضا) فائده نه
استخوان ریزهء شطرنجه دخی شاه دینر )) *٢٣٥*

واتە؛ کە بە ناوی ئیما ڕەزاوە ناونراوم؛ چ سوودێکی بۆم هەیە ؟! خۆ بە داشێکی بێ ڕۆحی شەتڕەنجیش کە لە ئێسقان دروستکراوە؛ ئەڵێن (شا) !

یان لە سوپاسنامەم بۆ (مستەفا پاشای بابان) کە تاقمێک شەتڕەنجی بۆ ناردووم؛ لە دێڕی پێش کۆتایی شیعرێکدا وتوومە:

(( هدیە ات را بە جان قبول کنم
گر چە یک ریزە استخوان باشد )) *٢٣٦*

واتە: دیارییەکەت بە دڵ و گیان وەردەگرم؛ هەرچەند دیارییەکە دەستە ئێسقانێکیش بێت ! ( داشەکانی شەتڕەنج؛ بە زۆریی لە ئێسقان دروست ئەکران )

یان :

(( لە بەگ وا بوو؛ کە من ماتم کشی کرد
کە من هەستام؛ ئەو دا بوو فشی کرد )) *٢٣٧*

یان لە سەرەتای شیعرێکی فارسییدا؛ کە پێنجەکیی(تخمییس)ە لەسەر شیعرێکی (مەسیح)ی شاعیر وتوومە:

(( در باغ خیال تو؛ دلم گشت گهر سنج
مهرت بە دلم نقش کشید است، چو شطرنج )) *٢٣٨*

واتە : لە باخی خەیاڵی تۆدا؛ دڵم بوو بە گەوهەری بەنرخ، ئەوینی تۆ لە دڵمدا نەقشی بەست، هەروەکوو نەقشی سەر شەتڕەنج .

یان لە شیعرێکی تری فارسییدا؛ بە ناونیشانی ( در وقت شطرنج بازی) کە سەراپای شیعرەکە؛ باسم لە بردنەوەم کردووە لە یاری شەترەنجدا لە بەرانبەر کەسێکدا، لە پەسنی خۆیشمدا لە گەمەی شەترِەنجدا؛ وتوومە:

(( چو من مردی بە استادی در این کار
نباشد در همە اسلام و افرنج
عراق و پارس و تبریز و صفاهان
بخارا و خطا و بلخ با گنج
نباشد چون (رضا) شطرنج بازی
نە در ترک؛ نە در روم و نە در زنج )) *٢٣٩*

................................................................

گەدایی: باسی ئەوەت کرد؛ کە لاسایی (کوردیی)ت کردووەتەوە، ئەی (نالیی) چیی ؟

شێخ ڕەزا: (نالیی)، پێشڕەوێک بووە بۆ شاعیرانی دوای خۆی بە منیشەوە، بمەوێت یان نەمەوێت؛ هەر سێ شاعیران (نالیی و سالم و کوردیی) کاریگەرییان لەسەرم هەبوو... بەتایبەتیش (کوردیی و سالم) . لەگەڵ (نالیی)یشدا چەندان شیعری لێکچوومان هەیە، ئەگەر بیشیخەیتە قاڵبی لاساییکردنەوە؛ ئەوا لاساییکردنەوەیەکی تەواو نییە، بەڵکوو (وەرگرتنی فیکرە) یان وەرگرتنی چەند دەستەواژەیەکە کە (نالی) بەکاری هێناوە. وەک ئەم شیعرەی (نالیی):

(( هەوای سەیری بەڕ و بەحر؛ ئاگری بەرداوەتە عومرت
کە تۆزێ مونعەقید خاکی، دڵۆپێ مونجەمید ئاوی )) *٢٤١*

منیش وتوومە:

(( دوێنێ قەترەیێ خوێن بوویت، ئەمڕۆکە کەفێ خاکی
بەنی ئادەم کەری، گەر کەرنەبی؛ بۆچ هێندە بێباکی )) *٢٤٢*

یان جارێکی تر؛ من لە وەسفی (ئاڵەتی ژن)دا وتوومە:

(( ئینشیقاقی هەروەکوو کاڵەک؛ لەبەر شیرینییە
هەر کەسێ نەی چەشتبێ؛ نازانێ چەند شیرینە کوز ! )) *٢٤٣*

ئەمە لاسایی کردنەوەی شیعرەکەی (نالیی)ە کە لە وەسفی هەمان شتدا؛ ئەڵێت:

(( خرچێکی مودەووەر؛ بە عەسەل ئاوی درابێ
نەختێکی لەبەر حوسن و حەلاوەت؛ قڵەشابێ ! )) *٢٤٤*

بۆ زانیارییت؛ (خرچ) هەر واتای (كاڵەك)ە، هەروەها (نالیی) وتوویە:

(( یا تازە هەنارێکی کە ناری گوڵی مابێ
بێ درز و قڵیش؛ میسلی شەمامێکی تەلابێ
بۆ تەجرەبە؛ تا لەززەتی شیرینیی ئەدابێ
نەختێکی وەکوو دیدەیی دەرزیی قڵەشابێ )) *٢٤٥*

واتە: وەک هەنارێکی گوڵبەدەم؛ یان وەک شەمامەیەکی زەردی ئاڵتوونیی؛ بێ درز و قڵیش؛ تەنیا لە لایەکییەوە؛ هێندەی چاوەی دەرزییەک؛ لە نیشانەی شیرینییدا دەمی کردبێتەوە، (مەبەستی لە بچووکیی ئاڵەتەکەیە ! )

یان (نالیی) کە وەسفی ئاڵەتی پیاو ئەکات؛ ئەڵێت:

(( وەک هیمەتی سۆفی؛ کە لەنێو خەڵوە خزابێ

مەستوور و عەزیزی شەرەف و ڕیفعەت و جا بێ )) *٢٤٦*
(نالیی)، لێرەدا؛ ئالەتەکەی چواندووە بە سۆفی ، منیش لە وەسفی ئالەتی پیاودا؛ لە شیعرێکی فارسییدا؛ ئالەتی پیاوم چواندووە بە زاهیدان:
(( شب کە خسبم کیر من بر دوش می گیرد لحاف
می نخسبد تــا سحر، چون زاهدان از اعتکاف )) *٢٤٧*
هەروەها لە شعرێکی تردا؛ چواندوومە بە دەروێش و هاوتای ئەو پەندەم کردووە؛ (( دەروێش لە هەر کوێ شەوی بەسەردا هات؛ ئەوێ کاروانسەرایەتی)) :
(( شخسی بـکیر گفت؛ کـە ای سربرید پوست
کون بهتر اس؛ یا کس بی مووە؛ نیکو است ؟
آهستـە سـر بـلند کرد و آشـفتـە بـگفت:
درویش، هر کجا کە شب آید؛ سرای اوست )) *٢٤٨*
مەبەست لەوەیە؛ کونی قنگ و کونی کوس؛ هەردووویان وەکوو شەو تاریکە ! ئیدی بۆ (کێر) فەرق ناکات، سەر بە کام ئەشکەتیاندا بکات ! بە دابی دەروێشانە هەر گەیشتە تاریکیی؛ ئارامی تێدا ئەگرێ !
هەروەها لە شیعرێکی تردا؛(نالیی) ئالەتەکەی چواندووە بە زاهید و سالوکان و ئەو ئاوەی کە ئەیڕێژێ؛ بە فرمێسکی زاهیدانی چواندووە !
(( فـەرقێکی هەبێ؛ داخڵی میحرابی ڕەجـا بێ
چاوێکی هەبێ؛ غەرقەیی فرمێسکی بوکا بێ )) *٢٤٩*
منیش ئالەتەکەم کردووە بە عاشقێکی خەست و ئەو ئاوەشی کە ئەیڕێژێ؛ بە کێم و زوخاوی زامی عەشقم داناوە !
(( تۆ بە تیری عیشقی شۆخێ؛ جەرگی پێکاوت هەیە
ناو زکت؛ مەجرووحە . بۆیە زەردە لیکاوت هەیە )) *٢٥٠*
بەشێکی زۆری ئەو شیعرەش کە باسی کوڕە بولغارییەک ئەکەم؛ ئیلهامەکەی؛ وەرگیراوی شیعرەکەی (نالیی)ە کە بەسەر (مەستوورە)دا وتوویە.
بۆ نموونە؛ من لەو شیعرەدا وتوومە:
(( خڕ و مەخڕووت و مودەوەر؛ سپی و نەرم و دوونیم
وەکوو کـۆمـەڵـە بـەفرێ؛ کـە شەقی کـەی بـە مشـار )) *٢٥١*
یان دیسانەوە؛ لە شیعرێکی فارسییدا وتوومە:
(( نە غلط کردم، چو نیکو دیدمش
کوە برفین گشتە از منشـار شق )) *٢٥٢*
(نالیی)یش وتوویە:
(( یـاخۆ پـەڵە بەفرێکی کە ئەسڵەن نەشکابێ
قەندیلی مونیر و گوزەری ئاب و هەوا بێ )) *٢٥٣*
تەنانەت، من کە بە شیعر ؛ باسی حوجرە شەقو شڕەکەمم کردووە، (نالیی) لە پێش منەوە؛ بە شیعر ؛ باسی پەڕپووتیی حوجرەکەی خۆی کردووە .
شیمانە ئەکرێت؛ شیعرەکەی (نالیی)یش؛ وەرگیراوی ئەو شیعرە عەرەبییە بێت؛ کە ئەڵێت:
(( لـی بیـت کـــانــە بیـت شعر
لی بیت حجاج من قصید سخیف
ایــن لــلـعـنـکبوت بـیت ضعیف
مـثـل وهـو مـثـل عقلی الضعیف )) *٢٥٤*

.....................................................................

گەدایی: جەنابت؛ (لاساییکردنەوە) یان وەک وتت؛ (وەرگرتنی فیکرە)؛ چۆن هەڵدەسەنگێنیت ؟

شێخ ڕەزا: هونەری لێوەرگرتن؛ هیچ عەیبێکی تیا نییە، بەڵکوو عەیب لەوەدایە؛ کە جوانییەک بە وەرگیراوەکە نەبەخشیت و لە گەیاندنی مەرامی خۆتدا؛ نەتوانیت بەتەواویی سوودی لێ ببەیت، کاتی خۆی؛ توانجی ئەوەیان تێگرتبووم؛ کە من شیعری (عطار)ی ئێرانییم لە شیعری خۆمدا بەکارهێناوە، منیش وەها جوابم دانەوە:

(( مصرعی از قریحه عطار
که عجب آبدار و رنگین است
گر بتضمین بیاورم چه عجب
یکی از فن شعر؛ تضمین است )) *٢٥٥*

واتە ئەگەر نیوبەیتییەکی (عەتار)م وەرگرتبێت؛ هیچ نەنگییەکی تێدا نییە؛ چون یەکێ لە هونەرەکانی شیعر؛ لێوەرگرتنە .

.....................................................................

گەدایی: واتە، لاساییکردنەوە و لێوەرگرتن، بە نەنگیی نازانیت ؟

شێخ ڕەزا: نەخێر، من کە دەڵێم لاسایی (کوردیی)م کردووەتەوە، ئەوەتە (کوردیی)ی شاعیریش؛ لاسایی (سلێمان بەگی زەنگەنە ١٧٤٨-١٨٠٤م) کردووەتەوە، کە شاعیرێکی پێش خۆیەتی، (سلێمان بەگ) وتوویە:

(( بەڕەزا جە ڕووی تاش وەرمەغار
پەراوێز چون زوڵف، مەیاش جە ڕوخسار )) *٢٥٦*

(کوردیی)ی شاعیر لاسایی ئەم دێڕەی کردووەتەوە، وەک لە دێڕی دووەمی شیعرێکیدا ئەڵێت:

(( وەکو دووڕ و عەقیق؛ نەخشە، دندان و لەبی ئاڵت
میسلی بەڕەزا؛ پەخشە، ئەگریجە و خڕوخاڵت )) *٢٥٧*

.....................................................................

گەدایی: بەڵام ئەو دێڕەی کە تۆ دەیڵێیت؛ لە دیوانی نالییدا؛ بە یەکینە(تاک بەیت) هاتووە و بە هینی (نالیی) لەقەڵەم دراوە. لە دیوانی نالییدا؛ بەمجۆرە هاتووە:

(( وەک دووڕ و یاقوت نەخشە، دندان و لەبی ئاڵی
هەروەک بەڕەزا؛ پەخشە، ئەگریجە لەسەر خاڵی )) *٢٥٨*

شێخ ڕەزا: وەک پێموتیت؛ ئەو شیعرە؛ تاکەبەیت نییە، بەڵکوو دێڕی دووەمی شیعرێکی کوردییە .

.....................................................................

تەنانەت (نالیی) و (سالم) و (کوردیی)؛ لاسایی یەکتریان کردووەتەوە، بۆ نموونە؛ (کوردیی) وتوویە:

(( بۆ تیری قەضا؛ سینەم بۆت بوو بە سوپەر، قوربان
بۆ تەجرەبە؛ سا تیرێ باوێژە قەڵغانت )) *٢٥٩*

(سالم)یش وتوویه:
(( بۆ من؛ قەڵەمە نێزە، بۆ تۆ سوپەرە دەزگا
بۆ تەجرەبە؛ با لێبدەم یەک حەربە لە قەڵغانت )) *٢٦٠*
هەروەها لاسایی (مەولانا خالیدی نەقشەندیی)یان کردووەتەوە، بەخۆیشم لاسایی مەولانام کردووەتەوە .

.............................................................

گەدایی: چۆن دڵنیامان دەکەیت ؟

شێخ ڕەزا: (مەولانا خالید) بەدەر لە لایەنی ڕۆحیی؛ لە ڕووی ئەدەبیاتیشەوە؛ کاریگەریی زۆری لەسەر (نالیی و سالم و کوردیی) هەبووە هەروەها شاعیرانی لاوی وەک (من و مەحوی و کێ و کێ...) . ئەوەتا (سالم)ی شاعیر بەخۆی ددانی پێدا ئەنێت؛ کە جێپێی (مەولانا)یان هەڵگرتووە:
(( لە لایەک (نالیی) و (مەشویی)؛ لە لایەک (سالم)و (کوردیی)
لە هەنگامەی هونەرگەرمیی؛ تکاجۆ بوون لە (مەولانا) )) *٢٦١*
(مەشویی) ناسناوێکی دیکەی (مەحویی)ە .

.............................................................

گەدایی: ئەدی وتتان؛ بەخۆیشم لاسایی (مەولانا)م کردووەتەوە ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ، بۆ نموونە؛ لە شیعرێکدا وتوومە:
(( ئەمێستاش؛ تاقەتم تاقە و پەرێشان
خرووسم؛ نەخرەسە و حاڵم موفەششەق )) *٢٦٢*
یان لە شیعرێکی دیکەدا وتوومە:
(( تاقەتی تاق بووە، بێچارە؛ لەژێر باری فیراق
بکە ڕەحمێ بە (ڕەزا)؛ چاکە تەڕەحووم بە غەریب )) *٢٦٣*
ئەمە لاسایی ئەو شیعرەی (مەولانا)یە کە ئەفەرمووێت:
(( قیبلەم فیراقت؛ قیبلەم فیراقت
ئارامم سەندەن، سەودای فیراقت
دڵ قەقنەسئاسا؛ جە ئیشتیاقت
تاقەت تاق بیەن؛ پەی ئەبرۆی تاقت )) *٢٦٤*

.............................................................

گەدایی: ئەگەر وا بێت، ئەوا ئەو قسەیەی (د. مارف خەزنەدار) ڕاستە، کە دەڵێت:شێخ ڕەزا قوتابییەکی زیرەک و بەتوانای قوتابخانەی نالییە *٢٦٥*؟ ئەو پێی وایە؛ ئەم شیعرەی بەڕێزتان:
(( نیمە بۆ تەسویری ئەبرۆت پەیڕەوی (مانی) دەکا
شانە بۆ زنجیری زوڵفت عەنبەر ئەفشانی دەکا
قووتی ڕووحە لێوەکەت یاقووت وەها ئاودار نییە
مەنعی بازاڕی عەقیق و لەعلی ڕوممانی دەکا )) *٢٦٦*تیایدا هەست بە هەناسەی (نالیی) دەکرێت ، نەوەکوو تەنیا لە کێش و قافیە و پاش قافیە، بەڵکوو لە مانا و وێنەشدا... )) *٢٦٧*

شێخ ڕەزا: من خۆم بە قوتابی قوتابخانەی (نالیی) نازانم، ڕاستە من بە (نالیی) کاریگەر بووم، ئەمما من ڕێچکە و شێوازی تایبەت بەخۆم هەبووە و خوێندنگەیەکم بۆ خۆم لەسەر ڕێڕەوەکەم داناوە

ئەو شیعرەش؛ کە ئەو بەڕێزە؛ ئەو بیروڕایەی لەسەر بنیاتناوە؛ هینی من نییە... واتە قسەکانی هیچ لە هیچ. چونکە بەڵگەی بەهێزی ئەو؛ ئەم شیعرەیە، کە شیعرەکەش نەما؛ ئەوا بێ بەڵگە ئەمێنێتەوە

.................................................................

گەدایی: یاشێخ، من وەکوو ڕای خۆم؛ ئاستی شاعیریی ئێوە لە گشت شاعیرانی دیکەی کورد بە باڵاتر دەبینم و من بە (سەرمیری شاعیرانی کورد) و (میری میرانی شاعیانی کورد)تان دادەنێم... بەس یەک شت هەیە لێرەدا، ئەو شیعرەی کە جەنابتان دەڵێن؛ هینی من نییە؛ لە دیوانەکەتاندا دانراوە و بە هینی ئێوە زانراوە؟

شێخ ڕەزا: من ئەو شیعرە بە لەڕ و لاواز دائەنێم و هینی من نییە و تام و بۆی منیشی لێ نایەت، ئیدی هینی کێیە و لە هەناسەی کێ ئەکات و تامو بۆی کێ لێ هەڵئەستێ، ئەوە کێشەی من نییە . لە ڕاستییدا؛ خۆیشم بە تەواویی نازانم ئەو شیعرە هینی کێیە . چونکە هەندێک کەس ئەڵێن؛ هینی (شێخ حوسێنی قازی)ە *٢٦٨* هەندێکیش ئەڵێن؛ هینی(سالم)ە هەر لەو چەند دێڕەی شیعرەکەش؛ کە هێناوتەتەوە؛ چەندان هەڵەی تیایە و ڕاستەکەی ئاوەهایە:

(( خامە، بۆ تەصویری ئەبرۆت؛ پەیڕەوی (مانی) ئەکا
شانە بۆ زنجیری زوڵفت؛ عەنبەرئەفشانیی ئەکا
قووتی ڕووحە لێوەکەت؛ یاقووت وەها ناودار نییە
مەنعی بازاڕی عەقیق و لەعلی ڕوممانی ئەکا )) *٢٦٩*

.................................................................

گەدایی: بەڵام لە کۆتایی ئەم شیعرەدا نێوی تۆ هاتووە:

(( کەس نییە؛ ئەو شۆخە حاڵی کا؛ لە سۆزی ئاتەشم
وا (ڕەزا) دیسان لە عیشقی؛ هەر غەزەلخوانیی ئەکا )) *٢٧٠*

شێخ ڕەزا: بەڵام خۆیشم لە شوێنی دیکەدا بینیومە کە ناوی (حوسین)ی پێوە بووە، ئیدی نازانم ئەگەر هەر بەڕاست هینی (شێخ حوسێنی قازی) بێت یان نا، (شێخ حوسێن)، شاعیر بووە و بە هەر سێ زمانی (فارسیی و عەرەبیی و کوردیی) شیعری هۆنیوەتەوە:

(( کەس نییە؛ ئەو شۆخە حاڵی کا؛ لە سۆزی ئاتەشم
وا (حوسێن) دیسان لە عەشقی؛ هەر غەزەلخوانیی ئەکا )) *٢٧١*

جا ئەگەر شیعریش تەنیا بە گۆڕنی ناوێک بی کەن بە هینی ئەو کەسە؛ بۆ نموونە ناوی من دابنێن و بیلکێنن بە منەوە؛ ئەوا منیش ئەتوانم بە دانانی ناوی تۆ بڵێم هینی تۆیە، بەمشێوەیە:

(( کەس نییە؛ ئەو شۆخە حاڵی کا؛ لە سۆزی ئاتەشم
وا (هاوڕێ) دیسان لە عەشقی؛ هەر غەزەلخوانیی ئەکا ))

.................................................................

گەدایی: یەعنی ئەو شیعرە ئێستا بوو بە هینی من ؟!

شێخ ڕەزا: بەڵێ !

.........................................................

گەدایی: لە دیوانی نالییدا؛ لێیان ڕوون نەبووتەوە؛ کە ئایا (نالیی) ئەوێکات کە ئەو هۆنراوەیەی بۆ (مەستوورە) وتووە؛ پێش شووکردنی (مەستوورە) بووە؛ یان پاش شووکردنی *٢٧٢*

شێخ ڕەزا: چۆن شتی وا دەبێت ؟! ئەی ئەوە نییە، (نالیی) بەخۆی ئەوەی لە شیعرەکەدا یەکلایی کردووەتەوە ؟!

(( ئەم سیڕڕە چییە؛ میسلی سوها بێ؛ نەسوابێ
دوڕڕێ بێ؛ کە وەکوو دوڕڕی سەمابێ؛ نەسمابێ )) *٢٧٣*

واتە؛ (نالیی) ئەڵێت؛ (مەستوورە) هێشتا کچە و (نەسواوە و نەسماوە)، واتە (کون نەکراوە و نەبووەتە ژن)
جگەلەوە؛ هەر لە سەرەتای شیعرەکەیشدا دیارە کە (مەستوورە) شووی نەکردووە:

(( مەستوورە، کە حەسنا و ئەدیبە بەحیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو، بە چ ناز و عیتابێ )) *٢٧٤*

(نالیی) وەها (مەستوورە) ئەناسێنێت؛ کە (شاعیرە و جوانە)، ئەگەر مەستوورە ئەوکات شووی کردبووایە بە (والی ئەردەڵان)؛ و میرخاتوون بووایە؛ هەرگیز بڕوا نەئەکرا؛ (نالیی) ئەوەی لەبیر بچوایە و نەیوتایە: (( مەستوورە، میرخاتوون و ئەدیبە بەحیسابێ )) .

.........................................................

گەدایی: باشە، ئەو هۆنراوەیەی کە لەسەر مەستوورەیە؛ چۆن هەڵی دەسەنگێنیت ؟

شێخ ڕەزا: هەرچەندە بەخۆم سوودم لە چەند دەستەواژەیەکی ئەو شیعرە بینیوە و بەکارم هێناوەتەوە، بەڵام شیعرەکە بەخۆی؛ شیعرێکی لاوازە! ئەمیش لەبەرئەوەی کە ئەو شیعرە؛ لە شیعرە سەرەتاییەکانی (نالیی)ە و هینی ئەوکاتەیەتی کە هێشتا لە دنیای شیعردا قاڵ نەبووەتەوە و جۆشی نەخواردووە، لەو شیعرەدا؛ (نالیی) هێندەی بەدوای وشەکاریی و وشەئاراییدا چووە و خۆی پێوە خەریک کردووە؛ هێندە بەدوای مانا و گشتگیریی هۆنراوەکەدا نەگەڕاوە...سەرباقی ئەوەش؛ هێشتا لە وشەکارییەکەدا سەرکەوتوو نەبووە.
چونکە لەو شیعرەدا؛ کە (٤٩) دێرە؛ لە (٨) دێریاندا قافیەی ((قڵەشابێ))ی دووبارە کردووەتەوە، هەروەها (٤) جاریش ((کرابێ))ی دووبارە کردووەتەوە، (٣) جاریش ((بەقابێ) و (٣)جاریش ((گوشابێ))، ئەمانەش یەکی؛ (٢)جار:(( حسابێ))، ((ئەدابێ))، ((نەرژابێ))، ((هەڵیدابێ))، ((نەشکابێ))، ((هەوابێ))، ((تیابێ))، ((فیدابێ)) ، ئەمانەش؛ تەنیا نەرێ کراون و دووبارە کراونەتەوە: ((نەوابێ))، ((ئاوی درابێ))، (ڕوابێ)) !
واتە؛ لە کۆی (٤٩) دێر؛ قافیەی (٤٠) دێریان دووبارەکراوەیە، ئیدی شیعرێکی ئاوەها؛ چۆن بە پەسەند دائەنێم ؟!

.........................................................

گەدایی: من حەیفی ئەوەم پێ دێت؛ کە ئێوە بە خزمەت هەر سێ شاعیر (نالیی و سالم و کوردیی) نەگەیشتوون؛ دەنا زۆر شت لەو نێوانەدا ڕووی دەدا و ڕەنگە ڕەوڕەوەی شیعری ئێوەش بگۆڕایە .

شێخ ڕەزا: بە پێچەوانەوە، (من و حاجی قادر و مەحوی و کەیفیی ...) بە خزمەت ئەو شاعیرانە گەیشتووین و هەر لەو دەمەوەی حەزمان بە شیعر کردووە، زۆرجار شیعرەکانمان گەرماوگەرم لە خۆیان وەرگرتووە و بە تام و چێژەوە لەبەرمان کردوون و هەر ئەو بە خزمەت گەیشتنەیانە؛ کە شیعری ئێمەی گۆڕیوە، ئیدی تۆ ئەتەوێت لەوە زیاتر چییی لێ بێت ؟

..............................................................

گەدایی: بەڵام ئەوەی تۆ دەیڵێیت؛ پێچەوانەی ئەوەیە؛ کە هەتا ئێستا پێمان وتراوە، چونکە ئێوە بە هاوسەردەمی ئەوان دانەنراون و نەوتراوە کە ئێوە بە خزمەت ئەوان گەیشتبن، هێندەی بزانین، ئێوە لە پاش سەردەمی ئەوانەوە تێکەڵ بە دونیای شیعر بوون ؟

شێخ ڕەزا: بە هەڵەدا چوون، ئەی لەبەر چییە کە (حاجی قادری کۆیی) لە شیعرێکیدا ئەڵێت:

(( (سالم) و (مەشویی) و (شێخ ڕەزا) و (خەستە)
شـــاعـــیـــرن هـــەر چـــواری بـــەرجـــەســـتـــە )) *٢٧٥*

ناسناوێکی دیکەی (مەحویی)ە و ناسناوی سەرەتای ئەزموون پەیداکردنیەتی، لەو شیعرەدا باس کراوە کە (سالم) هێشتا زیندوو بووە و لەگەڵ ئێمەدا بەرجەستە بووە

تەنانەت ئەوکاتی کە یەکەمجار (حاجی قادری کۆیی)؛ دەربەدەر و پەڕیوەی تورکیا بوو؛ لەوێ خۆی تەرخان کرد بۆ دۆزینەوەی کەشکۆڵە کوردییەکان، هەر لەوێش ئەچێتە خزمەتی (نالیی) و لەبەر ئەوەی ئەیناسێت و ئەزانێت چەندێک هۆگری ئەدەبیاتە؛ (نالیی) کەشکۆڵی دیوانەکەی خۆی پێ ئەدات، (حاجی قادر) بەخۆی ئەمەی لە شیعردا باسکردووە:

(( ئیـتـیـفـاقـەن؛ ئـیـتـیـفـاقـم بوو لـەگـەڵ (نالیی) وەکوو
تاجیر و گەوهەر، لەگەڵ گەوهەرفرۆش و موشتەریی...

تا دەگات بەوەی ئەڵێت:

(( یەک یەکی هێنایە دەر، گەردی کەسادیی لێ تەکاند
دایە من، فەرمووی: دریغا؛ کەس نییە سەوداگەری... )) *٢٧٦*

(حاجی) ئەو کەشکۆڵانەی کۆی کردبوونەوە لە چاوی خۆشتر ئەویستن و نەیئەویست بیان بەخشێتە کەس و نەی دەویست پەرتەوازە ببن و بفەوتێن . بە وێنە؛ تەنانەت چەند جار (ئەختەر)ی برادەری گیانی بەگیانی خۆی و ئەدەبپەروەر؛ داوای ئەو کەشکۆڵ و توحفانەی لێ کردووە؛ بەڵام (حاجی) پێیئ نەداوە،...بۆ وێنە (ئەختەر) لە شیعرنامەیەکدا پێی وتووە؛ ئەگەر لە تورکیا هاتیەوە؛ ئەبێت چەند کەشکۆڵی شیعرم پێ بدەیت؛ بەڵام (حاجی) دەست ئەنێت بە ڕوویەوە، ئەگەر وەهاش نەبوایە؛ و نەیناسیایە؛ چۆن کەسێکی وەک (نالیی)؛ متمانەی پێ ئەکرد و کەشکۆڵی شیعری خۆی پێ ئەدا . بۆیە کاتێک کە (ئەختەر) داوای لێ کردووە؛ (حاجی) بەمجۆرە خۆی پەڕاندووەتەوە:

(( چونکە توحفە لازمە، هەر کەس لە غوربەت بێتەوە
بەم دوو فەردە من قەزای سەد گۆنە توحفەم کردەوە )) *٢٧٧*

..............................................................

گەدایی: لاسایی (سالم)یشت کردووەتەوە؛ یان هیچت لێوەی وەرگرتووە ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ بۆ نموونە؛ (سالم)، لە شیعرێکدا وتوویە:

(( نووکی قەڵەمم؛ تیژە، وەک نووکی درەوشی تۆ
سـوهـانـزەدەیـە فـکـرم، وەک گـازنـی بورانت )) *٢٧٨*

منیش وتوومە:

(( تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زبان

فەرقی ئەم دوو تیغە؛ هەروەک ئاسمان و ڕێسمان )) *٢٧٩*

یان (سالم) وتوویە:

(( بۆ من قەڵەمە نێزە، بۆ تۆ سوپەرە دەزگا

بۆ تەجرەبە با لێبدەم یەک حەربە لە قەڵغانت )) *٢٨٠*

منیش وتوومەتەوە:

(( بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم؛ قەڵغانی سیمینت

هەزار مارتین؛ بە قوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت )) *٢٨١*

یان لە شیعرێکی دیکەدا؛ وتوومە:

(( سوپەری ئەهلی سنە؛ بۆ شەڕی بێگانە ژنە

خۆ بەخۆش شەڕئەکن و ئەسڵەحەیان هەر بە تنە )) *٢٨٢*

یان (سالم) لە نیوەدێڕی یەکەمی بەیتێکدا وتوویەتی:

(( ڕەشە، تیغی شکەمی کەر؛ بە ڕەشت )) *٢٨٣*

منیش وتوومە:

(( ڕەشە، ڕەشاشی کەری ڕەش؛ بە ڕەشت )) *٢٨٤*

..........................................................................

گەدایی: بەڕێز (عەتا تەرزی باشی) نووسیویە: (( شێخ ڕەزا، کەسێکی ترسنۆک بووە و وەک ئەوە نەبووە کە بە زمان و شیعر وا بووە )) *٢٨٥*؟

شێخ ڕەزا: ئەو کابرا؛ ماڵی ئاوەدان بێت، کتێبی لەسەر من نووسیوە . بەس خوا هەڵناگرێت، هەر قسەی کردووە و لکاندوویەتی بە منەوە . برام، ئینسان عەیبە پەسنی خۆی بدات، من هەر لە منداڵییەوە؛ حەزم لە زۆرانگرتن بووە و کەسێکی بەخۆ و پتەویش بووم، پاڵەوانی مەیدانی زۆرانبازیی بووم، ئەدی شیعرە فارسییەکەتان نەخوێندووەتەوە کە باسی زۆرانبازیی خۆم و شێخ ستارم کردووە، کە لەگەڵ ئەوەش (شێخ ستار) فیلەتەنێک بوو و گاڵتە نەبوو! کەچیی وەک فەرش لە عەرز ڕامخست ! ئەمەم لەڕووی قووەت و هێزی بازووەوە باسکرد، ئەمما لەڕووی هێزی زمان و دەروون و بوێریی و نەترسیی و بێباکییمەوە؛ پێت ئەڵێم؛ من ئەگەر کەسێکی ترسنۆک بوومایە؛ ئەوا سەری خۆمم کز ئەکرد و دەستم بە کڵاوی خۆمەوە ئەگرت و خۆم نەئەکرد بە چقڵی چاوی هەندێک کەس و ئەو هەموو گۆبەندەم بۆ خۆم درووست نەئەکرد، یان لە سەردەمێکدا؛ کە خەڵک سوڵتانیان لە جێی پێغەمبەر دائەنا؛ ڕەخنەی جەرگبڕم لە سوڵتان نەئەگرت و خوێنی خۆمم نەئەکردە کاسەوە و هەندێک کەسیش پێیان نەئەوتم کافر!!

..........................................................................

گەدایی: بەڵام (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: (( شێخ ڕەزا، هەجووی ژمارەیەکی زۆر کەسی کردووە، هەر لە سوڵتان و کاربەدەستانەوە؛ تا دۆستی نزیکی خۆیشی . وەک دەردەکەوێ؛ ئەم شیعرانە لە سەردەمی خۆیشیدا؛ هیچ جۆرە کێشە و تەنگوچەڵەمەیەکی بۆ درووست نەکردووە )) *٢٨٦*

شێخ ڕەزا: نەخێر، بە پێچەوانەوە . زۆرجار تووشی پەلامار و ئازاردانی مادیی و مەعنەوییش بوومەتەوە لەسەر ئەو شیعرانە . هەر بۆ نموونە؛ لەسەر دێرە شیعرێک؛ شێخ قادری برام؛ گۆزەیەکی لە سەرمدا ورد و خاش کرد و خوێن بە سەرمدا هاتە خوارەوە . نموونەیەکی تریشت پێبدەم؛ جارێکیان هەجووی سوڵتانی عوسمانیم کردبوو:

(( دشمنه قارشی کدی، ملته قارشی أصلان
لعنة الله علی حضرت هذا السلطان
لعنة الله علیه و علی تابعه
و علی من هو لا یرضی بحکم القرآن )) *٢٨٧*

واتە:

بۆ دوژمن عەترە و بۆ گەل سەرەتان
لەعنەت و نەفرەتی خودا؛ لە سوڵتان
نەفرەت لە خۆی و لە پێرەوانی
لەوەش ناسەکنێ بە حوکمی قورئان .

یان لە شیعرێکی تردا بە سوڵتان عەبدولحەمیدم وتووە:

(( آسمانش ان چناست و زمینش انچنین
چشم عبرت برگشا و قدرت حق را ببین
گر چه از روی زمین من مالک چیزی نیم
از زمین تا آسمان (حمدا لرب العالمین)
کاش یک روزم بدرگاه هومایون ره دهند
تا (حمید خان) را بگویم: (ای حمیر المؤمنین)
بعثت تو؛ بر خلاف پیغمبر است
(انت ما ارسلت الا زحمة للعالمین) )) *٢٨٨*

وتوومە' کاشکا ڕۆژێ بگەیشتمایە (بابی عالی) و بە (سولتان عەبدولحەمید)م بوتیایە: تۆ کەری موسوڵمانگەلیت، ،نەک سەرداری موسڵمانان !!

لەسەر ئەوە؛ سوڵتان ئەمری دا؛ باجێکی زۆری ماڵات؛ بخەنە سەر هەموو بنەماڵەی تاڵەبانیی...داوای پێنجسەد سەر مەڕی کرد بوو لە تۆڵەی ئەو قسانەدا... تا ئەوەی بە شیعرێک؛ داوای لێخۆشبوونم لە سوڵتان کرد و بە چەند تکا و چاوبەست؛ ئینجا لە دەستی قوتارمان بوو ! وەک وتوومە:

(( جملەء آباء و اجدادم؛ امام المتقین
جملەء علم الیقیندن واصل علم الیقین
ترک اولنسه نولەبیش یوز رأس اغنام ینه
بن کولەن شایان عفوم یا أمیر المؤمنین )) *٢٨٩*

هەر لەسەر ئەو شیعرانە؛ دەیان بەڵا و کارەسات ڕووبەڕووم بوومەتەوە، واتە بەکورتیی و بڵباسیی؛(( زمانم نەئەوەستاوە و سەریشم نەئەحەواوە))

(( هر بلبلە خصمدر صداسی
خوش نغمە سیدرانک بلاسی
طو طیلری بندایدن قفس دە
اوز دیللری در کە هر نفس دە )) *٢٩٠*

..........................................................

گەدایی: تۆ مەلا بوویت و لە بنەماڵەیەکی ئاینییش بوویت، باشە دینداریی لە کوێ و هەجووبازیی لە کوێ؟

شێخ ڕەزا: دینداریيەکە، ڕاستەقینە بووە، بەڵام هەجووبازیيەکە تەنیا کاری ئەدەبیی بووە و کرداریی و ڕاستینە نەبووە، ئەگەر هەجوویەکیش تەنیا هەر قسە بێت و بۆ خۆشیی و گاڵتەگەپ و سەرخستنەسەر یەکێک و گەمە و گاڵتە بێت؛ ئەوا چیی قەیدی هەیە و بۆچ گونجاو نییە:

(( طاعت ایله قباحتک ممکن ایکن تدارکی
هم اوقورم تبـارکی، هم (س...)رم مبارکی )) *٢٩١*

واتە؛ ئەکرێ خواپەرستیی و بەدکرداریی پێکەوە بهێنرێنە دی، من هەم سوورەتی تەبارەک دەخوێنم ، هەم (موبارەک)یش ئەگێم !

.................................................................

گەدایی: بەڵام ئایا هەجووکاریی ئێوە، واتای پشتگوێخستنی لایەنی ئاینیی نییە و وەلانانی بنەمای دین نییە ؟

شێخ ڕەزا:

(( بنی خالی بیلورسک قوەء قدسیەن جـاهل
سگ درگاه غوثم بن دخی بر همتم وارد )) *٢٩٢*

واتە؛ ئەگەر من لە هێزی پیرۆز بە خاڵیی بزانیت؛ نەزانیت . من سەگی دەرگای غەوسی گەیلانیی و منیش کۆشش و هیمەتێکم هەیە .

.................................................................

گەدایی: دەمەوێت بپرسم؛ بۆچیی لە نیو هەموو جۆرەکانی هۆنراوەدا؛ بەتایبەت هۆنراوەی هەجووتان هەڵبژارد و ڕیبازی هەجووکارییتان گرتەبەر؟

شێخ ڕەزا: هەموو شاعیرێک، لە سەرەتاوە کە دەست ئەکات بە شیعر نووسین، بە چەند شیعرێکی کاڵ و کرچ دەست پێ ئەکات. وەک چۆن منداڵ لە سەرەتاوە قنەخشکێ ئەکات و دواتر دارەگرێ ئەکات و پاشان قیت و قینج بە ڕێدا ئەڕوات و ڕێی خۆی ئەدۆزێتەوە، منیش هەتا لە شیعردا منداڵبووم و لە قنەخشکێدا بووم؛ ڕێی خۆمم نەئەزانی کامەیە و بە هەموو لایەکدا خۆم ئەکوتا، لە سەرەتاوە بە شیعری دڵداریی دەستم پێکرد و تیایدا کەوتبوومە تەقلیدێکی کوێرانەی شاعیرەکانی پێش خۆمەوە و لە جێی ئەوان پێم دائەنا و پێم وا بوو، کە ئەگەر بتوانم وەکوو ئەوان شیعر بڵێم و شیعرەکانم لە هینی ئەوان بکات؛ ئەوا شاعیرێکی سەرکەوتوو ئەبم، ئەگەڕام بە دوای وشەی قورس و گران و قەبەدا بۆ بەکارهێنان ...لە شیعرەکانمدا زۆر وشەی بێگانەم بەکار ئەهێنا، هەر بۆ نموونە لەو شیعرە دڵدارییەمدا؛ کە باسی (دڵبەرانی کۆیە) ئەکات؛ کە ئەو شیعرە هینی سەردەمی لاوییمە؛ دێرێکیت بە نموونە بۆ ئەهێنمەوە:

(( عاریز و غەبغەب و ڕوخسار و زەنەخدان و لەبی
نـازک و تـوحفـە و زێبـا و بـەدیع و عـەجـەبـە )) *٢٩٣*

لە سەرجەمی ئەم شیعرە؛ کە (١٠) دێرە و لە کۆی (١١٥) وشە؛ کە لە شیعرەکەدا بەکارهێنراوە؛ (٦٢) وشەیان بێگانەن ! و ئەمە شیعرێکی نەپاراوە و زۆر وشەی قورس و گرانی تیا بەکارهێنراوە .

بەڵام هەرچەند ئەسپی خۆم لە شیعری دڵدارییدا ڕانیی؛ هەستم دەکرد دڵم ئاوی پێ نەئەخواردەوە و جێی ڕەزامەندیی خۆیشم نەبوون و لەگەڵ داوام مەرام و ویستەکانمدا جۆش نەدەبوو. دواتر تێگەیشتم؛ کە بەخۆم هیچم لەوانی پێشوو کەمتر نییە و هەر لەو هەجووکارییەی کە لە حوجرەوە؛ لەگەڵ فەقێکاندا دەستم پێکرد؛ هەستم کرد توانای شیعروتنم لە هەجوودا باڵاترە و لەگەڵ حەز و داخوازییەکانی مندا یەک دێتەوە . تێگەیشتم کە ئەوی لە دەروونی مندایە؛ ناتوانرێت بەتەنیا لە ڕێی شیعری دڵدارییەوە دەربڕدرێت و شیعری دڵداریی؛ ناتوانیت هەموو پەیامێکی پێ دەربڕیت، بۆ نموونە بە شیعری دڵداریی؛ ناتوانیت نادادپەروەریی حوکمەتێک و ستەمکاریی دەسەڵاتدارێک و ستەملێکراویی کەسانێک و بەدکاریی و بەدئاکاریی کەسانێک و دزێوییەکانی کۆمەڵگە و دەوروبەرت باس بکەیت . بۆیە شێوازی خۆمم گۆڕی لە شیعروتندا؛ هەروەها بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە شیعرە کوردییەکانمدا هەتا ماوەیەکی زۆر هەروەها مایەوە، بەڵام لەگەڵ زیاتر وردە وردە بەتەمەن چوونمدا؛ هەوڵی ئەوەم دا؛کەمترین وشەی بێیانیی لە شیعرەکاندا لەکار بێنم . بۆ نموونە ئەو شیعرەی لە (ئەحمەد پاشا)دا وتوومە؛ ئەویش هینی ئەو قۆناغەیە؛ کە کاریگەریی بەکارهێنانی وشەی بێگانەم زۆر لەسەرە...لەو شیعرەشدا؛ لە کۆی (١٠٣) وشە؛ لەویشدا لە نیوە زیاتر وشەی بێگانەم لەکار هێناوە . بەڵام لەگەڵ هەڵکشان بە تەمەندا و چوون بەساڵمدا؛ ئەو جیاوازییە بەڕوونیی پاراوبوونی زمانی شیعرەکانم ئەدیترێن و شیعرەکانی سەردەمی پیریم تێرن لە وشەی کوردیی و خۆماڵیی و لە ڕووی زمانەوە زاڵ و سەرکەوتووە

........................................................

گەدایی: تۆ دەڵێیت؛ شیعرەکانی سەردەمی پیریم؛ لە ڕووی زمانەوە زاڵ و سەرکەوتوون . بەڵام من دەڵێم بەڕێزتان هێشتا هەموو شیعرەکانی پیریی و گەنجییتان پڕە لە هەڵەی زمان . بۆ نموونە لە زمانی قسەکردنی ئێوەی ئەهلی کەرکووکدا؛ بۆ کرداری داهاتوو(فعل مضارع) نیشانەی (ئە) بەکاردەهێنن و (دە) بەکارناهێنن، بۆ نموونە ( ئەچم، ئەخوات، ئەڵێت، ئەزانم،....) کەچیی جەنابتان لە شیعرەکانتاندا هەردوو نیشانەی (ئە) و (دە)تان تێکەڵکردووە و هەردوویانتان بەکار هێناوە . بۆ نموونە لەم دێرە شیعرەتاندا:

((...هەر کە وتیان جەنگە ئەمڕۆ؛ چاو ئەگێڕن بۆ کەلێن
ئـەم دەبێتـە مامـە ڕێوی و ئـەو دەبێتـە کـەمتیار )) *٢٩٤*

ئەم کردارانەت بەکارهێناوە (ئەگێڕن، دەبێتە، دەبێتە)

نموونەی دیکەش زۆرە بۆ نموونە لە شیعری (حوجرە)کەتاندا؛ ئەم کردارانە هاتوون: (عیلاجی ئەکەم، ئەتەپێ، دەیگرم، دەیکوتم، دەم دەکاتەوە، ئەحەپێ )! *٢٩٥*

تەنانەت نیوەدێرتان هەیە؛ کە ئەو هەڵەیەی تێدا کراوە، ئەم نیوەدێرانە؛ هینی بەڕێزتانە:

((هەرچەند کە ئەمدی؛ وەکوو لۆتی دەگەڕاوە )) *٢٩٦*

(ئەمدی، دەگەڕاوە)!

(( ئەو ئەڵێ؛ پوولم نەماوە، ئەم دەڵێ بێچووم دەوێ )) *٢٩٧*

(ئەڵێ، دەڵێ، دەوێ)!

نموونەی لەم جۆرە زۆرە و یەک و دووان نییە لە دیوانەکەتدا، ئایا نەدەبوو بەڕێزتان؛ یان نیشانەی (ئە)تان بەکارهێنابا؛ یان نیشانەی (ئە)؟

شێخ ڕەزا: باوەڕ بفەرموو؛ ئەمە کاری من نییە و من تەنیا نیشانەی (ئە)م بەکارهێناوە و ئەوانەش کە نیشانەی (دە)یان هەیە، لەلایەن ئامادەکاری دیوانەکەوە دەستکاریی کراون و نەئەبووا واشیان بکردایە و شیعرەکانی منیان پێ کاول کردووە

..................................................................

گەدایی: جەنابتان چەند زمانتان زانیوە ؟

شێخ ڕەزا: جگە لە زمانی ماکی خۆم؛ زمانەکانی (فارسیی و تورکیی و عەرەبیی)م زانیوە...هەر بۆ نموونە لە شیعرێکی کوردتدا؛ هەر چوار زمانەکەم بەکارهێناوە :

(( گیزەر دەوائیر ئەقلامی ئەرقەسینده دەوات
مەداری ئەهلی قەلەمدەر مودیری تەحریرات
نگوفتم من حزر کن ز تیغی ناطقە ام ؟
لأن ناطقتی آفــة مـن الآفـات
لەبەر عەباکە؛ (جەب)م کردی ئەی فەقیری خوا
ئەوە عەباکەت، کێرم بە قنگی خۆت و ئەبات )) *٢٩٨*

دێری یەکەم؛ تورکییە و نیوەدێری سێیەم؛ فارسییە و نیوەدێری چوارەم؛ عەرەبییە و نیوەدێری پێنج و شەش؛ کوردییە .

..................................................................

گەدایی: زمانی کوردیی؛ چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

شێخ ڕەزا: زمانی کوردیی؛ ئەگەر نەڵێم لە زمانەکانی تر باشتر و دەوڵەمەندترە؛ ئەوا لە زمانەکانی تر؛ کەمتر نییە . ئەوی عەیبیشی لێ ئەگرێت؛ وەک کەسێکە؛ (( هەڵپەڕکێ نازانێ و ئەڵێ حەوشەکەی خوارە ! )) زمانی کوردیی؛ بگرە لە زمانی تورکیی و فارسییش زیادی هەیە و ئەگەر بگەڕێینەوە سەر زمانی پاراو و سازگاری خۆمان؛ ئەوا لێمانیش سەرو زیادە، زمانی کوردیی لە وشەدا دەوڵەمەندە، سەیری ئەم نیوەدێرە بکە :

(( شێخەکەی دەم چەوتەکەی، لچ گێرەکەی، لێو خوارەکە )) *٢٩٩*

بۆ هەریەک لە وشەی (دەم، لچ و لێو ) سێ وشەی نزیک لەیەک (چەوت، گێر، خوار) بەکار هاتووە و یەک نەکەوتووە .

..................................................................

گەدایی: ئایا هەجووکارییەی تۆ؛ هیچ کاریگەرییەکی هەبووە بۆ سەردەمەکەت و دەوروبەرەکەت؟

شێخ ڕەزا: ئەوە بە هۆی ئەو زمانە هەجاوەی منەوە بوو؛ کە هەندێک کەس بۆ خۆپاراستن لێی بەخشش و بەرتیل و سەرانەیان پێ ئەدا؛ تا لە بەڵاکەی بەدوور بن! هەر بە هۆی ئەو زمانەوە؛ زۆرێکی تر؛ لە کاری بەد ئەسڵەمینەوە، هەر ئەو زمانەش؛ ببووە یارمەتیدەری بەڕێکردنی کاری زۆرێک لە هاوڵاتیی و خزم و دۆستان و ستەملێکراوان . هەر ئەو زمانە بوو؛ کە ترسی چەند هەزار سەربازی لە دڵی نەیار و دوژمناندا درووست کردبوو، هەر ئەو زمانە بوو؛ کە نادادپەروەریی دەسەڵات و حوکمەتی ئاشکار ئەکرد و پەردەی لەسەر نادادیی و بەدکارییان هەڵدەدایەوە . تەنانەت هەر بۆ زانیارییت؛ چەندان کەس هەبوون؛ کە هەجووم کردوون و لەسەر کار لابراون . لەوانە؛(حەمزەپاشا و ڕائیف پاشا و کێ و کێ ...) . ناڵێم لەسەدا سەد؛ لەکارخستنیان؛ بە هۆی منەوە بووە . بەڵام دەستی منی تیا بووە . من ئەمانە و دەیان ئەرکی دیکەم بە زمان و قەڵەمەکەم ڕاپەڕاندووە و زمان و قەڵەمەکەم چەکێکی هەرە کاریگەر و بەبڕشت و بڕندە بوون .

..........................................................................

گەدایی: بمبوورە، کە ئەم قسەیە ڕادەگوێزم؛ بەڕێز(فەرهاد شاکەلیی) دەڵێت: (( چەکی هەرە بەکار و ترسێنەری شێخ ڕەزا؛ (ئالەت)ەکەیەتی*٣٠٠* ؟

شێخ ڕەزا: کەسێک کە ڕۆشنبیر و ئەدەبجەز و ئەدەبپەروەر بێت؛ نابێت قسەیەکی هێند بێ بیرکردنەوە و تێرامان و بێ تەتەڵەکردن و بێژانەوە؛ ببێژێت! باشە بۆچ ئەبێت چەکی کاریگەری من؛ ئالەتەکەم بێت ؟! ئایا بەو ئالەتە؛ زەبرم لە کەس وەشاندووە ؟! نەخێر! ڕاستە بە قسە هەموو شتێکم وتووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەبێت بە کردەوەش ئەنجامم دابێت . نەخێر بەڵکوو من تەنیا بڵێیی بووم و کردەیی نەبووم ! وەک ئەوەی ئەو بەڕێزە وتوویەتی! ئێمەی شاعیر؛ شتانێک ئەڵێین؛ کە نایانکەین. (خەیام)ی شاعیر؛ سەراپای شیعرەکانی بۆنی مەی و شەرابیان لێ هەڵئەستێت، کەچیی (خەیام)؛ دوور بووە لە مەیخواردنەوە و بگرە یەکە خواپەرست و زانای ڕۆژگاری خۆی بووە . بەو بەڕێزە ئەڵێم؛ چەکی هەرە بەکاری من؛ زمان و قەڵەمەکەم بووە، نەک ئالەتەکەم!
باشە قوڕی کوێ بکەم بەسەردا؛ کە پاش ئەوندە ساڵەش؛ هێشتا تێنەگەیشتبن کە ئەوەی وتراوە، هەر تەنیا بە قسە بووە و هیچی ترا!
خەڵکی هەولێت قسەیەکی جوانیان هەیە، دەڵێن: ((بەدبێژە، بەدکەر نییە)) واتە ئەگەر من خراپیشم وتبێت مەرج نییە کە خراپیشم کردبێت، شاعیر قسانێک ئەکات بەڵام بە کردەوە نایانکات.

..........................................................................

گەدایی: (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: (( شێخ ڕەزا، ساڵی (١٨٦٦م) دووبارە ڕوو دەکاتە ئەستەموڵ وساڵی (١٨٧٤م) گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووک *٣٠١* لەو ماوەیەدا؛ گەڵێ لە گەورەپیاوانی ناسیوە....لەناو هاوڕێیانی ئەستەموولی؛ (ئەمین فەیزیی) جێگەی تایبەتیی لەناو دڵ و دەروونی (شێخ ڕەزا) بووە *٣٠٢* (کەساس جەباریی)یش؛ لە کتێبەکەی خۆیدا؛ ئەم قسەیەی دووبارە کردووەتەوە*٣٠٣*؟

شێخ ڕەزا: عەزیزم، زۆربەی ئەو قسانەی لەبارەی منەوە دراون؛ لە گیرفانی ئەو کەسانە بەخۆیان؛ دەرهاتوون، هێندەش بە مەحکەمییش نەیان ڕستووە؛ کە ڕیسەکەیان هەڵنەوەشێتەوە ! ئاخر ئەوی ئەو قسەیەی کردووە؛ نابێت بیر بکاتەوە؛ کە (ئەمین فەیزیی)؛ ساڵی(١٨٦٢م) لەدایکبووە ! واتە ئەو ساڵەی کە من چوومەتەوە بۆ تورکیا لە ساڵی (١٨٦٦م)؛ (ئەمین فەیزیی) تەمەنی تەنیا (٤) ساڵ بووە و ڕەنگە هێشتاش زمانی نەپژابێت! ئیدی منداڵێکی چوار ساڵان؛ ئەبێت چ گەورە پیاوێک بێت؛ کە لە هەموویان پتر جێی تایبەتییم لە دڵمدا بۆی دانابێت ؟! لەگەڵئەوەشدا کە (ئەمین فەیزیی) بە منداڵیی نەچووەبۆ ئەستەمبووڵ!

..........................................................................

گەدایی: بە هەر حاڵ؛ هەر چۆنێک بێت چوونت بۆ ئەستانە؛ کاریگەریی لەسەر ژیان و بیر و بەرهەمت داناوە، هەر بۆ نموونە؛ یەکێک لە ڕاڤەکاران؛ لەبارەی ئەم هۆنراوەیەی جەنابتانەوە:
(( مودەتێکە نێربـازیی و ئێستـاکە مەیلی مێ ئەکەم
ئارەزووی گانی کچێکی کوز پری دەرپێ ئەکەم ))! *٣٠٤*

دەڵێت: دیارە شێخ ڕەزا؛ ئەم قسەیەی لە دوای چوونی بۆ تورکیا وتووە، کە دیارە؛ جلی ژێرەوەی ئافرەتانی ئەوێی دیوە، چونکە ئەگەر دەرپێی ئەورووپیی نەبێت؛ کە پارچە پەڕۆیەکی بچووکە و پڕ بە پڕی ناوگەڵی ئافرەت دەکات ! ئەوا هەرگیز دەرپێی کوردەواریی ناگرێتەوە !! *٣٠٥*

شێخ ڕەزا: من تێناگەم باسی چیی ئەکەیت... لە کوێ بزانم دەرپێی ئەورووپیی چییە ؟! ئەو کابرا؛ هەر بەڕاستیی پێی وا بووە؛ من کەسێکی شەرواڵ پیس بووم و لە ئەستەمبوڵ؛ خەریکی کاری شەڕواڵپیسی بووم لەگەڵ ئافرەتی ئەوێندەر! ئەو کەسە؛ هەر لەخۆوە ئەو قسەیەی درووست کردووە؛ من ئەو شیعرەم بەسەر ئافرەتی تورکیی و ئەورووپایی و بێگانەدا نەوتووە، بەڵکوو بە بیرێکی کوردەوارییانە وتوومە! واتە بە هیچ شێوەیەک مەبەستی من لەو دەرپێ کورتە نەبووە، کە ئەو برادەرە باسی کردووە، بەڵکوو تەنیا ئەوەیە لە شیعرەکەدا زیادکاریی(موبالەغە)م تیا کردووە و کردوومە بە شتێکی خەیاڵیی! هەروەکچۆن لە شیعرێکی تردا وتوومە:

(( مەیلی ئەشعارم هەیە، تیغی زبانم موو ئەکا
هەر کەسێ جاڕێ بگێم؛ پڕ بە شاڕێ گوو ئەکا )) *٣٠٦*

ئەمە تەنیا زیادکاریی(موبالەغە)یە، دەنا کەس نییە پڕ بە شاڕێ گوو بکات!
ئینجا بۆ دڵنیایی زیاترت؛ کە من دەستەواژەی (کوز پڕی دەرپێ)م بۆ ئافرەتانی بیانیی و لە دەرپێی ئەورووپییەوە وەرنەگرتووە... پێت ئەڵێم؛ کە لە شیعری تریشدا؛ هەمان دەستەواژەم بەکار هێناوە، بۆ نموونە؛ لەو شیعرەدا؛ کە باسی (حوجرەکەم) ئەکەم؛ باسی حوجرەکەم کردووە بە بەهانەیەک؛ تا هەجووی وەستای بەنای حوجرەکەی پێ بکەم، واتە بەو شیعرە؛ دوو مەرامم پێکاوە؛ یەک: باسکردنی بەدبەختیی خۆم، دوو: هەجووکردنی وەستا... لەو شیعرەدا؛ لەبارەی ژنی وەستاکەوە؛ وتوومە:

(( ژنی وەستاکە؛ بۆچ نەگێم توخوا
ساق و سمت لووس، کوز پڕی دەرپێ )) *٣٠٧*

.................................................................

گەدایی: ئایا لە هۆنراوە تاکبەیتەکەشدا؛ هەر مەبەستت لە هەمان ژنی وەستای حوجرەکەت بووە؟

شێخ ڕەزا: نەخێر، هەر سەیری شیعرەکان بکە... لە تاکبەیتەکەدا؛ وتوومە (کچ) ، لە شیعری (حوجرە)کەشدا؛ وتوومە (ژن)... واتە لە تاکبەیتەکەدا مەبەستم ژنی وەستاکە نەبووە و باسی (کچ) کراوە!

.................................................................

گەدایی: بەڕێز (عومەر عەزیز مەحویی) دەڵێت: خەڵک بە هەڵە؛ لەم هۆنراوەیەی (شێخ ڕەزا) تێگەیشتوون:

(( (....) کێر ئەگەزێ وەکی گاز
عەدەسەی پانە، وەک دەشتی حیجاز
قیتکەیەکی هەیە وەک گردی دەماوەند ئەعلا
پردی هێلانە کەو و قوشقەڕە و کۆتر و باز )) *٣٠٨*

ئەو پێی وایە؛ ئەم هۆنراوەیە' قووڵە و بە هۆنراوەیەکی ئاینیی دادەنێت و پێی وایە؛ دەشتی حیجاز؛ کە مەزاری پێغەمبەران و چەندان پیاوچاکی تێدایە؛ هەرگیز لە شێخ ڕەزا ناوەشێتەوە؛ ناماقوڵیی

دەربارەی ئەو شوێنە پیرۆزە کردبێت و دەشڵێت؛ بە ڕای (شێخ خالید)ی ؛ ئەم هۆنراوەیەی جەنابتان؛ یەک پارچە؛ فەلسەفەی ئاینییە؟!
دواتریش هەر بەخۆی لە ڕاڤەی دێڕی دووەمی ئەو شیعرەدا دەڵێت: شێخ ڕەزا، ڕاستی فەرمووە، دەشتی حیجاز؛ کە پان و پۆڕی (عەرەسە یان عەدەسە) ئەو شوێنە داناوە (کەو و کۆتر و باز) لەو قوشقەڕەیەدا دەژین ؟
جەنابتان هیچ قسەیەکتان لەسەر ئەمە هەیە؟ ئایا ئەو بەرێزە پێکاویەتی؟

شێخ ڕەزا: ئەی چۆن قسەم نییە ! ئەو (عومەر عەزیز مەحویی)ە، دیارە کەرێتیی لە باپیریەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە، ئەگەر درۆی بەدەم باپیریەوە نەکردبێت ! بەڕاستیی من نازانم کامەی بۆ ڕاست بکەمەوە؛ سەرەتا شیعرەکەی وێران و نابووت کردووم، کە خۆی ئاوەهایە:

(( کوزی (گازێ)؛ ئەگەزێ کێر، وەکوو گاز
بەری عەرسەی پانە، وەک دەشتی حیجاز
قیتکەیەکی هەیە، وەک کێوی (دەماوەند) ئەعلا
پڕ لە هێلانە کەو و قشقرە و کۆتر و باز )) *٣٠٩*
ئەو داماوە! لە شیعر تێناگات، کەچیی ڕاڤەشی ئەکات! کێوی (دەماوەند)ی کردووە بە گردی (دەماوەند)! ئاخر کێ بیستوویەتی؛ (دەماوەند) گرد بێت؟! یان کێ بیستوویەتی؛ (پرد) بۆ باز و کۆتر و قشقەڕە بشێت؟! یان ئەوەی کە وتوویەتی: کۆتر و باز لە قوشقەڕەدا ئەژین!! نەیزانیوە؛ (قشقەڕە)ش هەر باڵندەیە! وای زانیوە؛ (قشقەڕە)، دارستانە!
(عومەر عەزیز) پێی وایە کە خەڵک لەو شیعرەی من تێنەگەیشتوون ! کەچیی لە ڕاستییدا ئەوی لێی تێنەگەیشتبێت؛ تەنیا خۆیەتی! ئاخر بڵێ زەلام! شیعرێک کە باسی (کێر) و (کوز)ی تێدا بێت؛ ئیدی چۆن ئەبێت؛ شیعرێکی قوڵی ئاینیی بێت ! بەستەزمانە؛ تەنیا وشەی (حیجاز)ی بینیوە؛ ئیدی پێی وایە باسی خواپەرستیی ئەکات، وەک ئەوەی؛ هەرچیی قسەیەک باسی حیجازی تێدا بوو؛ ئەوا قسەیەکی ئاینییە ! من تەنیا (کوز)ی ئافرەتێکم چواندووە بە (دەشتی حیجاز) لە پانو بەرینییدا!
ئەمەش تەنیا زیادکاریی(موبالەغە)یە، هەروەکچۆن قیتکەی ئافرەتەکە دیسانەوە لە بەرزییدا؛ چواندوومە بە کێوی (دەماوەند)! ئەمەش دیسا هەر زیادکارییە .هەر قسەیەک وشەیەکی وەک (کەعبە یان حیجاز یان مەککە)ی تیا بوو؛ مەرج نییە قسەیەکی سۆفییانە و ئاینییانە بێت !
ئەو شیعرە؛ باسی قیتکەی قوز و چرووپریی تووک ئەکات، کە وەک داری مێشە و جەنگەڵێکی چڕ؛ سەریان بەیەکدا کردبێت ! ئیتر ئەبێت چیی مانایەکی ئاینیی و چ قسەیەکی قۆڕی تیا بێت، من ئەو شیعرەم لە هەجووی (گازێ خاتوون)دا وتووە، کە ئافرەتێکی سەرەژن و بۆشناخ و شەنگ و جوانی شاری سولەیمانیی بوو، خاوەن حەمامێک بوو لە سولەیمانیی، بە ناوی خۆیەوە (حەمامی گازێ)، ئەو ئافرەتە؛ ڕەوشتبەرز و ناودار و خانەدان بوو، هۆکاری هەجووکردنەکەی بە هۆی کوڕەکەیەوە بوو ، کە لەگەڵ دەستەیەکی دیکەدا لە دژی من ئەوەستانەوە و ببوو بە ماعیری دەرباری (سەید ئەحمەدی بابا ڕەسووڵ)! خۆیشت ئەزانیت؛ ئەڵێن؛ ((ئاگر کە کەوتەوە؛ تەڕ و وشک پێکەوە ئەسووتێنێت. )) ئەوی هەوڵی دابێت لە بەرانبەر من بوەستێتەوە؛ ئەوا خۆی و بنەماڵەکەشی نزیک بە کوورە کردووەتەوە و هەموویان؛ لەلایەن منەوە پریشکیان وێ کەوتووە!

..................................................

گەدایی: (مستەفا نەریمان)یش دەڵێت: (( شێخ ڕەزا، لە هەر مەیدانێکدا؛ ئەسپی خۆی تاو دابێت؛ گۆی هونەری بردۆتەوە )) *٣١٠*

شێخ ڕەزا: ئەمە ڕاست نییە؛ چونکە بەخۆم ددانی پیادا ئەنێم؛ بە نموونە من شیعری دڵدارییم کەمە . زۆر خۆم لە قەرەی نەداوە و ئەو کەمە شیعرە دڵدارییانەش؛ هەستێکی قوڵی دڵدارییانەم پێ نەداون، بەڵکوو ڕۆحی گاڵتەوگەپم تیادا پاراستوون، بۆ نموونە لەم دێڕەدا:

(( ســەروو و نـەی چیـن کـە لـەگـەڵ قـامەتـی تـۆ بێنە نەبەر
شەککەری خواردووە نەی، سەروو، سەری داوە لە بەرد...)) *٣١١*

لەم دێڕەدا ڕووحی گاڵتەم کردووە بە بەری دەستەواژە دڵدارییەکاندا و بە (سەروو و نەی) ئەڵێم؛ (سەریان دای لە بەرد ! ) (شەکریان خوارد !)

ئەگەر سەیریش بکەیت لەگەڵ ئەوەشدا؛ جوانکاریی زۆرم لەم دێڕەدا کردووە، هەر بۆ نموونە نیوەدێڕی یەکەم؛ بە دوو واتا ئەخوێنرێتەوە. یەک:(( درەختی (سەروو) و درەختی (نەی)ی وڵاتی (چین)؛ ئەگەر بیانەوێت لەگەڵ تۆدا کێبەرکێ بکەن....)) واتای دووەم: (( دەرختی سەروو و نەی؛ چیی بایەخێکیان هەیە؛ کە بیانەوێت لە بەرانبەر تۆ بوەستنەوە و لە بەرانبەر تۆدا بە باڵای خۆیان بنازن ؟ ))

بێ لەوە؛ جوانکارییەکی شاراوەم لە (شەککەری خواردووە نەی) درووستکردووە، (نەی) هەمان قامیشی شەکرە . وەک ئەوەیە؛ بڵێیت (( درەختی شەکر، شەکری خوارد)) کەچیی شەکر خواردنەکە؛ واتای (گووخواردن) بدات!! هەروەها لە (سەروو، سەری داوە لەبەر ) جوانکارییم لە نێوان وشەی (سەروو) و (سەری)دا درووستکردووە .

من بۆیە خۆم لە قەرەی شیعری دڵداریی نەداوە، چونکە باوەڕم بەو قسە قۆڕ و عەشقە درۆیینانە نەبووە، بە ڕاستیی؛ بێتاقەت بووم لەوەی شیعرێکی دڵداریی بنووسم؛ کە پڕ بێت لە قسەی مناڵانە و هاتەران و پاتەران! بێم لە شیعرەکەدا؛ دڵدارەکەم بکەم بە غۆڵی بیابان و ئەژدەهای حەوت سەر و دێو و درنج، بیکەم بە دەعبایەک کە برژانگێکی شمشێرێک بێت و برژانگێکیشی تیر و برژانگێکیشی ڕم و یەکیش خەنجەر بێت، برۆشی کەوانی تیرهاویشتن بێت ! ئەمە زیاتر لە ڕۆستەمی زاڵ ئەچێت لە چیرۆکێکی ترسناکدا و لە بەشەریەت لای داوە ! ئەمجار ئەم غۆڵی بیابانە؛ برژانگەکانی کە تیرن؛ لە دڵی خەڵکی چەقاندبێت و هاژە هاژ؛ خوێن فوارە بکات و بەرپێی بوو بێت بە لافاوی نووح لە خوێندا و قارە قاری بەو خەڵکە خستبێت و هیچ گوێشیان پێ نەدات و هەرچیی لە دەستی بزیێنن و بفیێنن؛ ئەو وا بزانێت؛ بای زگیان دەرئەکەن ! لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار براژنگەکانی؛ کە تیر و ڕمن؛ ژەهراویی ئەکات تا گوێی لە قارە قاڕ و واقە واقی دڵدارەکانی ! نەبێت و بە بێدەنگیی بتۆپن ! ... دەی کەسێک پێم بڵێ؛ ئەمە شیعری دڵدارییە، یان شەڕە سەگە ! فەرموو ئەمە شیعرێکی دڵداریی مەحوییە :

(( بە سوورمە؛ بۆیە دولبەر خەنجەری موژگانی دا پەرداخ
دڵـی هـەڵـنـاگـرێ بـیـبـێ لـە کوشتـە؛ دەنگی ئۆف و ئـاخ
بـە تـیـرێ کـوشـتـمـی! هـەڵـیاوەسیم! سووتـانـدمـی! ڕۆیـی
دوعـا بـۆ حیفزی کـەن، کـێ دیـویە، جـانـانـە وا گـوسـتـاخ ...))! *٣١٢*

(شوکری فەزڵیی)یش؛ لە سای شیعرە هەجووکارییەکانی لەگەڵ من بوو، کە ناسناوی پەیدا کرد، دەنا ئەگەر سەد سڵی دیکەش شیعرە دڵدارییە بێماناکانی بنووسیایە؛ ناوبانگی لە گەڵ خۆیدا؛ ئەچوویە ژێر گڵەوە . (شوکریی)یش؛ شیعرە دڵدارییەکانی؛ پڕن لەو قسە قۆڕانە، بۆ نموونە؛ دێڕێکی هەیە، هەروەک دێڕەکەی (مەحویی)ە:

(( از سرمـه آبداده خدنگ نگاهرا
آری خموش کشته بسی بیگناهرا...)) *٣١٣*

واتە: ( بە سوورمە؛ یار کە برژانگەکانی خۆی ڕشت.....بەبێدەنگیی؛ چەندی خامۆش کردن و کوشت )
من حەزم لەم جۆرە شیعرانە نییە و فیشقیاتیشم پێی دێت، هەر لە داخی ئەم شیعرانەشە، کە من دەستەواژە دڵدارییەکانم کردووە بە فیشقیات...ئەوی ئەوان بە ئاخ و ئۆف و کڕووزانەوە؛ باسیان کردووە لە دووری یار، من بە (واقە واق) باسم کردووە!

(( واقـە واقـی دڵـمـە؛ بـە دەسـتـی فـیـراقـەوە
وەک ڕێوی؛ کە هەردوو گونی بێ بە فاقەوە...! )) *٣١٤*

شیعری دڵداریی سەردەمی من؛ هەروەکوو شیعرە دڵدارییەکانی تەمەنی لاویی خۆم؛ سیخناخ بوو لە وشەی قۆڕ و لاڵانەوە و پاڕانەوەی و نووزانەوەی بێ مانا و قسەی پڕوپوچ و وڕێنە و وشەی زل و قەبە و ناوبۆش و وێرانە و شاعیرەکانی بە حەواوە ئەگەڕان و هەڵیت و پڵیتیان ئەوت؛ من پێم وا بوو؛ شیعر ئەبێت گرێدراوی کۆمەڵگە بێت و ئەبێت شاعیر بتوانێت لە ڕێی شیعرەوە هەموو گوزارشتەکانی خۆی بگەیەنێت ... ئەبێت شیعر باسی نادادییەکانی کۆمەڵگەی تیا بکرێت و لە ئاستیاندا؛ چاو نەقوچێنێت. ئەگەر ئەو ناحەقیی و کارە دزێوانەی کە شایانی تانەلێدان بوون؛ لە ئاستیاندا بێدەنگ بوومایە و تانە و هەجووم لێ نەدابان و داخ و دەردی دڵی خۆم هەڵنەڕشتایە؛ ئەوا تووشی گرێی دەروونیی ئەبووم !

(( واجب اولدی ایدمیم درد دلک اضهاری
یوقسە دل علتنە منجر اولور اضماری... )) *٣١٥*

بۆیە خۆم لە شیعری دڵداریی دوورە پەرێز گرتووە، چونکە کە شاعیرەکانی ئەوێکات؛ وەک ئالیکی مانگا هەر ئەیانجاوییەوە و تامیان لێ بڕیبوو، ئەمە وای لێکردم؛ ڕێبازی هەجووکاریی هەڵبژێرم. ناشڵێم بە تەواویی خۆمم لە شیعری دڵداریی دابڕیوە، بەڵکوو تاک و تووک شیعری دڵدارییم وتووە. بەڵام ئەو چەند شیعرەش زۆر خۆمم تیایاندا قوڵ نەکردووەتەوە و حەقی تەواوی خۆیانم نەداونەتێ. کەسێکی وەک (حاجی قادری کۆیی)یش بێزاریی خۆی لەو جۆرە شیعرە دڵدارییانە دەربڕیوە و توانجی لەو شیعرانە داوە کە

(( شاعیر و شێخ و خواجە دەربەدەرن
لـە قسـەی بێـنـەتـیـجـەدا دەمـرن
بـاسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو
نـەبـڕاوە، بــووە تــڕی خــوســرەو )) *٣١٦*

حاجی قادر، لە تاوی لاوییدا سەرەتا لە شیعری دڵدارییەوە شانی نایەبەر، بەڵام دواتر لەو لایەنە تەکییەوە و ڕووی لە شیعری کوردایەتیی نا، زۆرێک لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆییش ڕەنگە وا بزانیت کە شیعرێکی دڵدارییە، بەڵام وا نییە و بۆ مەبەستێکی تر وتراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حاجی هێشتا کەڵکەڵەی شیعری دڵداریی لە ێشکیدا دەرنەچوو بوو خۆیشی جارجارە ئەچووەوە سەر تڕی خوسرەوەکە و ئاوازێکی ئەژەند! واتە ئەمەش بۆ حاجی ئەبێتە دووفاقییەک وەک ئەوەی ئەڵێن؛ ((لە ناڵیش ئەدا و لە بزماریش)) بە نموونە هەر حاجی خۆیەتی کە ئەڵێت:

(( موتاڵای دەوری زوڵفەینی موسەلسەل
ئـەوەنـدەم کـردووە لێم بوو بـە سەودا )) *٣١٧*

یان جارێکی تر ئەڵێت:

(( گـەلاوێژە گـەلاوێژی دوو چاوت
درەوشاوە، سەروریشم سپی بوو )) *٣١٨*

..............................................................

گەدایی: بەڵام شیعری دڵداریی جوانت هەیە، بۆ وێنە ئەو شیعرەی کە وەک (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) دەڵێت: بۆ کچە جافێکت وتووە:

(( شیرین وەکوو خوسرەو، پسەری هورمزە جافە
چاو مامزە، لێو قورمزە، ئیمان سزە، جافە )) *٣١٩*؟

شێخ ڕەزا: من ئەو شیعرەم بۆ (کاکە جاف کوڕی کەریم ئاغا) وتووە، کە لە بنەماڵەی غەفووریی کۆیە بووە، نەک بۆ کچێک... هەر لە شیعرەکەدا ئاماژەم پێداوە کە (پسەر)ە واتە (کوڕ)ە !! ، ئەوجار ئەگەر کچ بوایە لە شیعرەکەدا ئەم شوبهاند بە (لەیلا، زولەیخا،...) نەک ئەوەی بیشوبهێنم بە (خوسرەو و تەیموری لەنگ و جەنگیزخان) کە پیاون ! (شیرین وەکوو خوسرەو) جوانکاریی تێدا کراوە و مەبەست لەوەیە ئەم کوڕە؛ (خوسرەوێکی لەبەر دڵان و شیرینە) نەک ئەوەی کە وتبێتم(شیرین)ی دڵداری (خوسرەو)ە !
من هەر لە بارەی هەمان (کاکە جاف)ەوە وتوومە:

(( بەجێ ما (کاکە جاف)،خۆی و کڵاوی
دەری کرد، ئافەرین خەری گڵاوی )) *٣٢٠*

........................................................................

گەدایی: پێم وایە هەندێکجار لە شیعردا؛ کەوتوویتە هەڵەوە . هەندێکجار پێت هەڵخلیسکاوە و هەندێک شتی دووفاقییت وتووە و چەند جارێک لە شیعرەکانتدا تیری نیشانەت سەری کردووە و نەتپێکاوە ؟ بۆ نموونە لە شیعرێکدا وتووتە:
(( عومرم گەیی بە هەشتا، کێرم بەکارە هێشتا )) *٣٢١*...کەچیی لە شیعرێکی دیکەدا؛ تەواو پێچەوانەی ئەم قسەیەت وتووە:

(( دەست بە گۆچان ئەگەڕێ ئێستا، لەبەر زیعفی وجوود
مەترەقە سەرزلەکەی؛ قووەتی جارانی نییە )) *٣٢٢*

ئەمە جگە لەوەی کە ئێوە نەگەیشتوونەتە تەمەنی هەشتا ساڵیی ؟!

شێخ ڕەزا: ئەو دوو شیعرە پێچەوانەی یەکدی نین... (عومرم گەیی بە هەشتا)؛ ئەمە زیادکاریی(موبالەغە)یە و تەنیا مانای پیشاندانی پیرییەکی زۆرە . ئەوجار هەردوو شیعرەکەش هەمان مانایان هەیە ! لە شیعری دووەمدا نەم وتووە؛ ( ئالەتەکەم؛ قووەتی نەماوە ) بەڵکوو وتوومە؛ (قوەتی هەیە، بەڵام هەمان قوەتەکەی جارانی نییە) لە شیعری یەکەمیشدا هەمان شتم وتووە؛ کە (هێشتا قووەتی هەیە و بەکارە)...شیعری دووەم نەک هێنانە خوارەوەی خۆم بێت؛ بەڵکوو هێشتا پەسنی خۆمی تێدایە کەسێک (مەترەقی سەرزل)ی هەبێت و لە (پیریی)دا قووەتی تیا مابێت کە لە کێلان دەری بهێنێت و بیوەشێنێت؛ ئەمە پەسنە یان کەم نواندن ؟!

........................................................................

گەدایی: ئایا کوڕەکەی گازیَ؛ پیاوی دەرباری بنەماڵەی (سەید ئەحمەدی خانەقا) بوو و ئەوان بەکرێیان گرتبوو؟

شێخ ڕەزا: نەخێر، مەسەلەکە بەکرێگرتن نەبوو، بەڵکوو مەسەلەی خزمایەتیی و کەسایەتیی بوو، ئاخر دایکی (سەید ئەحمەدی بابارەسووڵ) ئەکاتە پووری کوڕەکەی گازیَ، چونکە دایکی (سەید

ئەحمەدی بابا ڕەسووڵ)؛ کچی (عەزیز ئاغای مەحموود ئاغای مەسرەف)ە *٣٢٣* (گازێ)، ژنی ئەحمەدی عەزیزئاغا (مصرف) بوو *٣٢٤*
(عەزیز ئاغا)ی باوکی (ئەحمەد ئاغا) وەزیری دارایی میرنشینی بابانەکان بووە، لە سەردەمی (ئەحمەد پاشای بابان)؛ لە ساڵی (١٨٣٨م) بەدواوە؛ کاربەدەست بووە ، باوکی (عەزیز ئاغا)ش؛ واتە (مەحموود ئاغای مەسرەف)؛ بە هەمان جۆر؛ کاربەدەستی میرنشینی بابان بووە و هەر ئەویش کوڕەکەی ئامادەکردووە و باری هێناوە؛ کە جێی بگرێتەوە .

..........................................................

گەدایی: جەنابتان؛ هەجووی (زێوەر)ی هۆنەریشتان کردووە، وەک (د. موکەرەم تاڵەبانیی) دەڵێت: بەڕێزتان؛ هەجووی (زێوەر ١٨٧٥-١٩٤٨م)ی شاعیرتان کردووە، بە شیعرێکی حەوت دێڕیی کە تەنیا دێڕی یەکەممان دەستکەوتووە، کە ئەمەیە:

(( لە بۆ مەغبووریی و لێڵیی؛ دوو، سێ تێلام لە (زێوەر) دا
وەکوو شەخسێ؛ کە چەند کێرێ؛ لەسەر چەشمەی قوزێ وەردا )) *٣٢٥*

شێخ ڕەزا: من نازانم (زێوەر) کێیە و شیعرەکەی من باسی زێوەری تیا نییە، بەڵکوو باسی (زێ)م کردووە، واتە(ڕووبار، زاب) ئەو کابرایە؛ بە دەستکاریی کردنی شیعرەکەی من؛ واتا و مەرامی شیعرەکەی منی گۆڕیوە، کە خۆی ئاوەهایە:

(( لەبۆ مەغبووریی و لێڵیی؛ دوو، سێ تێلام لە (زێ) وەر دا
وەکوو شەخسێ؛ کە چەند کێرێ؛ لە سەرچەشمەی قوزێ وەردا )) *٣٢٦*

شیعرەکەی من؛ تاکبەیتە و حەوت دێڕ نییە، وەک ئەوەی ئەو کابرایە وتوویەتی . کە تەنیا قسەی گیرفانی خۆیەتی، دەنا کورد وتەنیی؛ ئەگەر داکی درۆت نەگاوە؛ کوانێ شەش دێڕەکەی تری ؟!

..........................................................

گەدایی: (میرانی خدربەگ) کێیە ؟ چەند جارێک لە دیوانەکەتاندا، نێوی هاتووە، بەڵام کەس ئاماژەی پێ نەداوە کە کێیە . بۆ نموونە؛ وەک لەم شیعرەدا؛ نێوی هاتووە:

(( گەرچیی میرانی خدربەگ؛ مودەتێک قورعەی نەدا
پار لە خۆشناو؛ قورعەیان کێشا، گەلێکیان پێوەکرد )) *٣٢٧* ؟

شێخ ڕەزا: (میرانی خدر بەگ) ئەسڵی ناوی خۆی؛ (خدر بەگ)ە و کوڕی (قادربەگ)ی کوڕی (بارام بەگ)ە، ناوبراو سەرکردەی ناوچەی خۆشناو بوو، وشەی (میران) ناسناوی میرێتییە و وەپاڵ زۆربەی میرەکانی خۆشناو دراوە، لەبەرئەوەی ناوبراو حەجیشی کرد بوو؛ پێی ئەوترا (حاجی میرانی خدر بەگ) *٣٢٨*
ئەم (میرانی خدر بەگ)ە؛ کەسایەتییەکی هەرە ناسراوی خۆشناوەتیی بوو، لە میرەکانی تریش زیاتر لێهاتوو بووە، ناوبراو کەسێکی دیندار و دادگەر بوو، هەروەها دۆستی شاعیران و زانایان بوو، دۆستایەتیی من و ئەویش؛ گەلێک خۆش بووە و هەموو ساڵێک؛ بەتایبەتیی لە تووتنی (بێشەما) قسووریی لێ نەئەکردم *٣٢٩*، چەندجار بە شیعر پەسنیم داوە، چەند جارێکیش بۆ سوعبەت و شۆخیی؛ سووکە هەجوویەکم کردووە، وەک ئەمەی لەم شیعرەدا هاتووە، لە بەرئەوەی زوو سەروبۆر بۆ پیتەکان نەبوو، بۆیە بە (گەلێکیان پێوە کرد) و (گەڵێکیان پێوەکرد)یش ئەخوێنرێتەوە، بەمجۆرە دوو واتاشی ئەبێت ( گەلێکیان پێوەکرد= لێیان گیرکرد، گەڵێکیان پێوەی

نا، لەبەری نیشتن !) ، هەروەک دەستەواژەی (بزێکیان پێوەکرد) وایە . واتای دووەم: (گەلێکیان کرد بە قورعەوە، زۆرێکیان لێ بە سەرباز گرتن) یان بە واتایەکی تریش (زۆریان بۆی برد !) دەوڵەتی عوسمانیی؛ لە سەردەمی (شاهین بەگ)ی بینباشی؛ بەزمی قورعەڕاکێشانی داهێناوە،کارەکە ئاوها بوو؛ هەرکەس کاغەزەکەی پیتی قاف (ق)ی پێوە بووایە؛ کە لە قورعەکە ڕای کێشا بوو؛ ئەوا ئەیانبرد بۆ سەربازیی *٣٣٠* ، هەروەکوو لە شیعرێکی تورکییمدا؛ هەجووی ئەو (شاهین بەگ)مم کردووە، کە دۆستێکی منی قاف کردبوو، واتە پیتی قافی لە قورعەکە بۆ هاتبووەوە و بە سەرباز برابوو .

..............................................................

گەدایی: ئایا هەر لەسەر ئەوە کوژرا کە سەربازی نەدەدایە حوکمەتی عوسمانیی؟ چونکە دەزانم لە شیعرێکی فارسییدا؛ باسی کوژرانی ئەو (میرانی خدر بەگ)ە دەکەیت:

(( آنچه بلباس بخوشناو و به آکو کرده است
نشنیدم که ببغداد (هولاکو) کرده است
گر چه (میران خدر بگ) نه بحق شد مقتول
کشتنش؛ به کسبی غصب تماکو کرده است )) *٣٣٠* ؟

شێخ ڕەزا: نەخێر، بەڵکوو وەک لەشیعرەکەدا باسم کردووە؛ لەسەر توونتنی بێبایەخ کوژرا، مەسەلەکەش ئەوەیە؛ عەشرەتی ئاکۆ؛ دەستیان بەسەر کاروانێکی توونتنی هۆزی بڵباسدا گرتبوو، لە نێوان هۆزی ئاکۆ و پیران؛ لە دەشتی بتوێن شەڕ ڕوویئەدات. حەمەد ئاغای سەرۆکی هۆزی ئاکۆ؛ هانا بۆ حاجی میرانی خدر بەگ ئەهێنێت کە یاریی بدات. *٣٣١* لەولاشەوە هۆزی بڵباس؛ بە پاڵپشتی مەحموود بەگی قایمقامی ڕانیە؛ هێرش ئەکەنە سەر عەشرەتی ئاکۆ و خۆشناوەتیی و هەر لەو شەڕەدا؛ (میرانی خدر بەگ) ئەکوژرێت *٣٣٢*، لەسەرکێلی گۆڕەکەشی ساڵی مردنەکەی تۆمارکراوە: (( هذا قبر المرحوم المغفور له خضر بیگ ابن المبرور عبدالقادر بیگ، توفی ١٣١٢ هجری )) *٣٣٣* ئەو ساڵە؛ ئەکاتە (١٨٩٤-١٨٩٥)ی مەسیحیی .
دوای شەڕەکەش؛ (مەحموود ئاغا)ی سەرۆکی هۆزی ئاکۆ و چەند گەورەپیاوی هۆزی خۆشناو؛ دەستگیر ئەکرێن و لە سەرای حوکمەت توند ئەکرێن .
جا وەک چۆن دۆست بووم لەگەڵ (میرانی خدر بەگ)؛ ئاوهاش دۆستایەتییم لەگەڵ سەرداری هۆزی ئاکۆ هەبوو، بۆیە بە گرتنی ئەویش؛ گەلێک دڵتەنگ بووم و بە ئەرکی خۆمم زانی؛ کە شیعرێک بۆ (مەحموود بەگ)ی قایمقامی ڕانیە بنێرم و تکای لێ بکەم؛ سەرۆکی هۆزی ئاکۆ ئازار نەدات و ئازادی بکات. وەک وتوومە:

(( شعار خویش مکن شیوهء هولاکورا
بجان من؛ مرنجان رئیس آکورا
مخور فریب بحرف و دروغ مدعیان
ز بنده بشنو، مشنو حدیث بدگورا )) *٣٣٤*

واتە:

مەیکە بە سەرمەشقی خۆت؛ ڕەفتاری هۆلاکۆ
تو گیانی من؛ مەڕەنجێنە سەرداری ئاکۆ
تەفرە مەخۆ؛ بە قسەی درۆی ناحەزانی
لە من ببیە و مەبیستە قسەی کەسانی بەدگۆ

..............................................................

گەدایی: قایمقامی ڕانیە؛ بەگوێی کردیت؟

شێخ ڕەزا: نەخێر بە داخەوە. ئەو کەڵەپیاوە و چەن کەڵەپیاوی تریش؛ کە لەگەڵ ئەودا گیرا بوون؛ هەر لە زینداندا سەریان نایەوە.
نەگبەتیی عەشرەتی ئاکۆ و خۆشناوەتیی هەر بەمەوە نەوەستا و تەواو نەبوو، هەر دوو،سێ ساڵ دوای ئەوە؛ (تەقیەدین پاشای دیاربەکر) کە هاتە عێراق؛ هەڵی کوتایە سەر عەشرەتی ئاکۆ و تاڵان و بڕۆی تێخستن و (موراد ئاغا و حارس ئاغا و حەمە ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغا)ی لێ گرتن و لە زیندانی توند کردن .
(موراد ئاغا) لە بەندیخانەی (کەرکووک) سەری نایەوە : لە شیعرێکدا کە بۆ شیوەنی (موراد ئاغا) وتوومە؛ باسی (حارس ئاغا)شی تیا هاتووە:

(( درێغ بۆ خانەدانیی (حارس ئاغا)ی سەروەری ئاکۆ
کە جێگەی عەیش و عوشرەت، مەنبەعی ئەمن و ئەمانێ بوو

هەر لەو شیعرەدا:

بە نامەردیی شەهیدیان کرد، وەکوو حەمزە و عومەر، دوژمن
(موراد ئاغا)، کە ڕۆژی جەنگ و دەعوا؛ قارەمانێ بوو
کەسێ ئەو سەرووی ڕەعنایەی لەپێ خست؛ گەردنی بشکێ
چ زێبا سوورەتێ یا ڕەب؛ چ شیرین نەوجەوانێ بوو )) *٣٣٥*

هەر بۆیەش بڕیارمدا ئەو کەمە مووچەی کە حوکمەتی عوسمانیی وەکوو خێر پێیان ئەدام؛ لە خوام بوێت و لەوانم نەوێت. *٣٣٦*

(( ئیتر نەتبێ لە موڵکی ڕۆم؛ (ڕەزا) ئومێدی ئاسایش
لەپێش ئەم کارەدا؛ ئومێدی تۆ بەو؛ پارچە نانێ بوو )) *٣٣٧*

........................................................................

گەدایی: پێشتر باسی ئەوەت بۆ کردم کە لەبەرئەو هۆکارە؛ وازت لە مووچەکەت هێناوە، بەڵام ئەوی کە من سەرنج دەدەم ئەوەیە؛ لەگەڵ ئەوەی جەنابتان ئەو شیعرەتان لە بۆ گیران و مردنی دۆستەکانتان وتووە؛ کەچیی هەجووێکی ئەوتۆی تیا نییە بۆ بکوژ و بگیرانیان و لەچاو شیعرەکانی دیکەتان؛ ئەم شیعرە (٢١) دێڕییە؛ کەمترین هەجووی تیادایە، ئێوە دەتانتوانی هەجووی جەرگبڕی ئەوانەتان بکردایە کە دەستیان لە ئەشکەنجەی دۆستەکانتدا هەبووە؟ کەچیی لە شیعرەکەدا تەنیا دوو نقورچکتان هاویشتووە و زەبری کاریگەرتان نەوەشاندووە، تەنیا وتووتانە (من معاشی ئێوەم ناوێ) بە بکوژەکەش دەڵێیت (ملی بشکێ)؟

شێخ ڕەزا: ڕاست ئەکەیت، بەڵام ئەو دوو قسەیەش بۆ ئەو کاتە زۆر بوون، یەکەمیان هەڵوێستنواندن و ڕەتکردنەوەی معاشە بۆ بۆ دەرخستنی نارەزایی و داخی دڵی خۆم... قسەی دووەمیشیان؛ بۆ ئەوێکاتێ؛ لەخۆیشی سەرو زیاد بوو، چونکە (تەقیەدین پاشا) ئەوکات گوێی بە حەق و ناحەق نەئەدا، جگە لەو بەڵایەی بەسەر ئاکۆ و خۆشناودا هێنای؛ بەڵکوو ڕانیە و کۆیەشی لە (هەمزاغای مەنگوڕ) و بنەماڵەی غەفوورییان کردە گرتن و بڕین و کوشتارگە و تەڕ و وشکی پێکەو ئەسووتاند، (مامەند ئاغا و هەمزە ئاغا)ی گرت و لە بەغداد بەندی کردن، دواتر (هەمزە ئاغا)ی ڕەوانەی ئەستانە کرد. هەر لەو ماوەیەدا کە (ئەختەر)ی شاعیر؛ بە شیعر هەجووی ئەم (تەقیەدین پاشا)یە و دەوڵەتی عوسمانیی کرد؛ لەسەر ئەو ناحەقییانە . لەسەر ئەمە؛ (تەقیەدین پاشا)،

(ئەختەر)ی دوورخستەوە بۆ شاری (حیللە) *۳۳۸* لەکاتێکدا (ئەختەر) ئاغا و خانەدان و ناودار و دەوڵەمەند و خاوەن بنەماڵەش بوو، ئەوێکات من نەمئەویست خۆم بە دەردی (ئەختەر) بەرم .

...............................................................